میهرداد ئیزەدی

# ئاین و
# تایفە ئاینی‌یەکان لەکوردستاندا

وەرگێڕانی لەئینگلیزی‌یەوە
**کامەران فەهمی**

**بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)**



**سلێمانی ٢٠٠٢**

**ناوی کتێب: ئاین و تایفە ئاینی‌یەکان لەکوردستاندا**
**نووسەر: میهرداد ئیزەدی**
**وەرگێڕانی: کامەران فەهمی**
**چاپی یەکەم ٢٠٠٢ سلێمانی**
**پیتچنین: تاهیر شکور، سازان عومەر**
**هەڵەبڕ: عیرفان ئەحمەد، دلێر عەباس**
**مۆنتێر: شۆڕش ئەحمەد**
**ژمارەی سپاردن: (٤٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٢**
**بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)**

## ناساندن

نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە، میهرداد ئیزەدی، کوردی ئێرانەو پرۆفیسۆرە لەبەشی زمانو شارستانێتییەکانی رۆژهەڵاتی نزیک لەزانکۆی هارڤاردی ئەمریکا. میهرداد بڕوانامەی ماستەری لەپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو جوگرافیاو لێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بێلەوەی کە دکتۆرای لەلێکۆڵینەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی کۆلۆمپیا لەئەمریکا وەرگرتوە. ساڵی ١٩٩٢ ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەگەڵ چەندین لێکۆڵینەوەی تر لەکتێبێکدا بەزمانی ئینگلیزی بەناوی (The Kurds) لەزانکۆی هارڤارد بڵاوکردەوە.

کتێبی The Kurds لەدە فەسڵ پێکهاتوە، فەسڵی پێنجەمی کە ٣٥ لاپەڕەی کتێبەکەی داگیرکردوە (١٣١-١٦٦) تایبەتە بەئایینو تایفە ئایینییەکانی کوردستان. میهرداد لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەبارەت بەئایینو تایفە ئایینییەکانی کوردستان چەندین راو بۆچونو شیکردنەوەی تازەی سەبارەت بەئایینو تایفە ئایینییەکانی کوردستان باس کردوە کە بەدەگمەن لەسەرچاوەیەکی تردا بەو شێوە قوڵو ئەکادیمییە بەدی دەکرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کاتی خۆی لەلاپەڕەکانی ٣٦-١١٠ی ژمارە ٣ی ساڵی حەوتەمی ئابی ١٩٩٩ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بڵاوکراوەتەوە. بەڵام لەبەر گرنگیی لێکۆڵینەوەکە پێمان باش بوو جارێکی تر بەشێوەی کتێبێکی سەربەخۆو بەتیراژێکی زۆرەوە بڵاو



بکرێتەوە بۆ ئەوەی بەئاسانی بگاتە دەستی ئەو رۆشنبیرو ئەکادیمییانەی کەبایەخ بەمەسەلە ئایینیو تایفەگەریو مێژووییەکانی کوردستانو ناوچەکە دەدەن.

گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیەی میهرداد لەوەدایە کە بەدیدو روانگەیەکی نوێوەو بە بەکارهێنانی شێوازی شیکردنەوەی مێژوویيو زمانەوانیی نوێ بۆ دەقو سومبولە ئایینییەکان گەیشتۆتە چەندین راو بۆچونێکی تازە کە زۆر لەگەڵ بیروباوەڕی باوی ئێستا جیاوازن. میهرداد لەلێکدانەوەکانیدا زۆر داهێنانی تازەی هێناوەتە نێو ئەم بوارە، جگە لەمە خودی شێوازی لێکدانەوەی میهرداد ئەکادیمیو نوێیە.

لەڕاستیدا دوو فەسڵی تری کتێبەکەی میهرداد لەژمارەکانی ٢١و ٣٠ی گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بڵاوبونەتەوە. وەرگێڕانی سەرجەم فەسڵەکانی ئەم کتێبە کارێکە خزمەتێکی زۆری زمانو مێژوو وکۆمەڵناسیی کورد دەکات. بەو هیوایەی لەئایندەدا بتوانین ئەم کتێبە بە نرخەی میهرداد وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی.

**مەکتەبی بیروهۆشیاری**
**سلێمانی ٢٠٠٢**

## تێڕوانینی گشتی

زیاتر لەهەزارساڵ پێش پەیدابوونی مەسیحیەت، دانیشتوانی کورد زمانو کەلتورو توخمەکانی پەرەسەندنی هندۆ-ئەوروپاییەکانیان لەخۆگرت، لەئاکامدا نەریتە ئاینییە ئارییاییەکان تێکهەڵکێشی بیروباوەڕە رەسەنەکانی کورد بوون. ئاینەکانی زەردەشتی*، جولەکایەتی، مانییاتی Manichaeism** و مەسیحیەت یەك لەدوای یەك کشانە سەر کوردستان. سێ پەرستگا زەردەشتییەکەی ئاگری پیرۆزی ئازەرگوشەپ لەشوێنی پیرۆزی گانزاك (تەکابی ئێستا) لەرۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر سنوری باکوری شارۆچکەی بیجار دروست کراونو ئاسەوارە بەسامو شەوکەتەکەی پەرستگاکان تا ئێستا ماون. سەرەڕای ئەمە، دینی زەردەشتی نەیتوانی بیروباوەڕی رێژەیەکی ئەوتۆی کورد بگۆڕێ. ئەوی راستیش بێ، ئاینە رەسەنەکانی کورد، سەرباری ئەوەی کە کاریگەریی قوڵیان لەسەر دینی زەردەشتی بەجێ هێشت، دووجار هەوڵیاندا دینی زەردەشتی لەبۆتەی خۆیاندا بتوێننەوە. هەروا کوردستان لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی تازەی ئاشورەوە جولەکەی سورگومکراوی تێدا پەیدا بوو. وەك لەتەلموددا*** باس

---

* زەردەشتی: ئەو ئاینەیە کە زەردەشت پێغەمبەر لەدەوروبەری سەدەی حەوتەمی پێش زاین دایهێناو لەسەردەمی ساسانییەکاندا بوو بەئاینی رەسمی دەوڵەت، باوەڕی بەخواوەند ئاهورامەزدا، رۆژی قیامەت، بەهەشتو دۆزەخ هەبوو (وەرگێڕ).

** مانییاتی: ئاینی مانییە کەلەسەردەمی شاپوری یەکەمدا پێغەمبەرایەتیی خۆی راگەیاندو کتێبێکی پیرۆزی بەناوی ئەرژەنگەوە داهێنا. بیروباوەڕی مانی ئاوێتە بوو لەبیرو باوەڕی زەردەشتی، جولەکایەتیو مەسیحیەت (وەرگێڕ).

*** تەلمود: گرنگترین کتێبی پیرۆزی جولەکایەتییە پاش تەورات، لەدووبەش پێکدێ: مشناو غەمارا. مشنا دابو نەریتی سەرزارەکییەو غەمارا تەفسیری مشنایە. تەلمود دو غەمارای لێك جیاوازی هەیە، یەکێکیان تەلمودی فەلەستینییە کە دەچێتەوە سەر سەدەی چوارەمو تەلمودی بابلی کە دەچێتەوە سەر سەدەی شەشەم (وەرگێڕ).



کراوە، مەرجەعە ئاینیە جولەکەکان رێیان بەو جولەکە دورخراوانە دا بانگەشە بۆ ئاینی جولەکە بکەن، ئەمانیش سەرکەوتوانە توانیان زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ناوەڕاستیکوردستان ببەنە سەر دینی جولەکایەتی. بەڵام مەسیحیەت سەرکەوتوتر بوو چونکە ژمارەیەکی زۆری کورد لەوپەڕی رۆژئاواو ناوەڕاستی کوردستاندا چونە سەر ئاینی مەسیحیەت، دواتریش ئیسلام پەیدا بوو بوە هۆی زیادبونی فرەدینی لە ناوچەکەدا. لەبیلۆگرافیاکەدا لایەنێکی هەمەجۆری: ئامارو ئیتنۆگرافیكو هەروا تێبینیی سەربەخۆ روون کراونەتەوەو خشتەی ژمارە (٥) بەشێوەیەك رێکخراوە تا لەروی چەندایەتییەوە پێکهاتەی ئاینیی کوردستان دیاری بکا (نەخشەی ژمارە ٣٨).(لەژێر سەردێڕی دابەشبونی لاوەکیی ناوخۆییدا زانیاری دەربارەی سنوری هەرێمەکان هەیە).

چاپی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ی ((ئینسکلۆپیدیای ئیسلام)) زانیاریی فرە بەنرخی دەربارەی ئیسلامو تایفەو فەرزو بزوتنەوەکانی تێدایەو باسی ئەو دینانەش دەکا کە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامو لەکاتی سەرهەڵدانیدا کاریان کردۆتە سەر ئیسلام یاخود پەیوەندییان پێوە هەبوە. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەچاپی دوەمی ئەم ئینسکلۆپیدیایە هێشتا لەچاپ نەدراوە، دەبێ چاپی یەکەمی ١٩١٣-١٩٣٦ لەبەرچاو بگیرێ. ئینسکلۆپیدیای بریتانیاش سەرچاوەیەکی بەنرخە، بەتایبەتی سەبارەت بە ئاینو جوڵانەوە ئاینییەکانی پێش پەیدابوونی ئیسلام وەك زەردەشتی، میترایی mithrasim**، مانییاتیو جوڵانەوەی مەزدەکی***

خوێندنەوەی زۆرترو ببلۆگرافیا:

---

*میترایی: پەرستنی خواوەند میترای خواوەندی روناکییە لەلای ئارییاییە کۆنەکاندا. لەسەدەی یەکەمی زایینییەوە لەنێو رۆمانەکاندا بڵاوبۆوە (وەرگێڕ).

** مەزدەکی: ئەو ئاینەیە کەمەزدەك لەسەردەمی قوباد شای ساسانیدا دایهێناو بەهۆیەوە بانگەشەی بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی کرد. لەسەرەتای حوکمڕانیی ئەنوشیرواندا دەوڵەت کەوتە وێزەی پەیڕەوانی ئەم ئاینەو چەند هەزار کەسێکی لێ کوشتن (وەرگێڕ).

A. Gabriel,Religionsgeographie von Persien (Vienna, 1971); K.E. muller, .Kulturhistorische Studien zur Genese Pseudo- islamisheer Sekterngebilde in Vorderasien (Wiesbaden,1969); Thomsa Bois, Connaissance des Kurdes (Beirut,: Khayats, 1965); Koy Envanter Etudleri (“Village Inventory Studies (of Turkey)” in Peter Andrews, ed., Ethnic Groups in the republic of Turkey (Wiesbaden: Reichert, 1989); Annual abstract of statistics, 1970 (Baghdad: Government of Iraq, 1971); Statistical Abstract 1973 (Damascus: Government of Syria, 1973); population Census 1970 (Damascus: Government of Syria, 1972); The population and Household Census, 1986 (Teheran: Iranian Census Bureau, 1987), “the secret, edition,”text available in English. An excellent resource on the Iranian Kurds remains A. Razmara, ed,. Geographical Dictionary of Iran, 10 vols. (Teheran: The Iranian Armed Forces Geographical Bureau, 1949-51); the text is in persian, and still in print.



ئیسلام.

دەوروبەری سێ لەسەر پێنجی کورد که زۆربەیان بەکرمانجی قسه دەکەن، لایەنی کەم بەناو موسڵمانی سوننەی بەمەزەب شافعین. لەشارەکانی کرماشان، کەنگاوەر، هەمەدان، قروەو بیجار له کوردستانی باشورو رۆژهەڵات لەئێران، شیعەی دوانزه ئیمامی هەیه، بێلەوه هەندێ شیعەی دوانزه ئیمامی لەمەلاتی، ئادیامانو ماراشی ئەوپەڕی کوردستانی رۆژئاوای تورکیا هەیه. بەڵام لەخوراساندا ژمارەیەکی زۆری کوردی شیعه هەیه که لەوێ، وەك هەندێ سەرچاوه بەهەڵه ئاماژەیان بۆ کردوه، زۆرینه پێکناهێنن. ژمارەی کوردی شیعه دەوروبەری ملیۆنێك تا ملێونو نیویێك دەبێ، واته ژمارەیان ٥% تا ٧% ی سەرجەمی دانیشتوانیکورد دەبێ.

مەزەبی شافعیی سوننی لەسەدەی ناوەڕاستەکاندا لەنێو کرمانجەکاندا دەرکەوت. لەو کاتەدا ئێرانیش وڵاتێکی موسڵمانی بەمەزەب سوننیی شافعی بوو. له دەوروبەری کۆتاییی سەدە ناوەڕاستەکاندا خێڵاتی تورك له رۆژهەڵاتەوه گەیشتنو لەچاکترین شوێنەکانی ئەناتۆلیا نیشتەجێ بون. ئەم خێڵانه ئەو مەزەبی حەنەفییەشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا که لەناوەڕاستی ئاسیا باوه. مەزەبی حەنەفی سنگی له رۆژئاوای کوردستاندا چەقاند که لەمەوبەر خاکی بیزانته مەسیحییەکان بوو. ئەم مەزەبه جێی بەمەزەبی شافعیی کوردەکان لەق نەکرد بەڵام توانی تەریقەتی سۆفیاتیی نەقشبەندی که تایبەت بوو به ناوەڕاستی ئاسیا، لەکوردستان پەیدا بکا (بڕوانه رێبازه سۆفییەکان). ئێستا کوردەکانی سەر بەمەزەبی شافعی گەورەترین گروپی مەزەبی سوننه لەباکوری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدێنن. ئەمڕۆ کورد کەوتۆته نێوان فارسه شیعەکانو ئازەر لەرۆژهەڵاتدا، تورکه سوننه حەنەفییەکان لەرۆژئاواو باکورداو عەرەبه حەنەفییەکانی سوریاو باکوری عیراق (زێدگای مەزەبی حەنەفی) له باشوردا.

## خشتەی ژمارە (٥)

### پێکهاتەی دینیی یەکە کارگێڕییە کوردنشینەکان بەپێی ڕێژەی سەدەی

| هەرێم | ئیسلام | | تایفە یەزدانییەکان | | | مەسیحی | هیتر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سوننە | شیعە | عەلەوی | یارسان | ئێزدی | | |
| تورکیا:ئەدەنە*(*) | ٢٧,٧ | - | ٢٧,٣ | | | | |
| ئادیامان | ٧٧,٨ | - | ٢٢,٢ | | | | |
| ئاگری | ٩٥ | ٥ | - | | | | |
| ئاماسیە* | ٦٩ | - | ٣١ | | | | |
| عێنتاپ | ٩٦,١ | - | ٣,٩ | | | | |
| ئەنتاکیە* | ٦٢ | - | ٣٨ | | | | |
| بنگول | ٨٦,٧ | - | ١٣,٣ | | | | |
| بتلیس | ٩٨ | - | ٢ | | | | |
| جانکری** | ٩٩ | - | ١ | | | | |
| چوروم* | ٨٣,٤ | - | ١٦,٦ | | | | |
| دیاربەکر | ٩٦,٦ | - | ٣,٤ | | | | |
| ئیلازگ | ٨٧,٥ | - | ١٢,٥ | | | | |
| ئەرزنجان | ٩٣,٧ | - | ٦,٣ | | | | |
| ئەرزروم* | ٩٣,٧ | - | ٦,٣ | | | | |
| هەکاری | ٩٩ | - | - | ١ | | | |
| گوموشانی** | ٩٥,٥ | - | ٤,٥ | | | | |
| قەیسەری** | ٩٧,٥ | - | ٢,٥ | | | | |
| قارس | ٨٤,٨ | ٨,٢ | ٥ | - | - | ٢ | |
| کرشەهر* | ٩٢,٣ | - | ٧,٨ | | | | |
| قۆنیە* | ٩٨,٢ | - | ١,٨ | | | | |
| مەلاتی | ٧٢,٢ | - | ٢٨,٨ | | | | |
| مەرەش* | ٧٩,٥ | - | ٢٠,٥ | | | | |
| ماردین | ٩٥,٢ | - | ٢,٥ | ٥ | - | ٣ | |
| نەڤشەهر* | ٩٥ | - | ٥ | | | | |
| نگدە** | ٩٧ | - | ٣ | | | | |
| سیرت | ٨٦ | - | ٤ | - | ٦ | ٤ | |



| هەرێم | سوننە | شیعە | عەلەوی | یارسان | ئێزدی | مەسیحی | هیتر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| موش | ٩٠ | - | ١٠ | | | | |
| سیواس* | ٦٧,٥ | - | ٣٢,٥ | | | | |
| تۆقات* | ٧,٥ | - | ٢٤,٥ | | | | |
| دەرسیم | ١٣,٤ | - | ٨٦,٦ | | | | |
| نورفە* | ٩٥,١ | - | ٣,٩ | | | | |
| وان | ٩٥ | ٤ | | | | | |
| یۆزگات* | ٩٧,٧ | - | ٢,٣ | | | | |
| ئێران: ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات** | ٨,٨ | ٧٦,٩ | - | ١٤,٢ | | | |
| ئازەربایجانی ڕۆژئاوا | ٣٥ | ٥٥ | - | ٩ | | | |
| گەیلان** | ١٥,٣ | ٧٥,٦ | - | ٩,٢ | | | |
| هەمەدان* | ١٧ | ٧٧,٨ | - | ٤ | | | |
| ئیلام | ٣٤ | ٤٦ | - | ٢٠ | | | |
| خوراسان* | ١٧ | ٦٨ | ٤ | ٢ | ١ | - | ٨ئیسماعیلی |
| کرماشان | ٤٧,١ | ١٣,٨ | - | ٣٧,٣ | - | - | ١٠,٨جولەکە |
| سنە | ٧٠ | ١٣ | - | ١٦ | - | - | ١جولەکە |
| لورستان* | ٨,٦ | ٧١,٤ | - | ٢٠ | | | |
| مازەندەران** | ٢١,١ | ٧١,١ | - | ٧,٨ | | | |
| عیراق: هەولێر | ٩٤ | - | - | - | - | - | |
| دیالە | ٥٢,٥ | ٤٧,٥ | | | | | |
| دهۆك | ٨٠,٥ | ٦,٥ | - | - | ٦,٥ | ٦,٥ | |
| کەرکوك(*) | ٨٧,٥ | ٨,٣ | - | - | - | ٤,٢ | |
| موسڵ | ٧٨,٥ | ٦ | - | - | ١٠ | ٥,٥ | |
| سلێمانی(*) | ٩٧,٥ | - | - | - | - | ٢,٥ | |
| سوریا: حەسەکە | ٧٣ | - | - | - | ٣,٥ | ٢٣,٥ | |
| دێرئەلزور* | ٩٧ | - | - | - | - | ٣ | |
| حەلەب* | ٨٥ | - | - | - | - | - | ١٣,٢ئیسماعیلی |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حما** | ٥٨,٦ | - | ٢٢ | - | - | ٩,٤ | ١٠دروز |
| لازقیه** | ٢٤ | - | ٦٤ | - | - | ١٢ | |
| حمس** | ٦٠ | - | ١٦ | - | - | ٢٤ | |
| ئدلب** | ٣٨ | - | ٤٧ | - | - | ١٥ | |

بۆ زانیاری سنوری هەرێمەکان، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٤).

تێبینی: هەرێمەکانی کە ئەستێرەیان بۆ نەکراوە ئەوانەن کە زۆرینەی کورد تێیدا نیشتەجێیە. ئەوانەی یەك ئەستێرەیان بۆ کراوە، کەمینەیەکی گەورەی کوردیان تێدایە. ئەوانەش کەدو ئەستێرەیان بۆ کراوە کورد تیایاندا ١٠٪ تا ٢٠٪ ی سەرجەمی دانیشتوان پێکدێنێ. بۆ ئەو هەرێمانەش کەنیشانەیەکی ئاوایان (*) بۆ کراوە، بڕوانە ئەم تێبینیانەی خوارەوە.

تێبینی: مەزەبە دینییەکانی تورکیا وەك جەعفەری، قزلباش، عەلەوی و نوسەیری دەکرێ بەلقی عەلەوی بژمێردرێن. لە تورکیا ژمارەیەکی زۆر کەمی لایەنگرانی شیعەی دوانزە ئیمامی هەن، ئەوانەش بەگشتی لەئازەری هەرێمەکانی ئاگری، قارس و وانن. لەهەمو ناوچەکانی دیکەدا هەمو ئەوانەی سەر بەو مەزەبەن وەك عەلەوی حیسابییان بۆ کراوە.

ئامارەکان لەم روەوە تێکەڵی و پێکەڵییەکی زۆریان پێوە دیارە چونکە بەشێکی زۆری خەڵکانی کەمینە دینییەکان لە ناوچەکاندا ناو ی تایبەت بەدینەکەیان هەیەو هەندێکیان نەبا بێزار بکرێن دەترسن دینی راستەقینەی خۆیان ئاشکرا بکەن و بەدرۆ خۆیان دەخەنە پاڵ دینی رەسمیی دەوڵەتەوە. هەرێمەکانی وەك ئورفەو عێنتاپ لە تورکیا، سلێمانی، دیالەو کەرکوك لەعیراق نمونەیەکی باشن بۆ ئەو ناوچانەی کەکەمینەی عەلەوی و یارسانەکان تێیدا رێو رەسمی دینیی خۆیان بەدزییەوە جێبەجێ دەکەن. دانانی رێژەی ٢٥٪ تا ٣٠٪ بۆ ژمارەی عەلەوییەکان لەئورفەو عێنتاپ و رێژەی ١٥٪ تا ٢٠٪ بۆ یارسانەکان لەسلێمانی و دیالەو کەرکوك کارێکی ورد نیە. لەدوا دواییی هەفتاکاندا پارێزگای کەرکوك کەرت کەرت کراو لەسۆنگەی ئەمەوە پارێزگای تەئمیم تەنها شاری کەرکوك و دەوروبەرەکەی بۆ مایەوەو ناوچەکانی



تری خرانە پاڵ پارێزگا تازە دامەزراوەکەی سەلاحەدینەوە کە تکریت ناوەندەکەی بوو. لێرە ناوی ناوچەکان پەیڕەوی لەناوە رەسمیەکان دەکا.

کوردستان کەوتۆتە ناوەڕاستی خاکی موسڵمان نشین، پەنجا میل لەبەغداوەو ٢٠٠ میل لەدیمەشقەوە،کە دوو پایتەختی کەلتوری رۆحیی خەلافەتی ئیسلامیی سەدە ناوەڕاستەکانن، دورە. سەرزەمینی کوردنشین لەو سەرزەمینانە بوو کەهێزە موسڵمانەکان لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینیدا زو هێرشیان کردە سەریان. سەرەڕای ئەم هەڵکەوتە ناوەندییە کەچی کوردستان، تەنانەت لەشارەکانیش، کەم مزگەوتی تێدایە. ئایا هۆی ئەمە چیە؟

تاکۆتاییی سەدەی ناوەڕاستەکان نوسەرە موسڵمانە دەستڕۆیشتووەکانی وەك نیزامولمولك، ئەبو مەنسور بەغدادیو ئیبنولئەسیر کوردیان بەناموسڵمان ناوبردو لەراستیشدا وابوو. لەدیدی ئەوانەوە کورد موشریك بوو. پێدەچێ ئەوسا ئیسلام بەناخی کوردستاندا شۆڕ نەبوبێتەوەو تەنها کاری کردبێتە سەر دیوی دەرەوە. لەکاتێکدا کەمینەیەکی کوردی موسڵمانی جێی سەرنج لەنێو کورددا هەڵکەوت، زۆرینەی خەڵکی هێشتا لەپەیڕەوانی ئاینە کۆنەکان (تایفە یەزدانیەکان، جولەکایەتیو مەسیحیەت) بوون، ئەوانە ئامادە نەبون لەو دینانە هەڵگەڕێنەوە، تا دواتر روخساری ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابوریی کوردستان بەرە بەرە گۆڕانی بەسەردا هات. ئەم گۆڕانە لەسەدەی دوانزەهەمەوە تا سەدەی پانزەهەم لەژێر فشاری کۆچو کۆچباری وێرانکارانەی تورکە کۆچەرەکاندا بوو کە بەکوردستاندا تێدەپەڕین لەئارادابوو (بڕوانە کۆچە مێژوییەکان).

راستیی ئەوەی کەبیریارە بەراییەکانی کوردە موسڵمانەکانو ناودارەکانیان خەڵکی شاری وەك دینەوەر، سەهرەوەردو هەمەدان بون یاخود چەندەها خێلاتی وەك خەلەکانو فەزلان بەتەنیشت گروپە رەگەزییە موسڵمانەکانەوە بوە، ئەو بۆچونە پایەدار دەکا کە زۆربەی هەرە زۆری کوردی موسڵمان لەوانە بون کە تاڕادەیەك درەنگ، لە دەوروبەری سەدەی شانزەهەم دا، وەرچەرخاونەتەوە سەر ئیسلام. هاوکات لەگەڵ ئەم رێکەوتەدا باری ئابوری- کۆمەڵایەتیی کوردستان کەڕەنگە ئاماژە بێ بۆ نەبونی ئارامیو



بودجەی پێویست بۆ دروست کردنی مزگەوتی ديارو شیاوی مانەوە، وردە وردە بەرەو خراپی چو.

لەگەڵ کۆتاییی سەدەی پانزەهەم دا دینە کۆنەکان بەهۆی فشاری ئابوری- کۆمەڵایەتیی شاڵاوی کۆچەرەکانەوە بەردەوام لەکشانەوەدا بون. لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە پەلهاوێشتنی ئەو کۆچەرانە لەسەر حیسابی کشتیارە سەقامگیرەکان بوو. رەوینەوەی هێزی ئەو کۆچەرانە، دەرفەتی بۆ هاوولاتییە کوردە کرمانج زوبانە کۆچەرییەکان رەخساند کە ناوچەی هەکاری (باشوری رۆژئاوای گۆلی ورمێ)و دواتر زۆربەی شوێنەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکەن. کرمانجەکان سوننەی شافعی بونو کاتێك هێزو ژمارەیان پەرەی سەند دینەکەیان، واتە ئیسلام، فراوان کرد. بەڵام لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمداو سەرەڕای هەرەس هێنانی رێگاوبانی بازرگانی کە بەکوردستاندا تێدەپەڕیو سەرەڕای هەرەس هێنانی ئابوری کورد، ئەو کرمانجانە تینو تەوژمێکی زۆریان پەیدا کرد (بڕوانە مێژوی هاوچەرخی زوو، ئابوریی کۆچەرو بازرگانی)و بونە مایەی گۆڕینی دینی دانیشتوانە کوردە پەهلەوی زوبانە ناموسڵمانەکان لەزۆربەی شوێنەکانی کوردستانداز ئەم چەشنە تێکەڵبونە زمانیو گۆڕانە دینییە لەمەوبەریش رویدا بوو، کاتێك کوردەکانی باشوری چیای زاگرۆس ناسنامەی تازەیان پەیدا کردو بونە موسڵمانی شیعەو زمانی کوردییان بەزمانی فارسی گۆڕییەوە. ئەمانە باوو باپیری لوڕەکانی ئەمڕۆو چەند رەچەڵەکێکی تری زاگرۆسی خوارون (بڕوانە یەکتری تەواوکردنو ئاسیمیلاسیون Assimilation). ئێستا کۆمەڵی کوردەواری لەشێلگیریو تەباییو پێکەوە گونجان نزیك دەبێتەوە، ئەویش لەڕێی چونە ژێر ئاڵای زمانی کرمانجیو وەرچەرخان بەلای ئیسلامی سوننیی بەمەزەب شافعیدا.

ئەم وەرچەرخانە درەنگ وەختە نابێ وا لێك بدرێتەوە کە کەمکردنەوەیە لەبایەخی ئیسلام لەلای کورددا، بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێستاداو وردتر لەشارە گەورەکانو ئەو شارانەی کەزۆرینەی دانیشتوانیان چونەتە پاڵ گروپە

ئیسلامی‌یە پارێزگارەکانەوە. لەڕاستیدا کورد لەسەدە ناوەڕاستەکاندا زۆر بیریارو دانەریان لێ هەڵکەوتوە کە بەرهەمەکانیان بۆ تێکڕای جیهانی ئیسلام بەهای خۆیان هەیە. خەڵکانی کوردی وەك دینەوەری، ئیبنولئەسیر، ئیبن فەزلان، ئیبن خەلەکان، سەهرەوەردی‌و بەدیعولزەمانی هەمەدانی بەوە ناوبانگیان دەرکردوە کە بەشدار بون لەبەرزکردنەوەی تەلاری شارستانێتی‌ی ئیسلام دا (بڕوانە مێژوی سەدە ناوەڕاستەکان).

گروپە کوردە موسڵمانە بەمەزەب جیاجیاکان، بەتایبەتی سوننەو شیعەکان، لەوەتەی بونەتە موسڵمان ناتەبایی‌و نەگونجانیان لەنێوان دا هەبوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناتەبایی‌و نەگونجانە هەم لەگەوهەردا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ناتەبایی‌ی گروپە جیاوازەکانی شوێنەکانی تری جیهانی ئیسلامدا نەبوە هەم لە توندوتیژیداو هەم لە دوبارەبونەوەیدا. بۆ نمونە، لەناوچەی دەوروبەری شاری کرماشانی کوردستانی باشور کە مەزەبی دوانزە ئیمامی مەزەبی زۆرینەی خەڵکە، ئاهەنگی ساڵانە دەگێڕدرێ کەتێیدا لەسەر ئیقاعی موسیقادا وێنەی عومەری کوڕی خەتتابی خەلیفەی موسڵمانان کەلەلای سوننەکاندا ڕێزو حورمەتی هەیە دەسوتێنرێ (بڕوانە کەلتوری گەل). ئەمە لەکاتێکدا دەکرێ کەژمارەیەکی زۆری کوردی سوننە مەزەب هەم لەشارەکەدا هەیە هەم لە ناوچەکەداو جاربەجار ئەم کارە بۆ شەڕفرۆشتن بەو کوردە سوننە مەزەبانە ئەنجام دەرێ. شیعەگەری‌ی کورد، سەرەڕای نیشانەکانی توندڕەویی، چەندەها ڕێو ڕەسمی شەڕفرۆشکارانەو وێنەی ڕەوانبێژی‌و وێژەیی بەتایبەت بۆ ئەم مەبەستە داهێناوە. مێژوی هەمو ئەمانە بۆ سەردەمی حوکمی سەفەوییەکان دەگەڕێتەوە، کاتێك توندڕەوە شیعەکان هەمدیس چونەوە ئێران‌و ئێمەش دواتر ئەم مەسەلەیە لەژێر سەردێڕی تایفە یەزدانییەکاندا بەتێرو تەسەلی باس دەکەین (هەروا بڕوانە مێژوی هاوچەرخی زوو).

چەوسانەوەی شیعە لەلایەن سوننەوە لە ئەناتۆلیا باوتر بوو لەوەی لەئێراندا، شوێنێك کەحکومەتی شیعی‌ی فارس بۆ چەندەها سەدە خەڵکی



لەسەر ئەم کارە بەتوندی سزا دەدا. کاتێك سوڵتان سەلیمی سوڵتانی عوسمانی‌ی دڕندە لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمدا لە ئەناتۆلیا چەندەها قەسابخانەی بۆ دانیشتوانی شیعەو عەلەوییەکان (تورکمان‌و کورد) دانا، پیاوانی ئاینی سوننە مەزەبی کورد پشتیوانییان لەو قەسابخانانە کرد. لەدەیەکانی دوایی‌ی سەدەی نۆزدەهەمداو بەتایبەتی لەدەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بیریارە ئەڵمانەکان خولیای دۆزینەوەی ریشەو ڕەچەڵەکی ئاریایی‌ی خۆیان بون. ئەم خولیایە هانی دان لەئاینە ئاریایی‌یەکان بکۆڵنەوەو لە ئاینە سامی‌یەکانی جولەکەو مەسیحیەتیان بەسەرووەرتر بزانن. ئاینەکانی هندستان‌و دینی زەردەشتی‌ی فارس بۆ ئەم ناسیۆنالیستە ئاریایی‌یانە خاڵە سەرەکییەکانی جودایی بو. روناکبیرانی کورد، ئەوانەی هاموشۆی پایتەختەکانی ئەوروپایان دەکرد، کەوتنە ژێر کاریگەری‌ی بیرو ئەندێشە ئەوروپایی‌یەکان. لەئەنجامدا وەك چۆن هەڤاڵە ئەڵمانەکانیان تەماشای جولەکایەتی‌و مەسیحیەتیان دەکرد، ئەوانیش ئاوا تەماشای ئیسلامی دینی سامی‌یەکانیان کرد. بەم پێودانگە گۆڤاری وێژەیی‌و کەلتوری‌ی ((هەوار)) کە لەنێوان ساڵانی ١٩٣٢-١٩٤٣ دەردەچو (بڕوانە ڕۆژنامەوانی‌و هۆیە ئەلیکترۆنییەکانی گواستنەوە) بانگەوازی بۆ دەست هەڵگرتن لەئیسلام، ئاینی عەرەب، بڵاوکردەوەو بانگەشەی بۆ ئێزدییاتی کرد بەو پێیەی کە ئێزدییاتی سەرەڕای سەدان ساڵ چەوسانەوەی بیانی ڕەسەنایەتی‌ی نەتەوەیی‌ی کوردانەی خۆی پاراستوە. بۆچونە چەوتەکەی لایەنگرانی ئەم بیردۆزە لەوەوە سەرچاوەی گرتبو کە ئێزدییاتی لقێکی ڕاستەوخۆی زەردەشتی‌یە، ئاینێك کە نوسەرانی ئەڵمان سەری نەوازشی بۆ دادەنەوێنن.

دابەزاندنی بەهاو سەنگی ئیسلام‌و پەیوەندی‌ی بەکوردەوە (وردتر پەیوەندی‌ی بەناسیۆنالیزمی کوردەوە) تا کۆتایی‌ی دووەم جەنگی جیهان، کاتێك بیری ئاریاچێتی بەلەناوچونی ڕایخی سێیەم کوڵ‌و کۆی دامرکایەوە، زۆر باوی سەندبو. بەڵام سەرەڕی ئەمە، بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی کورد

دڵسۆزیی خۆیان بۆ دینە دێرینەکان پاراست، بایەخیان (ئەگەرچی ئەو بایەخە لەجێی خۆیدا نەبو) بەدینی کۆنی فارس (زەردەشتی)داو وەك چاوگی سروش‌و ئیلهام تەماشایان کرد. لەم رووەوە هۆزانڤان جگەرخوێن (١٩٠٣-١٩٨٤) لەزۆر بەرهەمداو بۆ ماوەیەکی زۆری تەمەندا تای دینی زەردەشتیی بەقورستر لەتای ئیسلام دادەناو مەگەر تەنها لەکۆتاییی ژیانیدا بەلای ئیسلامدا دایشکاندبێتەوە، کاتێك ناسنامەی ئیسلامی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا برەوی پەیدا کرد، ئەگەر چی لەم داشکاندنەشدا بەرچاو لێڵ بوو چونکە زیاتر بەلای ئیسلامێکی نمونەیی، ناعەرەبی‌و دور لەپیاوانی ئاین دایدەشکاند. تەنانەت ئێستاش روناکبیری پیری کوردی وا هەیە کەچەند بەلای زەردەشتیدا دادەشکێنن ئەوەندەش کەیفیان بەئیسلام نایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ناچارن لەبەئاشکرا هێرشکردنە سەر ئیسلام وریاو زرنگ بن، لەکاتێکدا بوژانەوەی دین بۆتە خەمی سەرەکیی زۆر حکومەت‌و گروپی سیاسی لەناوچەکەدا.

خوێندنەوەی زۆرترو بیلۆگرافیا:

Martin van Bruinessen, “Kurdischer Nationalismus und Sunni- Schi’i Konflikt,” in Geschichte und politik religioser Bewegungen im Iran, Jahrbuch zur Geschichte und Gesellshchaft des Mittleren Orients (Berlin/Frankfurt, 1981).



## تایفە یەزدانی‌یەکان

زۆربەی کوردە ناموسڵمانەکان لە پەیڕەوانی یەکێ لەئاینە نەتەوەیی‌یە رەسەن‌و هەرە دێرینەکانن. هەر یەکێ لەو ئاینانە لقێکە یاخود دیوێکی دەسکاریکراوی دینێکی دێرینە کە دەکرێ پێی بڵێین تایفەی یەزدانی. ناوی راستەقینەی دینەکە گۆڕاوەو پەیڕەوانی ئەمڕۆی دینەکە تەنها ناوی تایفە زیندوەکانیان هێشتۆتەوە. ناوی ((یەزدانی)) لەناوی یەکێ لەلقەکان (واتە ئێزدیاتی) وەرگیراوەو بەمانای ((فریشتەیی)) دێ. هەندێ بەڵگە هەن ئاماژە بەوە دەکەن کەیەزدانی لەراستیدا ناوی دینەکەیە پێش ئەوەی لق‌و پۆپی لێ ببێتەوە. دەشێ ((هەق)) یەکێ لەناوە لەمێژینەکانی ئەو دینە بێ‌و ئەو ناوە بێ کەدینەکە تافی پێش نەمریی پێ ناساند بێ. لەبەشی ((ئێزدیاتی))دا لەم مەسەلەیە دەکۆڵرێتەوە.

لەتایفە یەزدانییەکان تەنها سێ لق ماوە کەبریتین لە ئێزدیاتی، عەلەوی‌و یارسانی (کە بەعەلی ئیلاهی‌و ئەهلی هەقیش ناسراوە). ئێستا نوسەیریش لە خانەی عەلەوی دایەو پەیڕەوانی بریتین لە کەمینەیەکی عەرەبی سوریاو زۆربەی کەمینە عەرەبەکەی تورکیا.

ئەمڕۆ، وەك لە رابردوشدا هەروا بوە، تەواوی پەیڕەوانی ئەم تایفانە بڕوایان بەباوەڕێکی بنەڕەتی هەیە کەگوایە حەوت بونەوەری فریشتەیی‌ی نورانی هەیە کەدنیا لەحەوت بونەوەری هێزی ماددیی تاریکی دەپارێزن. باوەڕێکی هاوبەشی دیکەش هەیە کە بۆ تایفەکە بەبەردی بناغە دادەنرێ ئەویش بڕواهێنانە بەدۆنادۆن (تناسخ الارواح) بەو جۆرەی کە هەر گیانێك دەژیەتەوەو بۆ چەندین جار دەچێتە جەستەی ترەوەو لەم رووەوە بەرجەستەبونی خودایی بەرجەستەبونە گەورەو بچوکەکەی ئەو دۆنادۆنە پێکدێنێ.


تایفەکە بڕوای بەبونی گیانێکی گەردونی (هەق) هەیە کە هیچ سنورێکی نیەو هەموان دەگرێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو گیانە

**بەتەواوی لێك ترازاوەو تێوەگلانی لەجیهانی ماددیدا بەشێوەی دەركەوتنی لەمێژینەیەتی وەك هێمایەكی باڵاو هەروا لەكاتی ئافراندنی ماددەی گەردون بوە، ئەویش پاش ئەوەی كەخودی خۆی هاتۆتە بون (بەم بۆنەوە دەبێ بوترێ كە وشەی ((هەق)) وەك بەهەڵە هەندێ واتێدەگەن، ناچێتەوە سەر وشەی عەرەبیی ((الحق)) واتە راستی). ئەم گیانە جگە لە خۆگرتنو یەكپارچەكردنی دنیای ماددی لەچوارچێوەی گەوهەرەكەیدا، لە دەرەوەی كاروباری جیهانی ماددی مایەوە. بەرجەستەكاری سەرەكی، كەبوو بەپەروەردگار، لەلای هەمو لقی تایفەكاندا بێجگە لە ئێزدییاتی، وەك لەمەودوا گفتوگۆی لەسەر دەكەین، بەخودا ناسراوە. لەگەڵ پرۆسەی ئافراندندا یاخود دوابەدوای ئەم پرۆسەیە، پەروەردگار بەپێنج شێوەی دیكە خۆی نواند (بابا یاخود باب، ئەم وشەیەش دەشێ بچێتەوە سەر وشە ئارامییەكەی بابا بەمانای دەرگا یان دەروازە)، كەدواتر ئەركی بریكارەكانی خۆی سەبارەت بە درێژە پێدانو هەڵسوڕاندنی ئافراندن گرتە ئەستۆ. ئەوانە ئەو فریشتە مەزنانەن كە لەگەڵ پەروەردگارو گیانی هەمیشە ئامادەدا حەوت بونەوەرە پیرۆزەكەی سەردەمی بەرایی‌ی ژیانی گەردون پێكدێنن. ئەم چەرخەش دەبێ حەوت چەرخی تری بەدوادا بێ. هەر چەرخێكی تازەش ئەوكاتە دەست پێ دەكا كەگیانێك یاخود گەوهەری بەرجەستە بونی خودایی‌ی چەرخی پێشو لەگەڵ بەرجەستەبونە خودایی‌یە تازەكاندا دۆنادۆن دەكا بۆ ئەوەی لەگەڵ گیانەكەدا جارێكی تر ژمارەی پیرۆزی حەوت بێتەوە دی. رەنگە پاش ئەم حەوت چەرخە رەسەنەو پاش بەرجەستەبونە خودایی‌یە سەرەكییەكان ناوبەناو بەرجەستەبونی دیكە سەرهەڵداتەوە بەڵام ئەو بەرجەستەبونانە لەوانی دی كەم بایەخترن. بەهەرحاڵ، بایەخی ئەم بەرجەستەبونانەو كاریگەرییان لەسەر ئەو قۆناغەی تێیدا دەردەكەون، كزو لاواز دەبێ.**



**لەسەدەی بیستەمدا سێ كەس گەیشتنە پلەی باب یان بەرجەستەكار كەبریتین لەشێخ ئەحمەد بارزانی* (كەمەفروزە كوردی موسڵمان بێ)، سلێمان مورشید (عەرەبی عەلەوی‌ی سوریا) (بڕوانە مێژوی هاوچەرخ)و نورعەلی ئیلاهی (لەسەركردەكانی یارسان). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كریگەرییان زو رەوییەوە. بەرجەستەكراوێكی دی كە سەدەیەك پێش ئەمان سەری دەرهێنا، لە بارێكی تردا بوو. لەسەدەی نۆزدەهەمدا میرزا عەلی محەمەد پەیدا بوو كەئەمڕۆ ناوبانگی خۆی هەیەو بە ((باب)) ناسراوە. ئەم كابرایە دینی بابی‌ی داهێنا كە زۆری نەخایاند پەرەی سەندو بوو بەدینی بەهایی. ئەم دینە لەماوەی كەمتر لەسەد ساڵ لەكەنداوی فارسەوە تا بریتانیا، بەو خێرایی‌یەی كەدینی میترایی‌ی لەسەردەمە كلاسیكییەكاندا پێی بڵاو بۆوە، لایەنگری پەیدا كرد (بڕوانە بابی‌و بەهایی).**

* لەنێوان خێڵی بارزاندا شێخ ئەحمەد بارزانی پێی دەگوترا ((خودان)) واتە خوا (وەرگێڕ).





ڕێو ڕەسمو بیروباوەڕی ئەم تایفەیە بۆ خەڵکی بێگانە بەشاراوەیی ماوەتەوە. تەنانەت کاتێك پەیڕەوانی ئەم تایفەیە چەوسانەوەشیان لەسەر نەبوبێ، ڕێو ڕەسمی خۆیان هەر لەخەڵکی بێگانە شاردۆتەوە. ژمارەیەکی زۆری کتێبەکانی تایفە یەزدانی‌یەکە لەسەدەی بیستەم خرایە بەر لێکۆڵینەوەو بڵاو کرایەوە، ئەمەش یارمەتی‌ی ئەوەی دا کەسەرودەر لەسروشتی ئەم دینە کوردییە نەتەوەیی‌یە دەربکرێو بزانرێ تا چ رادەیەك بەشدارییەکی باشی لەئاینەکانی دیکەدا کردوە.

ئەم تایفەیە لەبنەرەتدا خاوەن دیدێکی جیهانی‌یەو وا دەڕوانێتە دینەکانی تر کە هەر هەمویان راگەیاندنێکی شەرعی‌ی بیرۆکە رەسەنەکەی بڕواهێنانی مرۆڤن بەگیان. دانەرانی ئەم دینانە نمونەی دەستێوەردانی بەردەوامی پەروەردگارن لەکاروباری دنیا بەشێوەی بەرجەستەکردنێکی ناوبەناو لەڕێی پەیدابونی پێغەمبەرێکی تازەوە کەرزگاربون بۆ بونەوەر دابین دەکا. بەجۆرە، هەرچی باوەڕی بەتایفەکە هەیە روبەڕوی دژوارییەکی زۆر لەگەڵ ئیسلام، مەسیحیەت، زەردەشتی‌و هەر ئاینێکی تردا نابێتەوە چونکە ئەم ئاینانە هەر هەمویان دوبارە کردنەوەی بیرۆکە دێرینەکەن. هەرچی لەم تایفەیە بێ بەلایەوە زەحمەت نیە لەکاتی پێویستدا خۆی بخاتە پاڵ هەر ئاینێکی ترەوە. دینەکانی تر کەوا دەڕواننە خۆیان کەتاکە هۆکاری نزیکبونەوەن لەخوداو تەنها خۆیان بەڕاستو دروست دەدەنە قەڵەم، وا تەماشایان دەکرێ کەتەنها پارچەیەکن لەتابلۆیەکی فرە پارچەدا: ئەم ئاینانە تەنها لەچۆنێتی‌ی دارشتنی تۆخمەکانیاندا جیاوازن ئەگینا هەمویان ئەو باوەڕەیان هەیە کەتۆخمە پێکهێنەرەکانی هەر وێنەیەك، پەروەردگار لەکاتی سەرهەڵدانی جیهانی ماددی‌ی گەردوندا بەخشیویەتی. هەمو ئەمانە هندۆییزمو رەفتاری دور لە دەمارگرژی بەرامبەر بەئاینەکانی تر، دەخاتەوە یاد.

لەهەمان کاتدا ئەم تایفەیە هەمیشە هەوڵی داوە ئەو ئاینانە کۆنترۆڵ بکا کەبەتەواوی یا بەشێوەیەکی نیوەناچڵ تەماسیان لەگەڵدا هەیەو بۆ ئەوەی ئەم کارە بچێتە سەر، چەند لقێکی تری تایفەکە لەرێی بەرجەستە بونەوە لەڕژێمە

گەردونییە دینامیکییەکەی بەرجەستەبونەوەی بەردەوامی کەسایەتییە دیارەکانی ئەم ئاینانە سەریان دەرهێنا. بۆ نمونە ڕێبازی عەلەوی زادەی هەوڵی تایفەکەیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی شیعە لەسەدەی پانزەهەمدا. ئەم بزوتنەوانە کە بەدرێژاییی مێژوی تایفەکە دوبارە بونەتەوە، نابێ وا تەماشا بکرێن کە کۆششی بەبەرنامەو خراپەکارن‌و لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی تایفەکەوە بەڕێوە براون. لەلایەکی ترەوە دور نیە تایفەکە باکی بەم چەشنە رووداوانە نەبوبێ. هەمو ئەم بزوتنەوانە گروپی جیاجیایان لە پەیڕەوانی تایفەکە پێکهێناوە، ئەوانەش بەتێپەڕبونی رۆژگارو بەهۆی پەیوەندییان بە ئاینێکی ترەوە، توانییان بەئەندازەیەك دەسکاریی ئەو دینە بکەن کە خۆیان وەك ئەندامێکی پیشان بدەن، سەولەجانی فریاڕەس هەڵبڕەو هەوڵ بدە شوێن پێی ئەم دینە هاوسێیە هەڵگریت.

هەندێ دین‌و بزاوتی کۆن کەئەمڕۆ قڕیان تێکەوتوە، وا دێنە بەرچاو کەلقی تایفە یەزدانییەکەن‌و لە هەلومەرجێکدا سەریان دەرهێناوە کە لەو هەلومەرجە دەچێ کەڕێبازی عەلەویی تێدا پەیدا بوو. لەو دینانە، بەوپەڕی وریاییو لاموجومییەوە، میترایی، زورڤانی، بزوتنەوە رزگاریخوازە بەسیمای کۆمەڵایەتی- ئابورییەکانی مەزدەکی، خوررەمی* و قەرمەتی**. بێ لەوە،

* خوررەمی: بزوتنەوەیەکی سیاسییە لەسەردەمی مەئمون‌و موعتەسەمدا لەناوچەی ئازەربایجان بەسەرکردایەتیی بابەکی خوررەمی هەڵگیرسا کەزۆربەی بەشداربوەکانی فارس‌و کورد بون. ئەم جوڵانەوەیە بانگەشەی بۆ یەکسانی کردو هەندێ لەبۆچونەکانی لەگەڵ ئیسلامدا یەکیان نەدەگرتەوە. پەیڕەوەکانی بەخوررەم دینان‌و جامانە سورو خودی خۆی بەخوررەمیەو بابەکیە ناسراوە. ئەفشین فەرماندەی تورك نژادی سوپای عەبباسی لە سەردەمی مەعتەسەمدا پاش لەشکر کێشییەکی زۆر، جوڵانەوەکەی دامرکاندەوە (وەرگێر).

** قەرمەتی: بزوتنەوەیەکی ئایینیی سیاسی- کۆمەڵایەتییە دەچێتەوە سەر حەمدانی کوڕی ئەشعەس ناسراو بەقەرمەت کەخەڵکی خۆزستان بوو. ساڵی ٩٣٠ قەرمەتییەکان دەستیان بەسەر مەککەدا گرت‌و بەردە رەشە پیرۆزەکەیان لەگەڵ خۆیاندا برد. ساڵی ٩٧٠ دیمەشقیان لەفاتیمییەکان سەندەوەو ویستیان دەست بەسەر میسردا بگرن بەڵام



تایفەکە لەڕەگ‌و ریشەوە کاری کردە سەر دینێکی گنۆستی (Gnostic)ی تر کەدینی مانییاتییە، هەروا ئیسماعیلیی  شیعەگەر (حەوت ئیمامی)، دورزی، بابیو بەئەندازەیەکی کەمتر زەردەشتی، شیعەی ئیمامیو بەهایی. ئەمڕۆ بزوتنەوە دینییە میتراییەکە وەك پەچەیەك دێتە بەرچاو کەپەیڕەوانی تایفەکە لەپشتییەوە ویستویانە دەست بەسەر ئاینی دێرینی گریك- رۆماندا بگرن کە ئاینێك بوو باوەڕی بەیەکبون (وحدة الوجود) هەبوەو پەیڕەوانی تایفەکە لەدەسپێکی سەردەمی هیلینییەوە لەسەدەی چواری پێش زاینیدا کۆنتاکتیان لەگەڵدا هەبو.

میترایی سەرکەوتنی سەرسوڕهێنەری بەدەست هێنا. لەسەردەمی کۆستانتین‌و بڵاوبونەوەی دینی مەسیحدا میترایی بەڕادەیەك کاری کردە سەر ئیمپراتۆریەتی رۆمان کە دەکرێ بگوترێ رێو رەسمی لەدایکبونی خواوەند میتراس Mithras لە ٢٥ی کانونی یەکەمدا لەلای رۆمانەکاندا بوو بەمایەی ئەوەی کە ئەم رێکەوتە بکرێ بەرێکەوتی لەدایکبونی حەزرەتی عیسا. ئەم رێکەوتە ئەو رۆژەیە کەتێیدا گیانی گەورەی گەردون بۆ یەکەم جار بەشێوەی بەرجەستەکاری مەزن، خواوەندی پەروەردگار، کەمیترایی بەخواوەند میتراسی دەناسێنێ، گوزارشتی لەخۆ کردو خۆی دەرخست.

لقە ئێزدییەکەی تایفەی یەزدانیو بزوتنەوەی نوسەیری وەك لقێکی عەلەوی، تا ئێستا ئاسەواری ئەم هەڵوێستە سەرەتاییەی میترایی، بەتایبەتی لەئاهەنگ‌و رێو رەسمی ساڵانەی بەکۆمەڵیان، دەردەبڕن.

ئەم تایفەیە سەرەڕای رەوینەوەی دەسەڵاتی هەوەڵ جاریو لەدەسدانی شەوکەتەکەی لەبەردەم ئیسلامدا، کاریگەریی لەسەر کورد هەیە لەسەر ئاستی فۆلکلۆرو رێو رەسمی نیمچە دینی. ئەوەش بەڵگەیە کە پیرۆز راگرتنی خدر یان پێغەمبەر خدر، ئەو پیاوە سەوزەی کە لەگۆمەکاندا دەژی، لەلای کوردە موسڵمانەکان کارێکی زۆر پەسەندە. زیارەتگاکانی خدر لە

شکستیان خوارد. قەرمەتییەکان دینێکی سۆشیالیستی یەکسانی پەرستانەیان هەبو (وەرگێڕ).

سەرانسەری کوردستاندا بەتەنیشت کانیاوەکانەوە دەبینرێن (بڕوانە فۆلکلۆرو چیرۆکی فۆلکلۆری). موسڵمانەکان بەسەرهاتی خدرو بەسەرهاتی پێغەمبەر ئیلیایان پێکەوە گرێداوە، ئەویش لەو روانگەیەوە کەئیلیا وەك خدر ئاوی لە کانیاوی نەمری خواردۆتەوە، بۆ هەتا هەتایە نەمرەو گیانی خاكو ئاو پێکدێنێ. خدری زیندە (کە ناوەکەی بەمانای ((سەوز)) یان خشۆك دێ) لە قولاییی دەریاچەو گۆماوەکاندا دەژیو بەشێوەی جیاجیا لەنێو خەڵکدا پەیدا دەبێ، خەڵکیش داوای ئەو شتانەی لێ دەکەن کە حەزی پێ دەکەن.

زۆر ئاهەنگی کۆمەڵایەتیو دینیی کوردەکان بەهەمو مەزەبە ئاینییەکانیانەوە لەلای نزرگەی خدر ئەنجام دەدرێنو وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتیی دور لەبنەما ئاینییەکان وان (بڕوانە کەلتوری گەل، میهرەجان، جەژنو ساڵیاد). بەم پێودانگە، کیسەڵە بەتەمەنەکانی گۆماوو کانیاوەکانی لای نزرگەکانی خدر ئاماژە بۆ تەمەن درێژی دەکەن. بەمجۆرە، زۆر جار کیسەڵ بەشێوەیەکی جوان بیرۆکە سەرەکییەکەی دیکۆرو هونەری دینیی کورد پێکدێنێ. جەژنی خدر لە بەهاراندایە کاتێك سروشت خۆی تازە دەکاتەوە. رێکەوتی وردی ئاهەنگەکانیش لە ئاینێکەوە بۆ ئاینێکی دیو تەنانەت لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دی جیاوازە، هەمو لقەکانی تایفەکەش وەك بەشێکی زۆری موسڵمانان ئاهەنگ دەگێرن.

لەچەرخە کۆنەکاندا تایفەکە لە تێکۆشاندا بوو لەدژی بەرزکردنەوەی پایەی دینی دێرینی زەردەشت. رەنگە ئەمە پێش دوایی هاتنی سەردەمی میدییەکان بێ. لەم بوارەدا دەشێ دوایین دەسەڵاتداری میدییەکان رشتی- ڤەگا ئەژدەهاك (٥٨٤-٥٤٩ پ.ز) مشوری پرۆسەی تێپەڕاندنی ئاینی زەردەشتی خواردبێ. ئێستا بەڵگەی بڕێنەرەوە لەسەر ئەوە هەیە کەکوژرانی خودی زەردەشتو لەکارخستنی پاشای پارێزەرەکەی، ڤیشتاسپا، لەسەر دەستی هێزەکانی پاشا رشتی-ڤەگا ئەژدەهاگ بوە، کاتێك بەناو حەوزی روباری هەریرود- مورغاب لەباکوری رۆژئاوای ئەفغانستاندا لەساڵی (٥٥٠پ.ز) دا کشایە سەر رۆژهەڵات. ئەمە لەلای زەردەشتییە



بەراییەکاندا بەقازانجی ئەژدەهاك نەبو. پاشای میدی ئەژدەهاك بەکابرایەکی شەیتانی دەژمێردرێ، هەم لەدینی زەردەشتیدا بەکابرایەکی توڕەهاتی زیانبەخش ناوزەد کراوە هەم لە میتۆلۆجیای نەتەوەییی ئێرانیداو هەم لەداستانە وێژەیییەکانی وەك شانامەدا. ئەوی راستیش بێ وشەی ((ئەژدەها)) بوو بەتاکە وشەی زمانی فارسی کەمانای ((دێوو درنج))، ((خێو))، ((ئەژدیها)) دەدا. ئەم ناوە (ئەژدەهاك) کە مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێو بۆ ناساندنی دوایین پاشای میدیەکان بەکار دێت، هیرۆدۆتیش سەری لێ دەرکردبو بەڵام ئەو شێواندبویو کردبوی بە ((ئەستیاگەس Astyages)).

میراتی بەجێماوی ململانێی نێوان دو ئاینەکە خۆی لەوەدا دەنواند کە تایفەکە چینێکی پشتاوپشتیی ئاخوندانی ماگیی بۆ ئاینە بێ ئاخوندو هەرە ساکارەکەی زەردەشت پەیدا کرد.

لەنێوان زەردەشتیو تایفە یەزدانییەکاندا زۆر سەروسیمای هاوبەش هەیە وەك باوەڕهێنان بەحەوت فریشتەی خێرخوازو حەوت فریشتەی شەڕانگێز کە بەرپرسیارێتیی دنیایان لەئەستۆدایەو بڕواهێنان بەچینێکی پشتاوپشتی ئاخوندان. ئەم سەروسیما هاوبەشانە زادەی پەیوەندیی درێژخایەنو پڕ بەسەرهاتی نێوان دوو ئاینەکەن. سەروسیمای هاوبەشی تریش هەن کەدەشێ زادەی کاریگەریی ئاینیی دانیشتوانی ئاری نژادی کوردستان بنو رەنگە ئاینی ئەو دانیشتوانە هەمان ئەو ئاینە بێ کەپێغەمبەر زەردەشت دەسکاریی کردو سەرلەبەر دروستی کردەوە بۆ ئەوەی لەدواییدا ئاینی زەردەشتی لێ بکەوێتەوە. هەرچۆنێ بێ، تایفەکە بەم روخسارەی ئێستای، سیمای هاوبەش لەگەڵ ئیسلامیش پەیدا دەکا بەتایبەتی کە ئیسلام بەدرێژاییی چواردە سەدەی رابردو هاوسێی بووە. نزیکەی هەزار ساڵێك پاش یەکەم هەوڵیان لەگەڵ زەردەشتی دا، پەیڕەوانی تایفەکە هەوڵێکی تری ناسەرکەوتویان بۆ لەناوبردن، یان تێپەڕاندنی زەردەشتی دا، ئەو هەوڵەش بەشێوەی بزوتنەوەی مەزدەکی بوو.

تایفەی مەزدەکی یان بزوتنەوەی مەزدەکی لە سەدەی پێنجی زایینیدا لەدژی رژێمە چینایەتییە کۆمەڵایەتیو ئابورییە توندوتیژو حوکمەکەی دەوڵەتی زەردەشتیی دینیی فارسە ساسانیەکان سەری دەرهێنا. بزوتنەوەکە لەناوچەی زاگرۆس بەسەرکردایەتیی کابرایەکی خەڵکی ئەو ناوچەیە کەناوی مەزدەك بوو پەیدابوو. سەرەنجام مەزدەك توانی پاشای ساسانییەکان کاڤات یاخود قوباد (٤٨٨-٥٣١) لەئاینی خۆی وەرگێڕێو بیکا بە مەزدەکی.

بڕوای بنەڕەتیی مەزدەکییەکان بەیەکسانیی کۆمەڵایەتیی خەڵکی کە تائێستا بەشێوەیەکی دیار لەلای تایفەی یەزدانی دا باوە، لەلای هەژارانو چەوساوەکاندا باقو بریقی بۆ ئەم ئاینە پەیدا کرد. مەزدەك (واتە ((بەچکە مازدا))، بچوك کراوەی ئاهورامازدای خواوەندی باڵای زەردەشتییەکانە) بانگەشەی بۆ بەگشتی کردنی موڵكو ماڵی ماددی کردو ئەوەی خراوەتە پاڵ کە ئافرەتانی خستۆتە پاڵ ئەو موڵكو ماڵانەوە. گوناهی تێکەڵبونی سێکسی تا ئەمڕۆ بەتەوێڵی تایفەی یەزدانییەوەیە. بەگشتی کردنی موڵكو سامان، زۆر نوسەری ئەم سەردەمەی هانداوە تایفەی مەزدەکی ئارایشت بکەنو وا بیخەنە بەرچاو کە یەکەم سیستەمی کۆمۆنیستیی لەجیهاندا لێ کەوتۆتەوە (بڕوانە مێژوی کلاسیکی). لەم ئاینەدا بیرۆکەی جیهانیش سەریهەڵدا. ئەم بیرۆکەیە لەزۆر بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیی دینیی سەردەمی ئیسلامو راستەوخۆ بەهۆی شیعە جیهاد پەرستەکەی ئەم سەردەمەوە گوزارشتی لێ کراوە.

سەرەڕایو رەنگە بەهۆی سەرکەوتنی بەراییەوە، ئاینی مەزدەکی توشی کوشتارێکی زۆر بوو بەتایبەتی لەدەوروبەری ساڵی ٥٢٨ی کۆتاییی حوکمی قوباددا (کە لەمەزدەکی هەڵگەڕایەوەو وەرچەرخایەوە سەر ئاینی زەردەشتی). ئیتر لەسایەی حومکی کوڕی قوباددا، واتە خەسرەوی یەکەمی ئەنوشیروان، کەجێی باوکی گرتەوە، بەرنامەی چەوساندنەوەی مەزدەکییەکان پەرەی سەندو سەرتاپای وڵاتی گرتەوە، ئەمەش پاشای هاندا قڕکردنی یەکجارەکییان راگەیەنێ. سەڕای ئەم هەوڵە ی قڕکردن، بزوتنەوەکە پاش وێرانبونی ئیمپراتۆریەتە زەردەشتییە فارسییە ساسانییە بەهێزەکە سەری



هەڵدایەوە، بەڵام ئەمجارە پارچە پارچەیی تێکەوت. ئەمڕۆ مەزدەك لەلای عەشیرەتی خۆشناوی ناوەڕاستی کوردستان وەك نمونەی پیاوچاکێك ماوە (سایکس ١٩٠٨، ل ٤٥٧).

فەرمانڕەوا موسڵمانەکان روبەڕوی چەندین بزوتنەوەی رزگاریخوازی بەناوەڕۆك ئابوری بونەوە کە دروست لەم ناوچەیەی ((جبال))دا (ناوێك کە لەلای عەرەبەکاندا بەکێوەکانی زاگرۆس واتە میدیای دێرین وتراوە) سەریان هەڵداوە. لەم رووەوە بزوتنەوەی خوررەمی گرنگترین بزوتنەوە بوو کەبابەکی فەرماندەی سوپاییو رێبەری دینی سەرکردایەتیی کرد. خوررەمی بڕوای بەدۆنادۆن هەبو بەتایبەتی دۆنادۆنی گیانی رێبەرو کەسە ئاینییەکانیان. بابەكو پەیڕەوەکانی وەك مەزدەكو مەزدەکییەکان، بەوە ناسرابون کەموڵكو ماڵو هۆکانی بەرهەم هێنانی ئابورییان بەموڵکی گشتی زانیوەو جیاوازیی کۆمەڵایەتییان لەنێودا نەبوە.

هاوکات لەگەڵ بزوتنەوەی بابەکدا، کە فەرماندەکانی لەخێڵە کوردە کۆچەرەکانی ئازەربایجان بون، کابرایەکی کوردکە ناوی نارسا بوو (ئەم کابرایە لەلای مەسعودیی مێژونوسی سەدە ناوەڕاستەکانی عەرەب بەناسری کورد ناسراوە) رابەرایەتیی بزوتنەوەی خوررەمدینانی کرد لەکوردستانی ناوەڕاستدا (ناوەندی تایفەی یەزدانی). دواتر خەلیفەی عەباسی موعتەسەم توانی بزوتنەوەکە دامرکێنێتەوە. مێژونوسی موسڵمان تەبەری وتویەتی شەست هەزار کەس لەلایەنگرانی نارسا لەساڵی ٨٣٣دا کوژراونو ئەوانی دی لەگەڵ نارسادا بەناچارییەوە بۆ ناو ئیمپراتۆریەتی بیزانس هەڵاتن (بڕوانە مێژوی سەدەی ناوەڕاستەکان).

مەزدەکیو خوررەمی بەوە لە بزوتنەوەکانی دی جودا دەکرێنەوە کە هەردوکیان رەنگی سوریان بۆ ئاڵاو جلوبەرگەکانیان بەکارهێناوە، لەبەر ئەوە بە ((سورخەلەمان)) واتە ئاڵا سورەکان یاخود بە ((سورخ جامەگان)) واتە جل سورەکان ناسرابون. ئەم نیشانەیە لەدو سەدەی چوارەمو پانزەهەمیش لە بزوتنەوەیەکی دیکەی پەیڕەوانی تایفەکەدا سەری دەرهێنایەوەو بەهۆیەوە

عەلەوی‌یەکان بە((قزلباش)) واتە کڵاو سورەکان ناویان دەرکرد (بڕوانە عەلەوییەکان‌و مێژوی سەدە ناوەڕاستەکان).

پاش سەرکوت کردنی خوررەمدینان لەسەرەتای سەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، لقێکی دیکەی لەباشوری عیراقداو دواتر لەئەحسا (رۆژهەڵاتی شانشینی عەرەبستانی سعودی) سەری هەڵدا. ئەمان بەقەرمەتی (قرامطة) ناسرابون‌و لەگەڵ بزوتنەوە رەسەنەکەدا لەوەدا یەکیان دەگرتەوە کەباوەڕیان بەیەکسانی‌ی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری هەبوو وسەبارەت بەمەسەلەی پەیدابونی گەردون‌و مەسەلە تیۆرییەکان یەکڕا بون. گەڕیدەی بەمەزەب ئیسماعیلی‌ی سەدە ناوەڕاستەکان ناسر خەسرەو ئەم جۆرە رەفتارو نەریتانەی دانیشتوانی ئەحسای تۆمار کرد کە دەخرێنە خانەی بەگشتیکردنی موڵك‌و سامانەوەو ئاماژەشی بۆ پەیوەندی‌ی نێوان بزوتنەوەی کۆنی مەزدەکی‌و قەرمەتی کرد. ئەحسا لەناو عەرەبستانی سعودی‌ی سوننەگەردا وەك ناوچەیەکی ناسوننەو کوانوی شیعەگەری مایەوە. ئێستاش ئەو خەڵکەی ئەوێ سەرچاوەی سەرەکی‌ی شیعەی دوانزە ئیمامین. رەنگە ئەوە زۆر راست نەبێ کە ئەو تایفە یەزدانی‌یە بەشیعەیەکی موسڵمان بدرێتە قەڵەم.

لەسەدەی پانزەهەمدا محەمەد نوربەخش لە ئەحسا سەری هەڵداو بزوتنەوەی سۆفیگەرییەکەی پەلی بۆ ناوچە دراوسێکانی هاوێشت‌و بیرو باوەڕەکانی بون بەهاوتای بیرو باوەڕەکانی تایفەی یەزدانی (بڕوانە تەریقەتە سۆفی‌یەکان).

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سۆفییەکی تر کەشێخ ئەحمەد ئەحسائی‌یە لەئەحساوە روی کردە وڵاتی فارس‌و لەوێدا بەردی بناغەی بزوتنەوەی بابی‌ی دانا، بزوتنەوەیەك کە لەناوەڕاستی سەدەی ١٩دا سەری دەرهێنا. ئامانجی بزوتنەوەکە خاوێن کردنی ئاین بوو، مۆرێکی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌ی هەبوو ولە زۆرلاوە لەجوڵانەوەی دێرینی مەزدەك دەچو. بۆچونەکانی شێخ ئەحمەد (کە عەلی محەمەد باب بڵاوی کردەوە) بناغەی بزوتنەوەکە پێکدێنن‌و لەبۆچونەکانی تایفەی یەزدانی دەچن، لایەنی کەم لەم رووەوە کە لەگەڵ بزوتنەوەی نوربەخش لێك دەچون (بڕوانە بابی‌و بەهایی).



ئەمڕۆ هەموو لقەکانی تایفەکە لەمەزدەکییەوە تا عەلەوی تۆمەتی بەرەڵایی‌ی خراوەتە پاڵ. بە بۆچونی موسڵمانەکان، تایفەی یەزدانی لەکاتی کۆبونەوە ئاینی‌یەکاندا ژنەکانیان دەگۆڕنەوە. تا ئەمڕۆ باسی ئاهەنگە بەدناوەکەی (موم سوندو) واتە مۆم کوژاندنەوە لە ئەناتۆلیا (تورکیا) یان چراگوشان واتە چرا کوژاندنەوە لەئێران، بۆ ناوزڕاندنی پەیڕەوانی ئەم تایفەیە، وێردی سەر زاری دراوسێ موسڵمانەکانی تایفەکەیە. ئەم تۆمەتە لەدژی زۆر کەمینەی ئاینی‌ی تر کەکەم تا زۆر پەیوەندییان بە تایفەکەوە هەیە، بەکارهات لەوانە ئیسماعیلی‌یەکانی ئەفغانستان (کانفلید ١٩٧٨)، عەلەوییەکانی تورکیا (یەللان١٩٦٩)و سوریا، دروزەکانی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست (ئیکلمان ١٩٨١). جێی سەرسوڕمانە کە هەندێ لێکۆڵیاری وەك هێنری راولنسۆن، ماکدۆنالد کینیرو ج.ر. درایڤەر باوەڕیان بەپڕۆپاگەندەکانی دەربارەی ئەم ئاهەنگە کردوە. لەم رووەوە درایڤەر ئەم ئاهەنگە لەگەڵ ئاهەنگی رۆژهەڵاتیانەی بۆنادیا لەرۆما بەراورد دەکا، تەنانەت دەچێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاهەنگەکەی ئەم تایفەیە نەگریستره (درایڤەر ١٩٢١-١٩٢٣). راولنسۆنیش باسی ئەوە دەکا کە سەرەرای ئەوەی کە ئەو باوەڕ ناکا ئەم ئاهەنگە لەم زەمانەدا (واتە لە ساڵی ١٨٣٦دا) پەیڕەوی لێ بکرێ، بەڵام وای بۆ دەچێ کە تا پەنجا ساڵێکیش لەمەوبەر پەیڕەوی‌ی لێ کراوە. ئەو ئەمە بۆ قسەکەی زیاد دەکا کە رەنگە ئەم ئاهەنگە پاشماوەی یەکێ لە نەریتە ئاینی‌یە دێرینەکانی تایبەت بە خواوەندی پیتی بێ کە لەلای تایفەکانی میتراو ئەناهیتاو هەروا لەلای تایفەی سیسۆسترسدا کە ئەندامی زاوزێیان دەپەرست، باو بوبێ. کینیر باسی کردوە کە گوایە ئەو لەساڵی ١٨١٨دا بەچاوی خۆی ئەم ئاهەنگەی دیوەو رەنگە بەشداریشی تێدا کردبێ.

هەمو لایەنگرانی تایفەی یەزدانی گردبونەوەی تایبەتیان هەیە کەپێی دەوترێ جەم، ئاینی جەم یاخود ((جەمخانە))و بە تورکی چەمهانەی پێ دەوترێ. ئەم گردبونەوەیە لە شوێنێکی دیاریکراو، دور لەچاوان، رێك دەخرێ، لەوێ کتێبی پیرۆز دەخوێنرێتەوە، پێشەنگە ئاینی‌یەکان قسە دەکەن،

پەیمانە کۆمەلایەتی‌یەکان تازە دەکرێنەوەو ئامادەبوان تەوقە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. وەك بەڵگەیەك بۆ یەکسانی‌ی کۆمەڵایەتی،هیچ رێو رەسمێك بۆ دیاری کردنی هیچ دەستەیەکی ئاینی بەڕێوە ناچێ. لەترسی سەرکوت کردنو چەوسانەوەش، بێجگە لەپەیڕەوانی ئەم تایفەیە کەسی بێگانە ئامادە نابێ. رەنگە بەنهێنی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکە هۆی ئەو بۆچونە چەوتە بێ کە گوایە لەو ئاهەنگەدا پەیوەندی‌ی سێکسی‌ی ناشایستە بەڕێوە دەچێ. رێ نەدانی هەندێ لەتایفەکانی یارسان بەئافرەتان بۆ ئامادە بون لەرێو رەسمی جەمخانە زادەی ئەو تۆمەت خستنە پاڵەیە، ئەگەرچی ئەم رێ نەدانە لەگەڵ ویستو ئارەزوی کۆمەڵی کوردەواری‌و پایەی ئاسایی‌ی ئافرەتدا ناگونجێ (بڕوانە پایەی ئافرەتو ژیانی هاوسەری).

ئاهەنگی جەمی بچوك هەر حەوت رۆژ جارێك بەڕێوە دەچێ. ئاهەنگی سەرەکی‌ی جەمیش ساڵی جارێكو لەکاتی جیاواز بەپێی تایفەکە، بەو جۆرەی کە لەسەرەوە بە تێروتەسەلی باسی لێوە کراوە، بەڕێوە دەچێ.

لەسەردەمی ئیسلامەتی‌دا ئاینەکە کاری کردە سەر زۆر تایفەی ئیسلامی‌و زۆر تایفەی ئیسلامیش کاریان تێ کرد لەوانە هەردو تایفەی شیعەی دوانزە ئیمامی‌و شیعەی ئیسماعیلی‌ی حەوت ئیمامی. هەرچۆنێك بێ، گرنگترینو دوایین دەستێوەردانی تایفە یەزدانی‌یەکان لەئیسلام لەسەردەمی حوکمڕانی‌ی بنەماڵەی قەرەقۆینلۆ لە رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیاو رۆژئاوای ئێران (١٣٨٠-١٤٦٨)و هەروا لەچەند دە ساڵی یەکەمی پەیدابونی حوکمڕانی‌ی بنەماڵەی سەفەوی لە ساڵی ١٥٠١، هاتە دی. ئەوە رونە کە ئیسماعیلی یەکەمی دامەزرێنەری بنەماڵەی فەرمانڕەوا وازی عەلەوییانەی تۆکمەی هەبو. ئەوی راستیش بێ ئەم پاشایە خۆی بەهێمای خواوەند دایە قەڵەم، لە سۆنگەی ئەمەوە تا ئەمڕۆ لەلای عەلەوییەکاندا بەو حسێبەی کە ساحیبولزەمانە رێزی لێ دەگرێ. سەفەوییەکان بۆ هەڵگێڕاندنەوەی پەیڕەوانی تایفە یەزدانی‌یەکان لە ئاینە رەسەنەکانیان یان بۆ لەناوبردنیان، نەوە لەدوای نەوە کەوتنە کارو سەرکەوتنیشیان لەم بوارەدا بەدەست هێناو لە ئەنجامدا شیعە ئیمامی‌یە موسڵمانە کلاسیکی‌یەکە



دەستی بەسەر وڵاتی فارسدا گرت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر راپۆرتێکی خاوێن دەربارەی بیروڕاو رەفتاری سەفەوییە بەرایی‌یەکان ئاماژە بەوە دەکا کە ئاینەکەیان ئاینی تایفەی یەزدانی‌یە (وردتر عەلەوییە) نەك شیعەی دوانزە ئیمامی.

بۆ خۆجیاکردنەوە لەم ناموسڵمانە ((کافرانە))، گروپە سەرەکییەکەی شیعەی دوانزە ئیمامی لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە خۆی ناونا جەعفەری (کە دەچێتەوە سەر شەشەم ئیمامی شیعە جەعفەری سادق)و ناوی شیعەی لەسەر خۆی لابرد کە ناوێکی جێی شانازی‌و بەخۆوە نازینە. شیعە کورتکراوەی شیعەی عەلی‌یە واتە لایەنگرانی عەلی یاخود گروپی عەلی‌ی زاوای موحەمەد پێغەمبەر. شیعەی دوانزە ئیمامی پێیان وابو واژەی ((عەلەوی))و ((عەلی ئیلاهی)) کە کوردو عەرەبو تورکمانە ناموسڵمانەکان کردبویانە نازناوی خۆیان، لەناوی ئیمام عەلی‌یەوە وەرگیراوە (ئەمەش لەلای دوسێ‌ی لقەکانی تایفە یەزدانی‌یەکاندا بەمانای بەخودا کردنی عەلی وەك گرنگترین بەرجەستەکارە دنیایی‌یەکانی گیانی مەزنی خواوەند دێ). لەسۆنگەی ئەمەوە شیعەی دوانزە ئیمامی ناوی جەعفەری‌ی بۆ خۆی هەڵبژارد، ناوێك راستە باقو بریقی کەمترە بەڵام سەلامەتترە. کاتێك سەفەوییەکان لە ساڵی ١٧٢٠دا روخان، ئەم ناوە جیا لەهەر ناوێکی تر لەلایەن شیعەی سەرەکی‌یەوە بەکارهات. بەمجۆرە سڵەمینەوەی شیعە لەتێکەڵاوبون لەگەڵ ناموسڵمانە عەلەوی‌و عەلی ئیلاهییەکاندا لەجێی خۆیدا بوو. لەسەدەی بیستەمدا هەندێ لە عەلەوییەکانی ئەناتۆلیا لەسۆنگەی بێ ئومێدی‌یەوە ناوی جەعفەرییان لە خۆناو لەبەردەم ئەنجامدەرانی سەرژمێری تورکیا خۆیان بەجەعفەری ناونوس کرد (بڕوانە تێبینی‌یەکانی سەر خشتەی ژمارە پێنج).

توانای تایفەی یەزدانی بۆ دەسکاری‌و کۆنترۆڵ کردنی ئاینەکانی تر لە رێی بڕواهێنان بە دۆنادۆنو بەرجەستەبونەوەی گیان، ئاینی هندۆییزم دەخاتەوە یاد. کاتێك هندۆییزم رایگەیاند کەبودا، سەرەڕای پایەو گرنگییەکەی، وەك ڤیشنۆ، شیڤاو راما، بەرجەستەکارێکی گرنگی گیانە

مەزنەکەیە، ئاینی بودایی‌ی هندی‌ی دەستەمۆکرد. هەندێ لە هندۆسەکان هەمان پایەیان بۆ موحەممەد پێغەمبەر سەلماند بەڵام لەم بوارەدا شکستیان خوارد.

بەرزکردنەوەی پایەی عەلی‌و موحەممەد پێغەمبەر سەرەتا وادێتە بەرچاو کەدەرفەتێکی وای بۆ تایفەکە رەخساندوە.. کە لەسەرەتای سەدەی پانزەهەمەوە تا کاتی چونە سەرکاری شا عەباسی گەورەی سەفەوی لە ساڵی ١٥٨٨دا، شیعەی موسڵمان دەستەمۆ بکات، چونکە کەف‌و کوڵ‌و خوێن گەرمی‌ی عەباسی گەورە بۆ کۆنترۆڵ کردنی بیریارەکانی گروپی سەرەکی‌ی شیعەی ئیمامی، خەڵکی‌ی لەشوێنی دوری وەك مەدینە، لوبنان، میسۆپۆتامیاو خوراسانەوە بەلای خۆیدا راکێشا. سەرەنجام، تایفەی یەزدانی پەردەی لەروی پەرستنی عەلی هەڵماڵی. لەم روەوە زانا عەباسییەکانی ئیسلام شیعەی ئیمامییان، لەکلێشە کلاسیکی‌یەکەیدا، بەبێزراوتر لەتایفەکە دایە قەڵەم. گرنگترین ئەم بیریارە شیعانە، واتە عەللامە مەجلیسی، لەگوناهبارکردنی پەیڕەوانی تایفە یەزدانییەکاندا دورتر دەڕواو لە کتێبەکەیدا ((بحور الانوار)) بەرگری لەشیعەگەری ئاسایی دەکا. بەڵام سەرەڕای هەمو ئەمانە، شیعەگەری بەمۆدێلە هاوچەرخەکەی، گاریگەری‌ی تایفەی یەزدانی‌ی لەبواری رێ‌و رەسمدا پێوە دیارە، وردتر لەو رێوڕەسمانەی کەلەلای سوننەدا یەکجار قێزەوەن‌و نادروستن. پاش هەمو ئەمە، زۆربەی هەرە زۆری موسڵمانانی ئێران‌و قەوقاز بەهۆی گوشارو فشارو چاو لێ سور کردنەوەی قەرەقۆینلۆو سەفەوییە بەرایی‌یەکانەوە (واتە سەفەوییەکانی سەردەمی عەلەویچێتی) دەستیان لەرێبازی سوننەگەری هەڵگرت. ریفۆرمە درەنگەکانی شیعەگەری‌ی ئاسایی، پاش سەدەی حەڤدەهەم، نەیتوانی کاریگەری‌ی تایفەی یەزدانی لەسەر شێوەی پەیڕەوکردنی ئاین بسڕێتەوە. ئەمڕۆ رادیکالیزم، پرنسیپی یەکسانی، دیاردەی بەپیرەوە چونی شەهیدبون لەلای شیعەی ئێران‌و قەوقازدا، لە پاشماوەکانی گاریگەری‌ی تایفەی یەزدانی‌یە. بەڵام تین‌وتاوی ئەم کاریگەرییە لەسەر شیعەگەری‌ی عیراق کەمترە. زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە عیراقی ئەمڕۆیان لێ پێك دێ،



پێش هاتنی عەلەوییە شۆڕشگێڕەکان لە ئەناتۆلیاوە، شیعە بون‌و هەرگیز نەبون بەعەلەوی. هەر چۆنێك بێ، عیراقیش بەسەلامەتی لە کارگەری‌ی تایفەکە دەرنەچو چونکە لقێکی تری تایفەکە واتە یارسان لە رۆژانی هەوەڵی ئیسلامەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاشتییانە، کاری کردە سەر میسۆپۆتامیا.

بیریارو مامۆستای سۆفیگەری‌و هۆزانڤانی بەناوبانگی بەمەزەب سوننە عەبدولڕەحمان محەمەد جامی (لەکتێبی رەشەحاتی جامی) بەئاشکرا شیعەی بەغدای ناوناوە گروپی دون بادون (دۆنادۆن: کەباوەڕێکی بنەڕەتی‌ی دینی تایفەکەیەو ئاماژەیە بۆ بەرجەستەبونی بەردەوامی گیان. لەم رووەوە بڕوانە: یارسانیزم). ئەم قسەیەی جامی جاران وا لێکدەدرایەوە کە تەنها جنێوەو هیچی تر، بەڵام ئەمڕۆ راستی‌یەکەی ساغ بۆتەوە. جامی رێزی شیعەگەری‌ی ئاسایی‌ی موسڵمانانی ناوەڕاستی ئاسیاو هەروا هەرێمی خوراسانی زێدگای خۆی دەگرێ بەڵام زۆر دوژمنایەتی‌ی شیعەکانی رۆژئاوای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکا، لەوانە شیعەکانی بەغدا. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ کەجامی سورە لەسەر ئەوەی کە بەشیعە ناویان نەبات‌و لەبری ئەمە پێیان دەڵێ رافزی. ئەم پێشوازییە دوژمنانەیە لە شیعەی رۆژئاوا لەلایەن بیریارانی سوننەی رۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامەوە (کە لەگەڵ شیعەی ئیمامی‌دا زۆر نەرم‌و نیان بون) لە کاتێکدا رویدا کە تایفەی یەزدانی خەریکی دەستەمۆکردنی شیعەگەری‌ی ئیسلامی‌ی ئاسایی بوو.

شیعە باوەڕی بەزۆر پیاوچاك هەیە وەك مەهدی‌ی مونتەزەر، ساحیبلوزەمان‌و شتی تری لەم بابەتە. ئەمانە هەر هەمویان بەدڵی تایفەی یەزدانین. تایفەکە جگە لەتیۆری‌ی پەیدابونی مونتەزەر لەکاتی فەوتانی دنیادا، باوەڕی بەهەمو بیروڕاکانی شیعە هەیە. لەبەر ئەوە پەیڕەوانی ئەم تایفەیە، لەکاتی پێویستدا، بۆ خۆ دەربازکردن، بەلایانەوە دژوار نەبوە کە خۆیان وەك شیعە نیشان بدەن. تا ئەمڕۆش هەندێ لەلقەکانی تایفەی یەزدانی بەسینگ فراوانی‌یەوە خۆیان دەخەنە پاڵ شیعەی موسڵمانەوە، ئەگەرچی باوەڕی بنەڕەتییان لەگەڵ بیروباوەڕە قورئانی‌یەکانی ئیسلامدا ناگونجێ.

تایفەکە ئەدەبیاتێکی قەشەنگی دەربارەی پەیدابونی گەردونو نەمان هەیە. ئەم ئەدەبیاتە لەلای یارسانەکاندا بەچاکی پارێزراوەو ئێمەش لەژێر سەردێڕی ((یارسانیزم)) لێی ورد دەبینەوە. لەلای پەیڕەوانی ئەم ئاینە ژمارە حەوت ژمارەیەکی پیرۆزە، ژمارەی ئاسمانەکان، ژمارەی فریشتە نورانییەکان (هەروا ژمارەی هاودژەکانیان لەهێزەکانی تاریکی)، ژمارەی بەرجەستەکارە رۆحانیەتە گەردونییەکان، ژمارەی چەرخەکانی ژیانی جیهانی ماددیو ژمارەی ئەو بنەماڵە هێژایانەیە کە پۆستی ئاخوندیان پشتاوشت بۆ ماوەتەوە. لەهەناوی ژمارە حەوتدا ژمارەیەکی پیرۆزی تری کەم بەکارهاتو هەیە، ئەویش ژمارە سێیە کە ئاماژە بۆ ئەو شتانە دەکا کەپەیوەندییان بەخودی خوای پەروەردگارو بەتواناوە هەیە. ئەم ژمارانە لەئاینو بیروباوەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، بەڵام بەئەندازەی جیاواز، پیرۆزن. لێرەدا پێویستە لەسەرمان سێکوچکەی پیرۆزی مەسیحیەتو پیرۆز راگرتنی ژمارە حەوت لەفالْ گرتندا بێنینەوە یاد. تاکە شتێکی ناپیرۆز لەلای تایفەی یەزدانی ژمارە دوانزەیە کە هەم لەلای جولەکە پیرۆزە هەم لەلای فەلەکانو هەم لەلای موسڵمانان، وەك بۆ نمونە: دوانزە خێڵەکەی بەنی ئیسرائیل، دوانزە هاوڕێکەی حەزرەتی عیساو دوانزە ئیمامەکەی شیعە. لەم ئاینەدا رۆژوو تەنها سێ رۆژە، نوێژیش تەنها لەکاتی کۆبونەوەیگشتیی جەمخانەدا دەکرێ. سیستمی خواردنیش لەسەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی دی جیایە، بەڵام دەکرێ چاوپۆشیی لێ بکرێ یاخود تا رادەیەك تەمومژاویو لێڵە. بۆ نمونە، مەیو گۆشتی بەراز چونکە لەکتێبی پیرۆزی تایفەکەدا راستەوخۆ حەرام نەکراون، قەدەغە نین.

لەبنەڕەتدا تایفەکە دینێکی ناسامیی هەیە کەسەرخانێکی ئارياییی هەیەو خاوەنی رێسایەکی دینیی تایبەت بەناوچەی زاگرۆسە. دانانی تایفەکە یان هەر بەشێکی بەموسڵمان، هەڵەیەکە لەوەوە هاتوە کەسەرودەر لەم ئاینە دەرنەکراوە کەئاینێکە هەزاران ساڵ پێش ئیسلام هەبوە. سەرەڕای ئەمە، عەلەویو یارسان زۆرکاریان کردۆتە سەر یەکتری، بەو پێیەی کە هەردوکیان لەلایەك لەتایفەکەنو لەلایەکی دیکەوە لەشیعەی موسڵمانن. هەروا هەڵەیە



ئەم لقانە بەشیعەی موسڵمان لەقەڵەم بدرێن یاخود شیعە بخرێتە پاڵ تایفەی یەزدانییەوە.

ئەم هەڵە باوە زۆر هۆی هەیە بەڵام هۆیە سەرەکییەکە لەوەدایە کە یەکەم ئیمامی شیعەی موسڵمان، واتە عەلی، هەم لەلای یارسانەکاندا خۆشەویستە هەم لەلای عەلەویدا. بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی عەلی بۆ ئاستی گرنگترین هێمای روحی، دراوسێ موسڵمانەکان عەلەویو یارسانییان بە ((عەلی ئیلاهی)) (واتە ئەوانەی عەلی بەخودا لەقەڵەم دەدەن) ناوبرد. بەردەوامبونی پەیڕەوانی ئەم ئاینە لەسەر شاردنەوەی رێو رەسمی ئاینییان- وەك تەقیەی[*] موسڵمان- سەری لە بێگانە تێکداوە. هەوڵی جارانی تایفەکە بۆ دەستەمۆکردنی شیعەو وا خۆنیشاندان کە گوایە هەردولایان ناسنامەی هاوبەشیان هەیە، زۆر مێژونوسی بەدبەختی لە خشتە بردوە. موسڵمانە دراوسێکانی تایفەکە کەسەرودەر لە بیروباوەڕی پەیڕەوانی ئەم تایفەیە دەرناکەن، ناویان ناون شیعەی توندڕەو.

ئەمڕۆش ئەگەر پرسیار لەهەر موسڵمانێك دەربارەی ناسنامەی پەیڕەوانی ئەم تایفەیە بکرێ، دەڵێ ئەمانە (بێجگە لە ئێزدییەکان) مەسڵمانی جۆرێکی ((تایبەتی)) بەمەزەب شیعەن.

کەمبونەوەی ژمارەی پەیڕەوانی تایفەکە لەچوار سەدەی رابردوداو ئەو هەنگاوەی کەڕابەرانی تایفەکە نایانو بەهۆیەوە تایفەکەیان دەمو دەست بەتایفەیەکی موسڵمانی بەمەزەب شیعە لەقەڵەم دا، سامو شەوکەتی تایفەکەی لەلای موسڵمانەکان کەم کردەوە. جیا لەوە، پێدەچێ خودی کوردە موسڵمانەکان لەسەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم بەفیتی مەلا دیماگۆگییە بەناوبانگو خاوەن مریدەکان گوشاریان خستبێتە سەر

[*] تەقیە: دەرنەخستنی بیروباوەڕو مەزەب لەترسی چەوسانەوە کە بەتایبەتی لەلای شیعەی دوانزە ئیمامیدا باوە (وەرگێڕ).

پەیڕەوانی تایفەکە (بڕوانە سەرەتای مێژوی هاوچەرخ). تەنها ئەو موسڵمانانە درێژەیان بەچەوساندنەوەی ئەندامانی تایفەکە دا.

بەپێچەوانەی زۆر ئاینی سەرەکییەوە، تایفەکە هیچ کتێبێکی پیرۆزی نیە کە لەلایەن خواوە هاتبێتە خوار. ئەوی راستیش بێ کتێبێکی ئاوەها لەشوێنی خۆیدا نابێ، چونکە لەم ئاینەدا ژمارەی بەرجەستەکارەکان زۆرەو سروش‌و بەرجەستەبونەوەش لەروی روحی‌یەوە بەردەوام لەهەڵسوڕانەوەدایە. بە پێچەوانەوە، زۆر کتێبی پیرۆز هەن کەلەکاتی جیاجیاو بەزمانی جیاواز لەلایەن کەسانێکی پیرۆزەوە داهێنراون‌و لەمەسەلەی هەمەڕەنگ دەکۆڵنەوە. لەراستیشدا نورعەلی ئیلاهی بەرجەستەکارێکی لاوەکی‌و دانەری کتێبی بورهانە کە کتێبێکی پیرۆزەو لە ساڵی ١٩٧٥وە دەستاودەست دەکا (بڕوانە یارسانیزم). نەبونی کتێبی پیرۆز نەبۆتە رێگر لەبەردەم تێفکرین لەمەسەلە هەرە وروژاوەکانی وەك پەیدابونی جیهان، بیروباوەڕی ئاین، ئاخیرەت‌و ریۆ رەسمی ئاینی، واتە ئەو شتانەی کە هەمو تیمەکانی تایفەکە تا ئەمڕۆ باوەڕیان پێی هەیە بەڵام وردە جیاوازیشیان لەم رووەوە لەنێوان دایە.

تایفەکە لەو بڕوایەدایە کەچاکەو خراپە وەك یەك بایەخیان هەیەو هەردوکیان بۆ پەیدابون‌و بەردەوامبونی جیهانی ماددی، فاکتەری بنەڕەتین. بۆیە، فریشتەکانی بەزەیی‌و چاکە بەقەدەر فریشتەکانی خراپە، ئەگەر بلوێ ئاوەها ناویان بنێین، رێزو حورمەتیان هەیە. لەڕاستیدا بەبێ ئەم دژکاری‌یە ئەم دنیایە وجودی نابێ. لە سۆنگەی ئەمەوە، چونکە گەر ماهەیە، سەرماش هەیە. چونکە بەرزتر هەیە، نزمتریش هەیە. چاکە، ئەگەر خراپە نەبێ، وجودی خۆی لەدەست دەدا. زانست‌و هۆشیش تەنها لەلای مرۆڤدا هەن چونکە چاکەو خراپە بەشێوەی دو هێزی یەکسان هەن‌و مرۆڤ بۆی هەیە بۆ پەی بردن بە وجودو بونی خۆی بەکاریان بێنێ. لەلای تایفەکە سەگ هێمای چاکەیەو مار هێمای خراپە. تێکەڵ کردنی هەردوکیان بەشێوەی مارێك کە سەری سەگی هەیە هێمایە بۆ پرۆسەی ئافراندنی جیهان: واتە تێکەڵ کردنی ئەسیر Etherو ماددە، چاکەو خراپەو هەمو دژەکانی تر کە جیهانیان لێ پێکدێ.



راپۆرتی هەندێ لەگەڕیدە ئەوروپایی‌یەکان لەکۆتایی‌ی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەربارەی پیرۆز راگرتنی سەگ لەلای عەلەوییەکاندا بەڵگەی پەرستنی هێمای چاکەیە، ئەگەر چی زۆر بەڵگە هەن دەربارەی پیرۆز راگرتنی مار (سەرەڕای خراپی‌ی) لە هونەرە ئێزدییەکاندا بەتایبەتی لە ئارامگاکانی لالش (بڕوانە ئێزدییاتی).

لە هونەری کوردیدا هێمای مار بەسەری سەگەوە شتێکی لە مێژینەیەو دەچێتەوە سەر سەردەمی مانییاتی لەسەدەی نۆیەمی پێش زایندا، لەسەرێکی ترەوە هێماکانی سەگ‌و مار لەپەرستگا دێرینە میترایی‌یەکەدا، لە ئینگەلتەراوە تا ئێران، زۆر ناسراو و باون.

تایفەکە باوەڕی بەدۆزەخ‌و بەهەشتی ماددی‌ی پڕ شەیتان‌و فریشتە نیە. لەلای ئەم تایفەیە سامناکی‌ی دۆزەخ‌و خۆشی‌ی بەهەشت لەدنیادا هەیە، کاتێك خەڵکی، پاش مردن، بەپێی ئەو ژیانەی لەجەستەی پێشویاندا بردویانەتە سەر، گیانیان دۆنادۆن دەکا، ژیانی خۆش‌و پڕ نیعمەتیان بەردەکەوێ یاخود ژیانی کولەمەرگی‌و چەرمەسەری. بەڵام، بەهەرحاڵ، خەڵکانێك کە بۆیان دەلوێ لەکاتی دادگایی‌ی یەکجارەکی‌دا لە پردە باریکەلەکەی پردی ڤاری بپەڕنەوە، خەڵکانێکی چاك‌و بێ خەوش‌و بێ کەموکوڕین کەژیانی هەمیشەیی‌ی جیهانی روحانییان بەردەکەوێ. ئەو گیانانەی لەبەئەنجام گەیاندنی ئەم کارەدا سەرکەوتو نابن،بۆ هەتا هەتایە لەجیهانی ماددی‌دا لەناو دەچن‌و دەفەوتێن.

بەشێکی زۆری سۆفی‌یەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کەوتنە ژێر تەوژم‌و رکێفی تایفەکە، وەك ئەم تایفەیە باوەڕیان بەسروشتی مەجازی‌ی دۆزەخ‌و بەهەشت هەیە (بڕوانە تەریقەتە سۆفییەکان).

سەرەڕای هەوڵ‌و کۆششیان بۆ دەستەمۆکردنی شیعە موسڵمانەکان لەماوەی هەزار ساڵی رابردودا، پەیڕەوانی تایفە یەزدانییەکان هەندێ سەرکەوتنیان لەنێو تورکمانەکانی ئەناتۆلیاو عەرەبەکانی لێواری رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بەدەست هێنا. جگە لەمانە دەستەی جێی سەرنجیش

لەپەیڕەوانی تایفەکە لەنێو ئازەر، گەیلانیو مازەندەرانییەکاندا هەیە (خشتەی ژمارە پێنج).

هەرچۆنێك بێ، دەبێ تێبینیی ئەوە بکەین کەپەیڕەوە ناکوردەکانی لقە جیاوازەکانی ئەم ئاینە هەمویان لەو بێگانانە نین کە لەئاینی خۆیان هەڵگەڕاونەتەوە، لەکاتێکدا زۆربەی پەیڕەوانی لقە عەلەوییە ناکوردەکەی ئەناتۆلیا لەو تورکمانانەن کە چونەتە سەر ئەم دینە. بەڵام عەرەبەکانی باشوری چیاکانی ئەمانۆسو ناوچەی لێواری دەریای سوریا بەڕیشە دەچنەوە سەر ئەو کوردانەی کەلەسەدە ناوەڕاستەکاندا لەناوچەکە ئاکنجی بونو توانەوە. ئەمە پڕ بەپێستی پەیڕەوانی تایفەکەیە لەئازەربایجان، گەیلانو مازەندەران کە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەدەستداوە بەڵام ئەم ئاینەیان پاراستوە (بڕوانە کۆچە مێژوییەکانو هەروا یەکتری تەواو کردنو ئاسیمیلاسیون). هۆی ئەوەی کە کتێبە پیرۆزەکانی پەیڕەوانی ئەم ئاینە بەچەندان زمان نوسراون رەنگە بچێتە سەر ئەوەی کەویستویانە پەیوەندی بەرەگەزە جیاوازەکانەوە بکەن کەدواتر چونە سەر ئاینەکە. ئەم دیاردەیە لە ئاینەکانی مانی (کە ئەمڕۆ قڕی تێکەوتوە)، دورزیو هەروا ئیسماعیلی، کەپێشان تەماسیان لەگەڵ تایفە یەزدانییەکاندا هەبوە، دەبینرێ.

ئەم ئاینە لەڕابردودا زۆر خەڵکانی پەیڕەوی خۆی لەدەسداوە. بۆ نمونە، نزیکەی هەمو لوڕ چونە سەر مەزەبی شیعەگەریو دانیشتوانی کوردستانیش بونە موسڵمانی سوننی. لەکەکان زو شوێن پێی لوڕەکانیان هەڵگرت. ئەم دین گۆڕینە لەنێو کورددا، زۆربەی کات گۆڕینێکی تریشی لەزمانو شێوەی گوزەراندا بەدواوە بوە. ئەوەش بەڵگەیە کە لوڕەکان شێوە زارە گۆڕانە کوردیە جیاوازەکانی خۆیان گۆڕیو چونە سەر زمانی فارسیو تا ئەمڕۆ بەیەکێ لەفۆڕمە پێشکەوتوەکانی زمانی فارسی دەدوێن. زۆربەی کوردە کشتیارەکانیش، لەوانەی جاران لەپەیڕەوانی تایفەی یەزدانییەکان بون، کاتێك بون بەموسڵمان، لەزمانی پەهلەوییەوە وەرچەرخانە سەر کرمانجیو شێوەزارەکانی. بێجگە لەناوچەی موکریان کە دەوروبەری شاری مەهاباد دەگرێتەوە، ناوچەیەك کە ئەمڕۆ لەژێر کۆنتڕۆڵی دیالێکتی کرمانجی خواروی



سۆرانی دایە (بڕوانە: زمان) تا سێ سەدساڵێك لەمەوبەر، مەڵبەندی یارسانیزمو دیالێکتی گۆران بوە (بڕوانە کۆچە مێژوییەکان)، لەکاتێکدا ناوچەکانی باڵادەستیی کرمانجی سەرو تا سەدەی شازدەهەم ناوچەی زمانی دیمیلیو مەزەبی عەلەوی بوە.

لەکۆتاییی سەدەکەدا رێژەی ٣٣٪-٤٠٪ی کورد پەیڕەوییان لەو ئاینە دێرینە کردوە. لەم سەدەیەدا وەرچەرخانی پەیڕەوانی تایفەکە بۆ سەر ئیسلام دابەزیبە ئاستێکی نزمو ئێستا نزیکەی ٣٠٪ تا٣٥٪ ی سەرجەمی کورد لەپەیڕەوانی لقە جیاوازەکانی تایفەکەن. وا لەخوارەوەش هەندێ ئامار لەم رووەوە لەژێر ناوی هەر لقێك دەخەینە بەر چاو.

پەیڕەوانی تایفەکە سەرنجی مژدەبەرەکانیان راکێشا، بەتایبەتی مژدەبەرە مەسیحییەکان، کاتێك ئەو مژدەبەرانە لەسەرەتای سەدەی هەژدەهەمدا لەکوردستاندا کەوتنە چالاکی نواندن. ئەم مژدەبەرانە هەندێ قاموسی سەرەتاییان بۆ زمانی کوردی داناو هەندێ کتێبی مەسیحیەتیان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی (بڕوانە وێژە). مژدەبەرەکان بۆیان دەرکەوت کەکوردە کشتیارەکان لەموسڵمانە کوردە شوانکارە کۆچەرەکان زیاتر بەپیری کردەوە دینییەکانیانەوە دەچن. تائێستاش مژدەبەرە مەسیحیو بەهاییەکان زۆر هەوڵ دەدەن پەیڕەوە کوردەکانی تایفەکە لەدینی خۆیان هەڵگێڕنەوەو بیانکەن بەفەلە یاخود بەهایی.

خوێندنەوەی زۆرترو ببلۆگرافیا:

P.J. Bumke, “Kizlbas Kurden in Dersim (Tunceli, Turkei): Marginalitat und Haresie,” Anthropos 74 (1979); “The Kurdish Alevis: Boundaries and Perceptions,” in Peter Andrews, ed., Ethnic Groups in the Republic of Turkey (Wiesbaden:Reichert, 1989); N. yalman, ((Islamic Reform and the Mystic Tradition in Eastern Turkey,))European Journal of Sociology 10 (1969); F.W. Hasluck, “Heterodox Tribes of Asia Minor,” Journal of the

Royal Anthropologica I Institute of Great Britain and Ireland 51(1921); Matti Moosa, Extremist Shiites: The Ghulat Sects (syracuse: Syrsause Unthverstiy Press, 1988); James Reid, Tribalism and Society in Islamic Irsn, 1500 – 1629 (Malibu :Undena, 1983); Klausmuller, Kulturhistorische Studien zur Genese Pseudo-islamiseher Sektengebilde in Vorderasien (Wiesbaden:Franz Steiner Verlag, 1967); P. Butyka, "Das ehemalige Vilayer Dersim," Mitteilungen der kaiserlich-koniglichen Geographischen Gesellschaft 35(Berlin, 1892); Peter J, Bumke, "Kizilbasc-Kurden in Dersim (Tunceli, Turkei): Marginalitat und Haresie," Anthropos 74 (1979); Krisztina kehl- Bodrogi, Die Kizilbasc/ Aleviten: Untersuchungen uber eine esoterische Glaubensgemeinschaft in Anatolien (Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1988); Rev. Henry H. Riggs, "The Religion of the Dersim Kurds," Missionary Review of the World 24 (1911); Hanna Sohrweid, (Der Sieg der Safaviden in persien und seine Ruckwirkungen auf die D\ Shiiten Anatoliens im 16. Hahrhundert,) Der Islam 41 (1965); Melville Charter, "The Kizilbash Clans of Kurdistan," National Geographic Magazine 54 (1928) Trowbirdge, "The Alesvis," Harcard Theological Reviiew (1909); Helmut Nickel "The Dawn of Chivalry,) in ann Farkas et al., eds., from the Land of the Sqythians (New York: Metropolitan Museum of Arts, n.d); Richard Antoun and Donald Quataert, eds., Syria, Society, Culture, and Polity (Albany: SUNY press, 1991); Albert Hourant, Minorities in the Arab World (London: Oxford University



Press, 1947); L. Molyneux- Steel, "Journey into Dersim," Geographical Journal 44- 1 (London: 1914); M. Rekaya, "Mise au pont sur Theophobe et l' alliance de Babk avec Theophobe' (839/840),"Byzantion 44(1974); J. Rosser. "Theophobe' Khurramite policy and Its Finale; The Revolt of theophobus' persian Troops in 838," Byzantia 6(1974); Hans Jonas, The Gnostic Religion (Boston: Beacacon, 1963).

## یارسانیزم

پەیڕەوانی یارسالیزم بەچەند ناوێك ناسراون وەك یارسان، عەلی ئیلاهی (واتە ئەوانەی عەلی بەخودا دەزانن)، عەلی حەق، ئەهلی حەق (واتە پەیڕەوانی گیانی شکۆمەند)، شەیتان پەرست، نوسەیری (نەسرانییەکان یاخود مەسیحییەکان)و هی تر. ئەوانە بەزۆری لە کوردستانی باشوردا، هەم لەعیراقداو هەم لە ئێراندا، هەن‌و ناوچەکانی دەسەڵاتیان تاڕادەیەك هاوجوتە لەگەڵ ناوچەی گۆران‌و زوبانەکان (لەوانە لەك) بەهەندێ هەڵاوێردنەوە. ئەمڕۆ ئەم بیروباوەڕە بەسەر دو یان سێ تایفەدا دابەش بوە:

١-ئەهلی حەق کەزرۆبەی جار دەخرێنە پاڵ شیعە موسڵمانەکانەوە، ئەگەرچی خودی خۆیان پەیڕەوی لەبیروباوەڕە ئاینی‌یەکان نورعەلی ئیلاهی (کە یەکێکە لەبەرجەستەکارەکان‌و لەساڵی ١٩٧٤دا کۆچی دوایی‌ی کردوە)و باوکی، نیعمەتوڵڵا جەیحون ئابادی، دەکەن. نورعەلی ئیلاهی دانەری کتێبی بورهانە کەلای تایفەکە کتێبێکی پیرۆزە وەك کتێبێکی ئاینی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دا دەکرێ. ئەگەرچی ئەهلی حەق بەڕوکەش زۆر بەتەنگ ئەوەوەن کەخۆیان، لایەنی کەم، وەك شیعە موسڵمانەکان پیشان بدەن (یاخود بەخەڵکی بسەلێنن کە ئاینەکەیان ئاینێکی شیعی‌ی سەربەخۆیە) بەڵام سوکە پێداچونەوەیەك بەکتێبی

بورهان‌و وردبونەوە لە نوسینەکانی نورعەلی ئیلاهی‌و باوکی، هەمو شك‌و گومانێك لەسەر ئەوە دەڕەوێنێتەوە کەئەم پڕۆپاگەندەیەی ئەهلی هەق تەنها بۆ خۆپاراستنە لەتوڕەیی‌و هەڵچونی دراوسێ موسڵمانەکانیان. تا کۆتایی‌ی ساڵانی بیستی سەدەی بیستەم، وەك نورعەلی ئیلاهی وتویە، موسڵمانەکان کەوتبونە پەیجوری یارسانەکان‌و لەسێدارەو لەخاچیان دەدان.

٢-تایفەسان کەتازە خەریکن شێوەکارو بیروباوەڕە پڕەگماتییەکانی نورعەلی لەگەڵ ئیسلامدا دەگونجێنن. بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا بەقەدەر ئەهلی هەق بەتەنگ ئەوەوە نین کەبخرێنە پاڵ شیعەوە. بەگوتەی نورعەلی، تایفەسان لەپەیڕەوانی ئەون‌و لەئەهلی هەق زۆر جیا نین. ئەم دو گروپەی یارسانەکان زۆر شارستێن‌و روخۆشن‌و لەژێر کاریگەری‌ی کۆمەڵی شارستانی‌ی ئێران دان. پەیڕەوانی لقە بچوکەکەشیان لەعیراقدا شوێن پێی ئەوانیان هەڵگرتوە.

٣-ئاسایی‌یەکان کەزۆربەی هەرە زۆریان خەڵکانی رەمەکی‌و لادێیین، خۆیان بەیارسان دەزانن‌و هەندێ جار بەنوسەیری‌و عەلی ئیلاهی‌و زۆر جار دراوسێ موسڵمانەکانیان فشاریان دەخەنە سەر، بەڵام ئەمان بۆ بیروباوەڕی ئاینە کۆنەکەیان دڵسۆزترن‌و خۆیان بەموسڵمان پیشان نادەن. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەئەوان تاڕادەیەکی زۆر گەورەترین گروپ پێکدێنن، دەشێ واژەی یارسان نوێنەرایەتی‌ی ئەم لقەی تایفە یەزدانییەکان بکا. بۆچونێك هەیە کەپێی وایە واژەی یارسان لە ((یاری سان))ـەوە پەرەی سەندوە، واتە هاوڕێ‌ی سوڵتان، مەبەستیش سوڵتان سەهاکە. رەنگە ئەم بۆچونە لە بۆچونێکی فۆلکلۆری بچێ‌و مانای راستەقینەی وشەکە هێشتا نەدۆزرابێتەوە.

یارسانیزم سەبارەت بەپەیدابونی گەردون چەند یاسایەکی ئاینی‌ی قەشەنگی هەیەو لەم رەوەوە پێی وایە جیهان کاتێك پەیدا بوە کەروحی‌گەردون (هەق) کە لەئەزەل دا (واتە لەقۆناغی پێش ئەبەددا) نیشتەجێ‌یە، لەنێو مرواریدا خۆی وەك خواوەندی پەروەردگار (زاتی بەشەر)، (خاوەندگار)، راگەیاندو هەوەڵ حەوت چەرخی ژیانی گەردونی



(واتە بیاباس) دەست پێ کرد. پاشان خواوەندی پەروەردگار جیهانی ئافراند. روح بەشێوەی بەرجەستەکاری لاوەکی (زاتی میهمان) خۆی دەرخست‌و لەگەڵ خودی روحدا حەوت کوچکە پیرۆزەکەی پێك هێنا. ئەمە لەهەوەڵ چەرخی ئافراندنی ((ساجناری)) یاخود ((پەیدا کردن))دا رویدا (بڕوانە خشتەی ژمارە ٦).

چەرخی یەکەم شەش چەرخی دیکەی بەدوادا هات کەیەکێکیان زاتی بەشەرەو پێنجەکەی تر زاتی‌میهمانن. لەهەر یەکێ لەو چەرخانەدا روح بەشێوەی شەش بەرجەستەکاری نوێ خۆی دەرخست. چەرخی حەوتەم ژیانی گەردونی گرتەوە. بەرجەستەکارانی چەرخی یەکەم هەمان ناوی فریشتە گەورەکانی ئاینە ئاسمانییەکانی هەیە، ناوی بەرجەستەکارانی چەرخی دوەمیش بێجگە لە نوسەیر هەر هەموی بەعەلی وەك یەکەم بەرجەستەکاری موسڵمانەکان دەست پێ دەکا. لێرە دەکرێ نوسەیر وا دانرێ کەئاماژەیە بۆ نازارینا واتە یەسوعی مەسیح یاخود نارسیە کە بەرجەستەکارێکی لاوەکییەو دواتر بە ((تێوفۆبەس Theophobus)) ناوی دەرکرد (بڕوانە مێژوی کلاسیکی). چەرخی سێیەمیش بۆ شا خۆشین یاخود خورشید (هەتاو) واتە خواوەند میتراس یان میهر دەگەڕێتەوە (هەروا بڕوانە فۆلکلۆرو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان).

چەرخی چوارەم لەسوڵتان سەهاك‌و هەڤاڵەکانی‌یەوە دەست پێ دەکاو بەرجەستەکارەکانی لەخەڵکانی جولەکەن وەك موسا، داوودو بنیامین. بەرجەستەکارانی چەرخی حەوتەم نازناوی بەگیان هەیە کەنازناوێکی تورکی‌یەو بۆ رێزلێنان بەکار دێ. گۆڕانی کەسەکان‌و ناوی پیاوچاکەکانی هەر چاخێك رەنگدانەوەی روداوە کۆمەڵایەتی‌و مێژویی‌یەکانی ژیانی ئەوسای کوردە. لەو روداوە گرنگانە پەیدابونی تەڤگەری میترایی‌یە (لەسەدەی دوی پێش زاینەوە تا سەدەی سێ‌ی زاینی) لەباکوری رۆژئاوای کوردستاندا، دزەکردنی نەریتی یەهودی-مەسیحی بۆ ناوەڕاستی کوردستان لە سەدەی یەکەمی پێش زایندا‌و بۆ پارچەکانی تری کوردستان تا دوایی‌ی سەدەی حەوتەمی زاینی، هاتنی ئیسلام لەسەدەی حەوتەمدا، هێرشی تورك لەنێوان سەدەی ١٢و سەدەی

١٥و بە کۆچەر بونی (Nomadization) کۆمەڵی کوردەواری لەنێوان سەدەی ١٧و سەدەی ١٩ (بڕوانە مێژو).

ڕەنگە ناوی بەرجەستەکارانی چەرخی پێنجەم گوزارشت لەجوڵانەوە شۆڕشکێڕییەکانی تایفەکە بکا لەسەرەتای سەدە ناوەڕاستەکاندا. ناوی بەرجەستەکاری چەرخی یەکەم قرمزییە واتە سور. ئەم قرمزییە دەشێ بابەك بێ یاخود نارسا. لەمەوبەریش چوینە سەر باسکردنی جلوبەرگ‌و چەرمە سورەکانی ئەو شۆڕشگێڕانە. وشەی ((یار)) واتە ((هاوڕێ)) یاخود ((هەڤاڵ)) لەناوی دو بەرجەستەکاری لاوەکیی ئەم چەرخەدا بەدی دەکرێ. ئەم ناوەش لەسەرەتای سەدە ناوەڕاستەکاندا زۆر بەکاردەهات. نمونەیەکی دی کە پەیوەندیی پتەوی بەم مەسەلەیەوە هەیە، مازیارە (ماە یەزد یار واتە دۆستی فریشتەی میدیا)، کەشۆڕشگێڕێکە لەپەیڕەوانی تایفەکەو هاوکات لەگەڵ بابەك‌و نارسادا، لەناوچەی دەریای قەزوین شۆڕشی ڕاگەیاند (ریکایا ١٩٧٣). لەو کاتەدا کۆمەڵەیەکی نهێنی یاخود ((برابەندییەك))و چەند ریفۆرمەرێکی شۆڕشگێڕ لەنزیك بەغدا بەناوی ئەییارەوە (واتە دۆسان) کاریان دەکرد.

یارسانەکان پێیان وایە بەرجەستەکارەکانی چەرخی چوارەم‌و خودی سەهاك گرنگترین نیشانەکانی روحن لەپاش یەکەم روحی ئەسیری کەخوای پەروەردگار دەینوێنێ. بەبۆچونی عەلەوییەکان چەرخی دوەم‌و عەلی پێکەوە پلەی یەکەمیان بۆ خۆیان پچڕیوە، لەکاتێکدا ئێزدییەکان لەبۆچونی کلاسیکیی‌یاندا سەبارەت بە پەیدابونی گەردون پێیان وایە شێخ ئادی (عودەی)و بەرجەستەکارەکانی ئەم پلە بەرزەیان هەیە، ئەگەرچی رون نیە سەر بە چ چەرخێکن. لەلای یارسانەکاندا خاوەندگار، عەلی‌و سەهاك لەنێو حەوتەکەدا سێ لایەنە بەرزەکە پێکدێنن. عەلەوییەکانیش خاوەندگاریان هەیە کە عەلی‌و بەکتاشە (بڕوانە تەریقەتە سۆفیی‌یەکان)، لەکاتێکدا لەلای ئێزدییەکاندا شەیتان‌و ئادی‌و یەزید ئەو ئاستەیان هەیە. ئێزیدیەکان شەیتان یاخود مەلەك تاووس دەخەنە ریزی بەرجەستەکارە بەراییی‌یەکان واتە بەرجەستەکارانی چاخی یەکەم. لەخشتەی ژمارە ٦دا ئەوەی بەشەیتان دانراوە خراوەتە جێی خودی



خاوەندگار. بەپێچەوانەوە، لەچەرخی یەکەمدا شەیتان بونەوەرێکی گونجاو نەبوە، بۆیە لەچەرخەکانی دواتردا ئادیی کردۆتە یەکێ لە بەرجەستەکارەکانی. ئیتر لەهەر دەرکەوتنێکدا، لەشوێنی نوێنەرەکەیدا، لەچەرخەکەی دواتردا، بەرجەستە دەبێ. بەمجۆرە خاوەندگار لەچەرخی دوەم لەعەلیدا بەرجەستە دەبێ، لەچەرخی سێیەمدا لە شا خۆشیندا، لەچەرخی چوارەمدا لەسوڵتان سەهاکداو هیی‌تر.

لەهەر چەرخێکدا مێینەیەك لەروحی گەردوندا بەرجەستە دەبێ. ئەمەش ئاستی باڵای ژن لەداب‌و نەریت‌و کەلتوری کورددا دەردەخا (بڕوانە پلەوپایەی ژن‌و ژیانی هاوسەری).

لەلای یارسانەکاندا سوڵتان سەهاك گەورەترین کاراکتەرەو بەشێوەی سوڵتان ئیسحاق ئاماژەی بۆ کراوە. ئەم ناوەش لەلای موسڵمانەکاندا فۆرمە باوەکەی وشەی ئیزاکە، بەنەختێك پۆزش هێنانەوە بۆ ئەهلی هەق‌و تایفە سانەکان. ئەم ناوە لەگەڵ ناوە یەهودیی‌یەکانی تری بەرجەستەکارانی چەرخی چوارەمدا رێکدەکەوێ. دەربارەی لەدایکبونی سەهاك یاخود ئیسحاق بەشێوە تازەکەی لەنێوان سەدەی یازدەهەم‌و سیازدەهەمدا لەشارۆچکەی پیرۆزی بەرزنجە کە کوانوی گروپە سۆفیی‌یە قادرییەکانە (بڕوانە تەریقەتی سۆفیی‌یەکان) مشتومڕ هەیە. لەراستیدا دەڵێن گوایە شێخ مەحمودی سەرۆکی سۆفیی‌یەکانی تەریقەتی قادری کەپاش یەکەم جەنگی جیهان دژی ئیدارەی بریتانیا شۆڕشی هەڵگیرساندو خۆی بەشای کوردستان راگەیاند (بڕوانە مێژوی هاوچەرخ) دوانزەهەم نەوەی برایەکی سوڵتان سەهاکە. لەلایەکی دییەوە یارسانە کلاسیکیی‌یەکان لەو بڕوایەدان کە سەهاك مروڤێکی پایە بەرزو بەرجەستەکارێکی بەرزی روحی گەردون بوە، سەدان ساڵ ژیاوەو هێزو توانای سەیرو سەمەری هەبوەو تا ئێستاش بەشێوەی روحێکی شاخاوی لەئەشکەوتەکانی لوتکە بەرزەکانی شاخ‌و داخدا دەژی.

سەهاك وشەی شێواوی زوحاك یان دەهاکە (بڕوانە مێژوی دێرین). ئەم ناوە بەدرێژاییی چەرخە کلاسیکی‌و ناوەڕاستەکاندا، لەناوچەی

**زاگرۆس‌و لەهەرجێیەك كوردی لیٚ بوبیٚ، لەوانە ئەرمەنستان، بەشێوەی جیاجیا بەكارهاتوە. قەشەیەكیش بەناوی قەشە ساهاك بارتیڤ هەیە كە ئەرمەنێكی كاسۆلیكی كۆتایی‌ی سەدەی چوارەم‌و سەرەتای سەدەی پێنجەمی زایینی‌یە. جگە لەو، لەئەرمەنستانی سەدە ناوەڕاستەكانداو لەكاتێكدا، ئەرمەنستان ژمارەیەكی زۆر كوردی كۆچكەری لەباشوری رۆژهەلاتەوە بۆ دەچو، زۆر كەسی دیار بەو ناوە هەبو (بڕوانە كلاسیكی‌و كۆچە مێژوویی‌یەكان).**

**بەپێی بیروباوەڕی یارسان، مرۆڤ دوایین بەرهەمی دنیایی‌ی گەشتی پەرەسەندنی روحە. روح بەچونە نـاو شتی بیٚ‌گیان گەشتی خۆی دەست پیٚ دەكـاو بـۆ تـەواوكردنی ئـەم گەشـتە، لـەنێو روەك‌و دواتـر لـەنێو ئاژەڵەكاندا دەژی‌و پاشان خۆی دەئاخنێتە نێو لەشی پیاوێك یا ژنێكەوە. بۆیە ئەو پیاوە یان ئەو ژنە چوار رەفتاری تایبەت بەشـتی بـیٚ گیـان، روەك، ئاژەڵ‌و مرۆڤی دەبیٚ. روح هەر كە دەچێتە ناو لەشـی مرۆڤـەوە دەست بەگەشتێكی دۆنادۆنی‌ی تازە دەكاو بەم پێودانگە دەتوانیٚ ١٠٠١ جار خۆی بەرجەستە بكاتەوە، ئەمەش بەپێوانەی كات، ماوەیەكە بەقەدەر ماوەی مانەوەی گەردون كە پەنجا هەزار ساڵە. ئەمە پێی دەوتریٚ قۆناغی دون بـادون (دۆنـادۆن) ئەمـەش وا لێكدراوەتـەوە كـە بـەمانای ((لەجەستەیەكەوە بۆ جەستەیەكی دی)) دیٚ. لەكۆتایی‌ی ئەم گەشتەی پەرەسەندندا پیاوەكە یان ژنەكە دەگەنە قۆناغی رزگاری‌و دەبنە مرۆڤێك، بونەوەرێكی تەواو پیرۆز كەشایستەی شوێنی خۆیەتی لە ئاسمانی بالادا، شوێنێك كەتێیدا لەگەڵ روحی گەردوندا یەكدەگرێتەوە.**

**لەیارسانیزمدا رزگاربون ئەركێكی مرۆڤە. كۆمەڵ بەرپرسیار نیە لە یارمەتیدانی كەس بۆ گەیشتن بەمرۆڤایەتی. تەنانـەت كۆمـەكێك كـە مامۆسـتایان‌و شـارەزایانی دیـن پێشكەشـی دەكـەن، كۆمـەكێكی ئارەزومەندانەیەو لەخۆیانەوە دەیكەن. بون‌و نەبونی ئەو كۆمەكە هـیچ كاریگەرییەكی لەسەر روحی كەسـەكە نیـە. لـەڕوی تیۆرییـەوە مـرۆڤ دەتوانیٚ بە درێژایی‌ی ژیانێكی پڕ هەوڵ‌و رەنج‌و كۆشش بگاتە بەرزترین پلەی مرۆڤایەتی. بەپێچەوانەشەوە رەنگە خولەكە هەزار هەوڵی پێویست**



**بیٚ (دوایین ژیـانی پـاش هـەزار ژیـان ژیـانی رزگاری‌یـەو بـەدۆنادۆن ناژمێردریٚ). لەوانەیە خەڵكانی گوناهكار پاشەكشە بكەن‌و لە ئاژەڵدا بەرجەستە ببنەوە. ئەوانـە ژیانیـان ناچـێتە پـاڵ هـەزار ژیانەكـە. هـەر منـاڵێكی بەرمەمكان پێش تەواوكردنی چل رۆژی ژیان بمریٚ، گیـانی تێدا بەرجەستە نابیٚ. ئەگـەر روح پـاش هـەزار سـاڵەكەی تایبـەت بـە دۆنادۆن یاخود لەكاتی كۆتایی هاتنی گەردون دا پاش پەنجا هەزار ساڵ نەتوانیٚ خۆی بگەیەنێتە ئاستی مرۆڤەوە، لەگەڵ روحە ژێركەوتوەكانی دیكەدا دادگایی دەكریٚ، ئەویش لەكاتی دادوەری‌ی یەكجارەكی‌دا یاخود ئەوەی پێی دەگوتریٚ ((پردیڤاری)) واتە لەپرد پەرینەوە.**

**خشتەی ژمارە (٦)**

چـەرخەكانی پەیـدابونی گـەردون‌و بەرجەسـتەكارەكانی روحـی گـەردون لـە یارسانیزم

| روحی گەردون (هەق) | | چەرخەكان | بەرجستەكارەكان (بابا) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | مێینە |
| | ١ | خاوەندگار | جبرائیل | میكائیل | ئیسرافیل | عزرائیل | ؟ |
| | ٢ | عەلی | سەلمان | قەنبەر | موحەممەد | نوسەیر | فاتیمە |
| | ٣ | شاخۆشین* (میتراس) | بابابوزرگ | كاكەرەزا | پیرشالیار | باباتایەر | ماماجەلالە |
| | ٤ | سوڵتانسەهاك* | خدر (بنیامین) | داود | پیرموسابابا یادگار* | برایم تەییار* | دایراك رەزیار |
| | ٥ | قرمزی(شاوەیس) | قەمبەر دەستەوەر | یاری‌جان | یارعەلی | شاسوار | زاربانو |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٦ | محەمەدبەگ (نوربەخش) | کامەهریجان | کامەلەك | ؟ | قەرەپوست | دوستی |
| | ٧ | ئاتەش بەگ | جەمشیدبەگ | ئەڵماس بەگ | عەلادین خان | عەبدال بەگ | پەریخانم |

ئەفسانە: *کوڕی بێ باوك.

**کوڕی بێ دایك.

؟ زۆر یاخود هیچ.

سەرچاوە: خەزانە، شاهنامەی حەقیقەتو بورهان.

بەهۆی باوەڕی پتەوی یارسانەکان بەبەرجەستەبون، بەدەگمەن لەسەر مردو دەست بەگریان دەکەن چونکە پێیان وایە مردوەکە زۆر نابا لەجەستەی منداڵێکی ساوادا بەرجەستە دەبێتەوە. ئەوەی راستیش بێ تا ماوەیەکی نزیك شتێکی ئاسایی نەبو کە ئاخوندەکان هەوڵی دۆزینەی ئەو منداڵە ساوایە بدەن کەگیانی کابرای مردوی چۆتە ناوییەوە.

یارسانیزم وەك لقەکانی تری تایفە یەزدانییەکان هیچ کتێبێکی خودایی‌ی پیرۆزی نیە بەلاّم لەباتی ئەمە کۆمەڵە قسەو پەیڤین‌و نەریتێك یاخود دەفتەرێکی هەیە کە وەك کتێبێکی پیرۆز هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ. ناوەڕۆکی ئەو دەفتەرە لەکاتی جیاوازو بەزمانی جیاوازو لەکاتی وەرچەرخانی سەرهەڵدانی یەکێ لە چەرخەکانی دیرۆکی دورو درێژی ئەم ئاینە کۆکراوەتەوە. لەم رووەوە گرنگترین نوسراو نوسراوی سەرەنجامە کە بەخەزنەش ناسراوەو هەموو قسەکانی سوڵتان سەهاك‌و ئاخوندو کەسایەتیە ئایینی‌یە یارسانی‌یەکانی هاوچەرخ‌و پێشینەکانی گرتۆتە خۆ. ئەمەش بالاّترین نوسراوە کەجێی هەمو نوسراوەکانی دیکەی گرتۆتەوە. ئەم نوسراوە بەشێوەی شیعر، بەبن دیالێکتی هەورامی‌ی سەر بەگۆران (بڕوانە زمان) نوسراوە. جگەلەمە نوسراوو دەفتەرێکی تر بەزمانی گۆران‌و هەروا بەلوڕی‌و فارسی‌و



بەچەند شێوە زارێکی تورکی هەیە. لەنوسراوە سەرەکییەکانی تر: ((داورای بەهلول)) کەخراوەتە پاڵ کابرایەکی نەناسراوەوە بەناوی بەهلول ماهی (بەهلولی میدی)و مێژوی بۆ سەدەی هەشتی زاینی دەگەڕێتەوە. ئەم نوسراوە بەشێوەی شیعرو بەشێوە زارێکی کۆنی گۆران نوسراوە. بێ لەوە شاهنامەی حەقیقەتیش هەیە کە نوسەرەکەی نیعمەتوڵلاّ جەیحون ئابادی موکری‌یەو کتێبی ((بورهان))یش هەیە کە نورعەلی ئیلاهی نوسیویەتی. ئەم دو کتێبە هەردوکیان تازە بەفارسی نوسراون‌و هەندێ ئیقتیباساتیان بەزمانی گۆران‌و لە قورئانەوە بەعەرەبی تێدایە.

مەڵبەندی یارسانەکان کەوتۆتە قوڵایی‌ی ناوچەی گۆران، لەنزیك شاری گاهوارە یاخود گاوارا بەدووری‌ی چل میلەوە لە رۆژئاوای کرماشانەوە. گۆڕی بابا یادگاریش لەگوندێکدایە بەهەمان ناو کەپەنجا میل لەباشوری رۆژئاوای گاهوارەوە دورەو تا ئێستا بە پیرۆزترین شوێنی یارسانەکان دەژمێردرێ. پێش نەورۆز پەیڕەوانی یارسان سەردانی گۆڕەکە دەکەن‌و لەوتنەوەی ئەو سرودانەدا بەشداری دەکەن کەدروستی‌ی بیروباوەڕی یارسان ساغ دەکەنەوە. مەلاّ یاخود مامۆستای ئاینی یاخود پیر هەڵبەستێك بەشێوەی پرسیار دەخوێنێتەوەو ئەوانی دی لێی دەسەننەوەو وەلاّمی دەدەنەوە. ئەو فۆرمە دیالێکتی‌یەی لەوتارە ئاینی‌و سرودەکانی ئاهەنگ گێڕاندا هەیە، ریشەی قوڵی هەم لەناوچەی زاگرۆس دا هەیە، هەم لە شرۆڤەکانی زەندی ئاڤێستای ئاینی زەردەشتی‌و هەم لەشێوە شیعری‌یەکەی تایبەت بە خەڵکی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس دا. بەم بۆنەیەوە یەکێ لەرێو رەسمەکانی تری یارسانەکان، سەربڕینی کەڵەشێرە (لەلای ئێزدییەکان کەڵەشێر گیاندارێکی پیرۆزە چونکە گوزارشت لە خۆرهەلاّتن دەکا. لەبەر ئەوە ئێزدییەکان بەوپەڕی توندوتیژییەوە ئەم رەفتارەی یارسانەکان سەرزەنشت دەکەن).

ئەگەرچی پاشماوەی بیروباوەڕەکانی ئاین‌و داب‌و نەریت لەلای هەمو لقەکانی تایفە یەزدانی‌یەکاندا، هێشتا تین‌وتاوی ماوە، بەلاّم بەشێکی زۆری لەبیرچۆتەوە یاخود شێواوە. گرنگترین زاراوە ئاینی‌یە گەلی‌یەکان‌و چەرخی روداوەکان‌و خاڵە سەرەکییەکانی ئاینەکە، هەر هەموی لەگوزارەی

سەرزارەکیو خورافاتی باوو مێژوی دەسکردو خەیاڵاتی مەلاکانی ئاینی یارسانییەوە وەرگیراوە. ئەوەش بەڵگەیە کە روداوە گرنگەکانی ساجناریو پردیڤاری کە تایبەتن بەگەردون، ئاهەنگیان بۆ ساز دەکرێو بەسامو هەیبەتەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دا دەکرێ، ئەگەرچی زانیارییەکی کەم لەبارەیانەوە هەیەو تەنانەت بەتەواویو بەپوختیش سەرودەر لەواتاو گەوهەری ئەو روداوانە دەرناچێ.

روخسارێکی سەرنج راکێش کە بەدیمەنی یارسانەکانەوە دیارە، نەریتی سمێڵ نەتاشینە. لەڕاستیدا یارسانەکان ئەوەندەی پێیان بکری سمێڵ دەهێڵنەوە بەڵام ریش دەتاشن. ئەم نەریتەش لەئیسلامدا قەدەغەیە (بە پێی ئیسلام، دەبێ سمێڵ هەمیشە کورت بێ)، لەکاتێکدا ئەم نەریتە بۆتە نیشانەی شیعە توندڕەوەکان کە ئەوانیش لە عەلەوییەکانیان وەرگرتوە. سەرنجێك لە تابلۆکانی سەردەمی سەفەوییەکان دەری دەخا کەپاشا سەفەوییەکان ریشیان دەتاشیو سمێڵیان بەچڕی دەهێشتەوە، دیمەنی ئەو پاشایانە، هەمان دیمەنی پەیڕەوانی تایفە یەزدانییەکانە، وەك ئەمڕۆ دەیانبینین. لەم رۆژگارەدا ئەم نەریتە لای زۆرینەی شیعەدا پەیڕەو ناکرێ چونکە ئیسلام رێی پێ نادا. بەجۆرە پیادەکردنی ئەم نەریتە دیسان بوو بەنەریتێکی تایبەت بەتایفە یەزدانییەکان، بەتایبەتی یارسانو ئێزدییەکان.

ئێستا پەیڕەوانی یارسانیزم بەزۆری لە کوردستانی باشوردانو لەدەرەوەی کوردستانیش، لەچیاکانی ئەلبورزو ئازەربایجانو عیراق بەکەمی هەن (بڕوانە خشتەی ژمارە پێنج). شاعیری بەناوبانگی سەدە ناوەڕاستەکان بابا تایەرو هەروەها شاعیری سەدەی نۆزدەهەم ئەدیبولەمالیك لە پەیڕەوانی ئەم ئاینە بون (لەڕاستیشدا بابا تایەر لەخانەی بەرجەستەکارە لاوەکییەکانی چەرخی سێیەمە). جگە لەمانە، کوردەکانی ساریلیو کاکەییو باژلان (کەهەروا بە باجەلانو باجەروان ناسراون)و لەچەند پوازێکی لێك دابڕوو لێکتری دوری نێوان قەسر شیرینو کەرکوكو موسڵ دا دەژین جۆرە یارسانیزمێکیان تێدا بەدی دەکرێ. ئەمڕۆ پەیڕەوانی یارسان نزیکەی ١٠٪ تا ١٥٪ ی سەرجەمی کورد پێکدێنن.



**خوێندنەوەی زۆرترو بیلۆگرافیا:**

V. Minorsky, “Ahl-Haqq,” in the Encyclopaedia of Islam; Mohammed Moker, Le Chasseur de Dieu et le mythe du Roi-Aigle (Wiesbaden:Otto Harrassowitz, 1967); Shah- Nama – ye Haqiqat, French Commentary and partial translation by mohammad  Mokri (Paris: Institue Francais d’ lranologie, Bibliotheque Iranienne, 1971); Robert Canfield “What They Do When the Lights Are Out:Myth and Social Order in Afghanistan, “Paper presentd at the ACLS/SSRC Joint Committee on the near And Middle East Conference on Symbols of Social Differentiation (Baltimore, 1978); Reza M. Hamzeh’I, The Yaresan:A Sociological, Historical and Religioo-Historical Study of a Kurdish Community(Berlin: Klaus Schwarz Verlag, 1990); W. Ivanow, The Truth-Worshippers of Kurdistan: Ahl-iHaqq Texts (Leiden:Brill,1953); V. Minorsky, “Notes sur la secte des Ahle Haqq,” Revune du monde Musulman 40-41 (1920 and 1921); mohammed Mokeri, Recherches de Kurdologie: Contriburion scientifique aux etudes iraniennes(Paris: Klinclsieck, 1970); Dale Eickelman, The Middle East: An Anthropological Approach (Englewood Cliffs:Prentice- Hall, 1981); Henry Rawlinson, Journey from Zohab to Khuzistan (London,1836); Henry Rawlinson, “Notes on a march form Zohab, “Journal of Royal Geographic Society (London, 1839); John Macdonald Kinnier, A Geographical Memoir of the Persian Empire (London,1813);John Macdonald Kinnier, Journey through Asia Minor , Armenia and Kurdistan, in

the years 1813 and 1814 (London, 1818); Edith Porada, “Of Deer, Bells and Pomegranates,” Iranica Antiqua vii (1967) ; Mohammed Mokri, L’ Esoterisme kurde (paris,1966); Matti Moosa, Extremist Shiites: The Ghulat Sects (Syracuse: Syracuse University Press, 1988); M.Rekaya, “Mazyar: Resistance ou integration d’un province iranienne au monde musulman au milieu du Ixe siecle ap. JC.,” Studia Iranica 2(1973).

## عەلەوی‌یەکان

زۆربەی کوردە دیملی‌یەکانی ئەناتۆلیاو هەندێ لەدراوسێکانیان کە بەکرمانجی دەدوێن، لەپەیڕەوانی تایفەیەکی تری تایفە یەزدانییەکانن‌و پێیان دەگوترێ عەلەوی (واتە لایەنگرانی عەلی)و ئالیڤی **Alevis** (گەلی ئاگر کەبەناوەڕۆك بەمانای ئاگر پەرست دێ یاخود زەردەشتی چونکە **"Alev"** بەمانای ئاگر دێ)و قزلباش (سەرسورەکان) (بڕوانە جلوبەرگ‌و زێڕو خشڵ)و نوسەیری کەدەشێ بەنەسرانی، واتە مەسیحی یان پەیڕەوانی نارسا (شۆڕشگێڕە کوردەکەی بزوتنەوەی خوررەمی‌ی سەرەتای سەدە ناوەڕاستەکان کەخۆی‌و لایەنگرەکانی لەناوچەی ئەناتۆلیا نیشتەجێ بون) بژمێردرێ (بڕوانە مێژوی سەدە ناوەڕاستەکان). عەلەوییەکان پێیان وایە عەلی گرنگترین بەرجەستەکاری رۆحی گەردونە لەچەرخی دووەمی ژیانی گەردوندا (بڕوانە یارسانیزم). دیارە ئەمەش زێدەڕۆیی‌یە لەخۆشویستنی ئەم یەکەم ئیمامەی شیعە موسڵمانەکان. رەنگە هەر ئەمەش وای کردبێ، رێك وەك مەسەلەی ناونانی یارسان، بێگانەکان ناویان بنێن عەلی ئیلاهی. مەسەلەی جێی سەرنج ئەوەیە کە بەپێچەوانەی ئەوەی یارسانەکان باوەڕیان پێ‌یەتی، عەلی لەلای عەلەوییەکان کەسایەتییەکی دوو لایەنەی هەیە. یارسانەکان



ئیمام عەلی‌و پێغەمبەر موحەممەد پێکەوە گرێدەدەن‌و عەلی موحەممەدیان لێ پێك دێنن‌و بەیەك بەرجەستەکاریان لەقەڵەم دەدەن ئەگەرچی بەشێوەیەکی دوو لایەنە بەدیار دەکەون. زۆربەی جار شا ئیسماعیلی یەکەمی بناغە داڕێژەری بنەماڵەی حوکمڕانی سەفەوی، کاتێك خۆی بەهەق یاخود بەرۆح ناو نەدەبرد، خۆی ناو دەنا عەلی موحەممەد.

سەرەڕای گرنگی‌ی عەلی لەم ئاینەداو سەرەڕای ناوە هاوچەرخە گشتییەکەی، عەلەوی وەك ئاینێکی نائیسلامی‌و وەك باقی لقەکانی تایفەکە بە بەشێکی تایفەی یەزدانی دەمێنێتەوە، چونکە بیرو ئەندێشە عەلەوییەکان لەگەڵ پەیام‌و گیانی قورئاندا، وەك هەر ئاینێکی ناسامی‌ی سەربەخۆ، رێکنا کەوێ.

ئەمڕۆ لەنێو عەرەبە سورییایی‌یەکانیش عەلەوی هەیەو لەسوریا عەلەوییەکان زیاد لە١٣٪ی سەرجەمی دانیشتوانی دەوڵەت پێکدێنن. لەوێ زۆربەی جار بەنوسەیری ناسراون‌و گروپە ئاینی‌یە زاڵەکەی ناوچەی کەناری سوریا پێکدێنن، لەبەندەرەکانی لازقیەو تەرتوس نیشتەجێن. رەگەزی کوردیش، جاران‌و ئێستاش هەیە، نەك هەر لەباکوردا بەڵکو هەروا لەرۆژهەلاتیش، بەئاقاری شاری حەما. بەجۆرە، عەرەبە عەلەوییەکان تێکەڵەن لەو عەرەبانەی کەدینی خۆیان گۆڕی‌و ئەو کوردانەی لەقاڵب دران‌و توانەوە (بڕوانە کۆچە مێژوویی‌یەکان). سەرۆکی ئێستای سوریاش، حافز ئەسەد، عەلەوی‌یە (راستترە بڵێین: نوسەیری‌یە. بڕوانە ئەمەی خوارەوە). ئەم بەشەی سوریا لەکاتی ماندێتی فەرەنسایی‌دا، بەرەچاوکردنی ئەم فاکتەرە ئاینی‌یە، ئۆتۆنۆمی‌ی بۆ سەلێنرا.

لەتورکیاش زۆر تورکمان کە لەچیاکانی تۆرۆس‌و پۆنتەس لەنزیك شارەکانی ئەدەنە، سیواس، تۆقات‌و ئەماسیە بەتەنیشت کوردەوە دەژین، لەپەیڕەوانی ئاینی عەلەوین. بەپێچەوانەی سوریاوە، عەلەوییە ناکوردەکانی ئەناتۆلیا لەو تورکانەن کەدینی خۆیان گۆڕی‌و کوردی تواوە نین. ئەو تورکمانانە، شان بەشانی کوردە عەلەوییەکان، بڕبڕەی پشتی ئەو هێزە چەکدارانە بون کەپشتیوانییان لەدەرکەوتنی سەفەوییەکانی وڵاتی فارس کرد

(بڕوانە سەرەتای مێژووی هاوچەرخ). رەنگە ژمارەی ئێستای عەلەوییە تورکمانەکان بەقەد ژمارەی عەلەوییە کوردەکان بێ، ئەگەر زۆرتر نەبێ. شەبەکەکانیش کە لەباشورو باشوری رۆژهەڵاتی شاری موسل لەناوەڕاستی کوردستانداو بەتەنیشت باجەلانە یارسانەکانەوە دەژین، چەشنە ئاینێکی عەلەویی دیملی‌یان تێدا بەدی دەکرێ.

عەلەویی دیملی لەیارسانیزم زیاتر پەیوەستی لەگەڵ پەرستنە ئاریایی‌یەکاندا هەیە. لەڕێو رەسمەکانی ئەم ئاینە، سەردانەواندن بۆ دەرکەوتنی خۆرو مانگو خوێندنەوەی سرود بەم بۆنەیەوە. رێو رەسمی کۆبونەوەی گشتی‌ی جەمخانەش، عەلەوییە دیملی‌یەکان ناویان ناوە ((ئایینی جەم)) واتە ((نەریتی جەم))، جەم گەورە یاخود گردبونەوەی سەرەکی‌ی گەورەی ساڵ هاوکاتە لەگەڵ جەژنی قوربان کەکۆتایی بەحەجی مەککە دێنێو سەربڕینی مەڕیشی تێدایە. جەم (کە لەئاینی زەردەشتدا بەجەمشید ناسراوەو لەڤیدادا بەیەما) لەنەریتە زەردەشتی‌یەکاندا ئەو پاڵەوانە ئاری‌یە مەزنەیە کەجەژنی نەورۆزی داهێناوە کەسەری ساڵی کوردیو ئێرانی‌یە. بەپێی ئەفسانەکە، ئەژدەهاك لەدوایین رۆژی تەمەنی‌دا جەمی کردە قۆچی قوربانی خۆر هەڵاتن. ئەوی راستیش بێ، لەشانامەی فردەوسی‌دا کەداستانێکی ئێرانی‌ی بەناوبانگە، جەمشید وەك عەلەوییەکان بە((خۆرو مانگ پەرست)) ناو براوە (بەشی تایبەت بەهاتنی زەردەشت، دێڕی ٧١).

لەبنەڕەتدا ((ئایینی جەم)) هەمان ئاهەنگە ئاینی‌یەکەی جەمخانەی یارسانو هەمان ئاهەنگی ((جەم))ی لای ئێزدی‌یەکان پێکدێنێ. سەرەڕای قسەوقسەڵۆكو رەخنەی بێگانەکان، عەلەوییەکان تائێستا رێ بەژنان دەدەن بەتەواوی بەشداری لەرێورەسمو گردبونە ئاینی‌یەکاندا بکەن، بەتایبەتی ئاهەنگە گەورەکەی ئایینی جەم. هەر ئاهەنگەشە کەبێگانەکان بەهۆیەوە توانج لەعەلەوییەکان دەگرن، چونکە ئەو تۆمەتە دەخەنە پاڵ عەلەوییەکانەوە کە لەو ئاهەنگەدا، لەکاتی جێبەجێ کردنی رێو رەسمی مۆم کوژاندنەوەدا، سواری ژنی یەکتری دەبن.



لەنێو هەندێ لەعەلەوی‌یە دیملی‌یەکانو هەروا لەنێو هەندێ لەخێڵە ئێزدی‌یەکاندا هێشتا پەیڕەوی لەڕێو رەسمێکی ئێرانی‌ی تایبەت بەخوا پەرستن دەکرێ کەخۆی لەشمشێرێکی لەزەوی چەقیودا دەنوێنێ. مارك سایکس لەساڵی ١٩٠٨دا باسی ئەوەی کردوە کەئەم رێو رەسمە لەنێو هەندێ لەئێلاتی دیملی، واتە بۆسکانو کوریانو بەڕونی لەلای زکیری، موسی‌و سارمی هەیە، بەڵام ئەوەشی خستۆتە سەر کەئێلاتی زکیری، موسی‌و سارمی دواتر دەستیان لەم رێو رەسمە هەڵگرتوە. هیرۆدۆتیش باسی ئەم رێو رەسمەی کردوەو گێڕاویەتی کە ٢٣٠٠ ساڵ لەمەوپێش ئەم رێو رەسمە لەئۆکراین لەلای سیتیانی‌یەکانو سارماتی‌یەکاندا (کەخزمانی کوردو گەلە ئێرانییەکانی ترن) هەبوە (لێکچونێك کە لەنێوان ناوی خێڵەکی‌ی دیملییەکان، واتە سارمی‌و ناوی سارماتییەکاندا هەیە جێی تێڕامانو تێفکرینە). هێمای شمشێری لەزەویدا یاخود لەبەرددا چەقیو لەهێمای بریتانیایی‌ی ئیکسکالیبەر[*] و شا ئارسەر دەچێ. ئەگەرێکی زۆر هەیە پەیوەندییەك لەنێوان دوو هێماکەدا هەبێ. ساڵی ١٧٥ی زاینی ئیمپراتۆری رۆمان مارکۆس ئوریلیۆس هێزێکی سارماتی‌یەکانی بانۆنیا (هەنگاریای ئێستا)ی بۆ خزمەت کردن لەئینگەلتەرەو سکۆتلاند دیاری کرد (ناوی فەرماندە سارماتی‌یەکە لوشیۆس ئارتۆریۆس بوو). بەگوتەی نیکل، رەنگە ئەم سارماتی‌یانە بن کەئەفسانەکەی ئیکسکالیبەریان بۆ ئینگەلتەرە بردبێ. سەرەنجام، چیرۆکی ئیکسکالیبەر لەو رێو رەسمە ئاینی‌یە دیملی‌یە عەلەوی‌یە دەچێ. دیملی‌یەکان دوایین گەلی ئێرانین کە تائێستا پەیڕەوی لەو رێو رەسمە لەمێژینەیە دەکەن.

هەندێ گەڕیدەی ئەوروپایی‌ی هاوچەرخ باسیان کردوە کەهەندێ لەقزلباشەکان سەگێکی رەشی گەورە، وەك بەرجەستە بونێکی خودایی، دەپەرستن (درایڤەر ٩٢١- ٩٢٣). ئەگەرچی ریوایەتەکەی درایڤەر بەرامبەر

[*] ئیکسکالیبەر: ناوی شمشێرە ئەفسانەیی‌یەکەی شائارسەرە (وەرگێڕ).

بەعەلەوی‌یەکان‌و بەرامبەر بەم ڕێ‌و ڕەسمە کەناکرێ بەڕونی بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە، ریوایەتێکی تاڕادەیەك دوژمنکارانەیە، بەڵام پیرۆز ڕاگرتنی سەگ وەك هێمای چاکە (ماریش وەك هێمای خراپە) خۆی لەخۆیدا ڕێ‌و ڕەسمێکی فرە کۆنە. نەگونجانی هەر دوو جەمسەر کەیەکێکیان سەگ بۆتە هێمای سەرەکی‌ی جەمسەرەکەی‌و ئەوی تریان مار، تاڕادەیەك لەهەموو ئاینە ڕۆحی‌یە دێرینەکاندا، بەتایبەتی میترایی، هەیە (جۆناس ١٩٦٣).

پیرۆز ڕاگرتن‌و کردنی عەلی بەخودا لەلایەن عەلەوییەکانەوە، لەلای قەرەقۆینلۆو خانەدانە فەرمانڕەوا سەفەوی‌یەکاندا ڕۆشنترین دیاردەیە. لەکاتێکدا عەلەوییەکان هەوڵیان دەدا دەسەڵاتی سیاسی‌ی خۆیان‌و ئاینە عەلەوییەکەیان لەڕێی خۆ بەشیعە دانانەوە بڵاوبکەنەوە، ئەم دیاردەیە، سەرباری ڕێ‌و ڕەسم‌و بیروباوەڕە نائیسلامییەکانی تر، لەموسڵمانەکانی دەوروبەری خۆیانی دور دەخستنەوە. عەلەوییەکان بەگشتی بەقزلباش ناسرا بون، ناوێك کە تائێستا کوردە دیملی‌یەکان‌و عەلەوییە هاوچەرخەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەناتۆلیا، شوێنێك کە لەسەدەی پانزەهەمدا بزوتنەوەکەی تێدا هەڵقولاَ، پێی ناسراون.

لەپێکهاتنی هێزی مرۆیی‌ی پێویست بۆ پاڵپێوەنانی بزوتنەوەی عەلەوی لەسەدەی پانزەهەم‌و شانزەهەمدا دوو فاکتەر هەن کەگرنگی‌ی خۆیان لەم بارەیەوە ساغ کردۆتەوە، ئەویش بریتین لە:- ١-باش بونی باری دیموگرافی‌ی کورد لەساڵانی نێوان ١٤٠٠و ١٥٢٠دا بەجۆرێك کە لەمەوبەر نمونەی نەبو (بڕوانە دیموگرافی). ٢-سەرکەوتنی بەرایی‌ی عەلەوییەکان لەکردنی ژمارەیەکی زۆری خێڵە تورکمانە دراوسێکانی ئەناتۆلیاو کافکاس بەتایفەی یەزدانی. مشورخۆرانی سەرەتایی‌ی ئەم چەشنەی ڕێبازی عەلەوی کە لەلای مێژوونوساندا بەشیعەی توندڕەو ناسراون، لەبنەماڵەی پاشایەتی‌ی قەرقۆینلۆی تورکمان بون کەهەموو خاکی ئێرانی ئەمڕۆ، کافکاس‌و ئەناتۆلیای ڕۆژهەڵاتی حوکم کردوە (بڕوانە مێژوی سەدە ناوەڕاستەکان). مەیلی قەرەقۆینلۆ بەلای تایفە یەزدانییەکان‌و دورکەوتنەوە لەئیسلام، لەو کاتەدا زۆر ڕون‌و ڕۆشن بوو. پاشماوە دوایی‌یەکانی خێڵە تورکمانەکانی



قەرەقۆینلۆ کەئەمڕۆ لەخاکی کۆمارەکانی یەکێتی‌ی سۆڤێتی جاران‌و ئازەربایجانی ئێران دەژین، وەك مینۆرسکی باسی لێوە کردوە، لەپەیڕەوانی تایفە یەزدانییەکانن. لەو خێڵە کوردانەش کەبەشدار بون لەشۆڕشە سەفەوییە عەلەوییە کە: شاملو، شێخ وەند، شادلو، خەجوەند، زەعفەرانلو، ستاجلوو قوڤانلو. هەموو ئەم خێڵانە تائێستا بەناسنامەی کوردی‌یەوە ماون (خشتەی ژمارە ١).

جامانەی سوری ئەو شۆڕشگێڕە ئاینی‌یە کۆمەڵایەتی‌یانە وای کرد کەبەهەندێ لەجامانە سورەکان بوترێ قزلباش، تائەمڕۆش لەنێو کوردە دیملی‌یە عەلەوییەکاندا دەبینرێ. لەنێو کوردە ناعەلەوییەکانیش، لەنێو بارزانی‌یەکاندا هەیە. رابەرە بارزانی‌یەکان کە بەشێوەیەکی کلاسیکی، سەرکردایەتی‌ی دەسەڵاتی ئاینی‌یان بەدەستەوەیە، جامانەی سور وەك نەریتێکی پیرۆزی خانەدانەکانیان دەبەستن (بڕوانە جلوبەرگ‌و زێڕو خشڵ). ئەم ڕەنگی سورە نیشانەی بزوتنەوە مەزدەکی‌و خوررەمی‌یەکان بوە کە بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی عەلەوی ڕێخۆشکەر بون. هەندێ لقی عەلەوی، بەتایبەتی یارسانیزم، لەسەدەکانی ١٥- ١٧ لەبەر چەند هۆیەك لەشیعە موسڵمانەکان نزیك بونەوە، ئەمەش کارێکی وای کرد ئەو لقانە ئەو ڕواڵەت‌و روخسارانە پەیدا بکەن کەئەمڕۆ هەیانە. ئەو لقە عەلەوییانەی کە لەگەڵ شیعەدا بون بەهاوئەندێشەو هاوبیر، لەئەهلی هەقی پەیڕەوانی نور عەلی ئیلاهی دەچن (بڕوانە یارسانیزم). تەنانەت لەپێشکەوتوترین قۆناغی وەرچەرخان‌دا، ناشێ ئەهلی هەق یان عەلەوییەکان، بەپێی پێوانەو پێوەرە قورئانییەکان، بەشیعە یاخود بەموسڵمان لەقەڵەم بدرێن.

ئاینی عەلەوی لەلای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی‌و حوکمڕانەکانی، ئاینێکی بێزراوو ناپەسەند بوو، چونکە سوڵتانەکان عەباکەی پێغەمبەریان بەشانی خۆیاندا دەداو پشتیوانییان لەسوننەگەری‌یە کلاسیکی‌یە ئیسلامی‌یەکە دەکرد. عەلەوییەکان لەسەر دەستی حکومەت، بەپێی بەرنامەی نەخشە بۆ کێشراو، دووچاری کوشت‌و کوشتارێکی زۆر بون، ئەمەش دەم‌ودەست پاش

ئەوە رویدا کەسوڵتان سەلیمی عوسمانی لەساڵی ١٥١٤دا ئەناتۆلیای ڕۆژهەڵاتی لەئێرانی‌یەکان سەندەوەو دەستی بەسەردا گرت.

سەرەڕای ئەمە، چەوسانەوەیەك کەبەرۆکی عەلەوییەکانی گرت، زۆر لەو چەوسانەوەیە کەمتر بوو کەئێزدییەکان دووچاری بون، هۆی ئەمەش بۆ زۆریی ژمارەی عەلەوییەکان دەگەڕێتەوە. تائەمڕۆ پەیڕەوانی ئەم ئاینە نزیکەی ٢٠٪ی سەرجەمی کورد پێکدێنن.

باری هەژاریو نەداریی کۆمەڵی عەلەوی لەسایەی حوکمی دورو درێژی چەند سەد ساڵەی عوسمانی‌یەکانداو بەگومان کەوتنی عوسمانییەکان لەدڵسۆزیی عەلەوییەکان بۆ فارس، تا پەیدابونی کۆماری تورکیا پاش ساڵی ١٩٢٢ درێژەی کێشا، کاتێك کۆمار دانی بەعیلمانیەتی تەواودا ناو ئیتر لێرە بەدواوە چیتر وڵاتی فارس (ئێران) نەبوە مایەی هەڕەشەو گوڕەشە. ئەنقەرە بەم زوانە لەوە هۆشیار بۆوە کەڕق هەڵگرتن لەعەلەوییەکانو گروپی سۆفییە بەکتاشەکان کەپەیوەندی‌یەکی پتەویان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، شتێکی ماقوڵو پەسەند نیە، بگرە بەپێچەوانەوە، ئەگەر سیاسەتی دژایەتی کردنی عەلەوییەکان درێژە بکێشێ، ئەنقەرە زۆر شت دەدۆڕێنی. هەر ئەم سیاسەتەش بوو کەبوە مایەی ئەوەی کوردە عەلەوییەکان (کەهەستیان دەکرد لەدوو لاوە دەچەوسێنرێنەوە: لەلایەك بەوەی کەکوردنو لەلایەك بەوەی کەعەلەوین) شۆڕشگێڕی رادیکالو گروپی سیاسی‌ی هەرە توندڕەویان لێ بکەوێتەوە. هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی عەلەوییە هاوچەرخەکان بەرامبەر بەجەورو ستەم بزوتنەوە بەرایی‌یەکانی تایفە یەزدانی‌یەکان (وەك مەزدەکی‌و خوررەمی)و رادیکالی‌یە شیعەگەری‌یەکانمان بیر دەخاتەوە.

ئەمڕۆ عەلەوی لەتورکیا وەك ئاینێکی ئەناتۆلیایی‌ی خۆجێ‌ی شایستە ڕێزو نەوازش دانی پێدانراوە. ئەنقەرە بۆ راگرتنی تەرازویەکی بەسود بەرامبەر بەگیانی جیهاد پەروەریی موسڵمانە سوننەکان، لەژێر پەردەی نەتەوایەتی‌دا، تەنانەت بەشێوەیەکی رەسمی، ئاهەنگە عەلەوییەکان بەسەر دەکاتەوە.



لەم رووەوە دەبێ سەرنجی ڕێبازی نوسەیریش بدەین کەلقێکی عەلەوی‌یەو زادەی تێکهەڵکیش بونی نەریتو بەها عەرەبی‌و رۆو رەسمەکانی تایفە یەزدانییەکانە، ئەویش کاتێك کۆچکەرە کوردەکان ئەم ئاینەیان گەیاندە ناوچەکانی کەنار دەریای سوریا. لەسۆنگەی ئەوەشەوە کەئەمڕۆ پەیڕەوانی نوسەیری خۆیان بەکورد ناژمێرن، هەمو ئەوەی باس دەکرێ هەندێ کورتە تێڕامانە لەبیروباوەڕەکانیان. لەلای نوسەیری‌دا سەلمان* نەك عەلی گرنگترین رۆحی بەرجەستەکاری دوای خوای پەروەردگارە. سەلمان کەکابرایەکی فارسە یەکێ بوو لەئەسحابەکانی پێغەمبەر. ئیتر کەسایەتی‌یە ئیسلامی‌یەکانی تر کەوتونەتە چەرخی دووەمی ژیانی گەردونی (واتە چەرخە دنیایی‌یە هەرە گرنگەکە). لەمەشدا نوسەیری لەگەڵ عەلەویدا یەکدەگرێتەوە. لای نوسەیری‌یەکان رۆژی ئاهەنگە سەرەکییەکانی ساڵ هەمان رۆژی ئاهەنگە ئێزدی‌یەکانە، لەوانە رۆژی نەورۆز (٢١ی مارت)، میتراکان (کە لەلای ئەوان پێی دەوترێ میهرەجانو دەکەوێتە رۆژانی ٦- ١١ی تشرینی یەکەم)و جەژنی یەزید (٢٥ی کانونی یەکەم). ئاهەنگی چوارەم کە لەلای ئێزدی‌یەکاندا بەبۆنەی تیراگانەوە لەکۆتایی‌ی مانگی تەموز بەڕێوە دەچێ، لەلای نوسەیری‌یەکاندا ئاهەنگی ((سادە)) دەچێتە جێ‌ی کەئاهەنگێکە لەکانونی دووەمدا، لەکاتێکدا مەسیحی‌یەکان جەژنی ((غەتاس)) Epiphany یاد دەکەنەوە، ساز دەکرێ.

لەڕاستیدا جیاوازیی رونی نێوان نوسەیریو عەلەوی‌و لەنێوان نوسەیری‌و باقی تایفە یەزدانییەکانی تر لەفەلسەفەی ئاینی‌دا نیە بەڵکو لەبیرو ئەندێشە کۆمەلایەتی‌یەکانیان دایە بەتایبەتی سەبارەت بەهەڵسوکەوتیان لەگەڵ ژندا. لەلای نوسەیری‌یەکاندا، بەپێچەوانەی کوردەکانەوە، ژن وەك چۆن لەئاینە

* سەلمان کە بەسەلمانی فارسی ناسراوە یەکێکە لەهاوڕێو یاوەرانی موحەممەد پێغەمبەر. لەمەدینە ئاشنایەتی‌ی لەگەڵ پێغەمبەردا پەیدا کرد. سەرگوزشتەیەکی نەزانراوی هەیەو زۆر شت لەسەر گەشتی بەئیسلامبونی نیە. ژیانێکی هەژارانەی بردە سەر (وەرگێڕ).

**سامی‌یەكانی دیكەدا پلەیەكی نزمی هەیە، لەلای ئەوانیش پلەیەكی نزمی هەیە. لەڕاستیدا نوسەیری‌یەكان پێیان وایە ژن، وەك ئاژەڵو شتی بێ گیان، پێویستی بەگیانەو گیانی پیاوی گوناهكار، پاش مردنی، دەچێتە ناو لەشی ئافرەتەوەو لەوێ خولێكی ژیان لەلەشی ئافرەتێكی بێ گیاندا، بەدەم ئازارو ئەشكەنجەیەكی كاتی‌یەوە، بەسەر دەبا. نوسەیری‌یەكان كاتێك فاتیمەی كچی پێغەمبەر دەخەنە ریزی بەرجەستەكارە سەرەكییەكانەوە، ناوەكەی دەكەن بەفاتم، واتە روخسارێكی نێرینەی دەدەنێو دەشڵێن گوایە فاتیمە پیاو بوە، بەڵام شێوەی ئافرەتی وەرگرتوە بۆ ئەوەی هەر دوو ئیمامی حەسەنو حوسەینی لەعەلی ببێ. دیارە ئەمەش سوكایەتی‌یەكی ئاشكرایە بەسەنگی قورسی ئافرەت لەلای باقی لقەكانی تایفە یەزدانییەكاندا كەپێیان وایە لەهەر قۆناغێكی دۆنادۆندا، وەك لەخشتەی ژمارە ٦دا دەردەكەوێ، ژنێك وەك بەرجەستەكارێكی سەرەكی دەردەكەوێ (هەروا بڕوانە پایەی ئافرەتو ژیانی هاوسەری).**

خوێندنەوەی زۆرترو ببلۆگرافیا:


P.J. Bumke, “Kizilbas Kurden in Dersim (Tunceli, Turkei): Marginalitat and Haresie,” Anthropos 74 (1979); “The Kurdish Alevis: Boundaries and Perceptions,” in Peter Andrews, ed., Ethnic Groups in the Republic of Turky (Wiesbaden: Reichert, 1989); N. Yalman, “Islamic Reform and the Mystic Tradition in Eastern Turkey,” European Journal of Sociology 10 (1969); F.W Hasluck, “Heterodox Tribes of Asia Minor,” Joufnal of the Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland 51 (1921); Matti Moosa, Extremist Shiites: The Ghulat Sects (Syracus: Syracuse





University Press, 1988); Jamea Reid, Tribalism and Society in Islamic Iran, 1500- 1629 (Malibu: Undena, 1983); Klaus Muller, Kulturhistorische Studien Zur Genese Pseudo- islamischer Sektengebilde in Vorderasien (Wiesbaden: Franz Steiner Verlag, 1967); P. Butyka, “Das ehemalige Vilayet Dersim,” Mitteilungen der kaiserlich- koniglichen Geographischen Gesellschaft 35 (Berlin, 1892); Peter J. Bumke, “Kizilbasc- Kurden in Dersim (Tunceli, Turkei): Marginalitat und Haresie,” Anthropos 74 (1979); Krisztina Kehl- Bodrogi, Die Kizilbasc/ Aleviten: Untersuchungen uber eine esoterische Glaubensgemeinschaft in Anatoloien (Berlin: Klaus schwarz Verlag, 1988); Rev. Henry H. Riggs, “The Religion of the Dersim Kurds,” Missionary Kurds, “Missionary Review of the World 24 (1911); Hanna Sohrweide, “Der Sieg der safaviden in Persien und seine Ruckwirkungen auf die Shiiten Anatoliens im 16. Jahrbundert,” Der Islam 41 (1965); Melville Charter, “The Kizibash Clans of Kurdistan, “National Geographic Magazine 54 (1928); Trowbridg “Thealevis,” Harvard Theogical Review (1909); Helmut Nickel, “The Dawn of Chivalry, in Ann Farkas et al., eds., From the Land of the Scythians (New York: Mtropolitan Museum of Arts, n. d.); Richatd Antoun and Donald Quataert, eds., Syria, Society, Culture, and Polity (Albany: SUNY Press, 1991); Albert Hourani, Minorities in the Arab World

(London: Oxford University press, 1947): L. Molyneux steel, "journey into Dersim" Geographical juornal 44- 1 (London: 1914) M.Rkaya, "Mise au Point sur Theophobe et I, alliance de Babek, avec Theophile (839/ 840)," Byzantion 44 (1974); J. Rosser, "Theophius Khurramite Policy and Its Finale: The Revolt of Theophobus, Persian Troops in 838," Byzantia 6 (1974); Hans Jonas, The Gnostic Religion (Boston: Beacon, 1963).

## ئێزدییاتی

پەیڕەوانی ئاینی ئێزدییاتی خۆیان بەچەند ناوێك دەناسێنن: ئێزدی، یەزدانی، ئیزادیو داسنائی. بێگانەکانیش زۆر جار بۆ سوکایەتی پێ کردنیان ناویان ناون شەیتان پەرست. ئێزدییەکان ٥٪ی سەرجەمی ژمارەی کورد پێکدێننو ئەمڕۆ لەچەند بوارێکی پچڕ پچڕداو بەشێوەیەکی سەرەکی لەباکوری رۆژئاواو باکوری رۆژهەڵاتی سوریا، کافکاس، باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا، بەرزاییەکانی چیای شنگار لەسەر سنوری عێراق- سوریاو ناوچەکانی باکوری شاری موسل دەژین.

ئێزدییاتی وەك لقێکی تایفە یەزدانییەکان ڕێزێکی تایبەت لەفریشتە دەگرێ. ناوی ئێزدی دەچێیتەوە سەر زاراوە ئێرانییەکەی چەرخە کۆنو ناوەڕاستەکانی ((یازانە)) یان ((یازاتە)) واتە (فریشتە)). لەو فریشتانە شەیتان کە بەشێوەی مەلەك تاووس ناوی دەهێنن. شەیتان دور لەوەی کە



کەڵەگای تاریکیو خراپەیە، هەمان سروشتی فریشتە گەورەکانی دیکەی هەیە، ئەگەر چی دەسەڵاتو هێزێکی زۆرتری بەسەر کاروباری ماددیی دنیاوە هەیە. لەڕاستیشدا مەلەك تاووس ئافەرێنەری جیهانەو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پارچە شکاوەکانی هێلکەی گەردون یان مرواریەکی گیانداری بەکار هێناوە.

ئەگەر چی هەموو کتێبە پیرۆزەکانی ئێزدییەکان بڵاوکراونەتەوەو تەرجەمەش کراون بەڵام مەسەلە بنەڕەتییەکانی ئێزدییاتی سەبارەت بەبیرۆکەی پەیدابونی گەردون هێشتا رۆشن نین. بۆ نمونە، مەسەلەی پەیوەندیی شەیتان بەیەکێ لەچەرخەکانی ژیانی گەردون یان شوێنی راستەقینەی، بۆ مەزەندەکاریی مەنتیقییانە هێڵراوەتەوە. شتێکی ئاساییە کەناشێ شەیتان وەك رۆحی گەردون بێ چونکە رۆحی گەردون ناچێتە نێو پرۆسەی ئافراندنەوە. لەهەردوو ئاینی یارسانیو عەلەویدا، خاوەندگار (خوای پەروەدگار). ئەرکی ((ساجناری)) واتە دروستکرنی گەردون، بەو پێیەی کەیەکەم بەرجەستەکاری رۆحە، دەگرێتە ئەستۆ. ئەمە هانمان دەدا وا بیر بکەینەوە کەشەیتان لای ئێزدییەکان لەبیرۆکەی پەیدابونی گەردوندا جێی خاوەندگار دەگرێتەوە. هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزدییەکان، واتە ((جیلوە))و ((مسحەف)) کەدواتر گفتوگۆیان لەسەر دەکەین، دروستیی ئەم بۆچونە دەسەلێننو تاڕادەیەك هەموو تەرجەمەکانی ئەم دەقانە بەتەواوەتی لەگێستەوە (١٩٨٧) وەرگیراون. بەپێی کتێبی ((جیلوە)) مەلەك تاووس ((پێش هەموو بونەوەرەکان هەبوە))و من (واتە مەلەك تاووس) هەبومو ئێستاش هەمو تا دەچمە نێو نەمرییەوە هەر هەمو ئەوسا دەسەڵاتم هەموو بونەوەرەکان دەگرێتەوە... شوێنێك نیە منی لێ نەبێو منی تێدا ئامادە نەبم... هەموو چەرخێك بەرجەستەکاری خۆی هەیەو ئەمەش بەدەستورو فەرمانی من دەبێ. هەموو نەوەیەك لەگەڵ سەرۆکی ئەم جیهانەدا دەگۆڕێ، بەجۆرێك کەهەر یەکێ لەو سەرۆکانە ئەرکی خۆی لەخولی خۆیدا بەئەنجام دەگەیەنێ. پێویستە لەسەر فریشتەکانی تر توخنی کردەوەکانم نەکەون. ئەوەی من بڕیاری لەسەر دەدەم دێتە دی)). لەلای یارسانیزمو

عەلەویدا هەموو ئەم سیفەتانە لەخاوەندگاردا دەبینرێن. بەپێی ((مسحەف)): ((سەرەتا خوا (کەدەشێ مەبەست رۆحی گەردون بێ) مرواری‌یەکی سپی‌ی لەگرانبەهاترین گەوهەرو باڵندەیەکی بەناوی ئەنفەرەوە دروست کرد، مروارییەکەی خستە سەر پشتی باڵندەکە، ئیتر ئەو مرواریيە بۆ ماوەی چل هەزار ساڵ ئاوا ماویەوە. لەیەکەم رۆژی ئافراندندا (رۆژی یەکشەممە) خوا فریشتەیەکی بەناوی عەزازیل دروست کرد کەمەلەك تاووسە، گەورەی هەموان)). مسحەف ناوی شەش فریشتەی تر دێنێ کە لەرۆژانی دواتری یەکەم هەفتەی ئافراندنی چەرخی یەکەمدا دروست کران. ناوی ئەو فریشتانە لەگەڵ ناوی فریشتەکانی یارسانیزم‌و عەلەویدا هاوجوتە، وەك لەخشتەی ژمارە (٦)دا دیارە. گیروگرفتەکە لەوەدایە کەحەوت بەرجەستەکار هەیە نەك شەش کەخودی رۆحی گەردونیان لەمشور خواردنی کاروباری جیهان دور خستۆتەوە. بەهەر حاڵ، ئەمە سەرەنجامی ئەو گەنیوی‌یەیە کەدواتر دووچاری دروستبونی گەردون بوەو رەنگە ئەم بیرۆکەیە لەژێر کاریگەری‌ی ئەندێشەی یەهودی- مەسیحی‌دا پەیدا بوبێ. ئەوەی لەبەشی یەکەمی مسحەف ماوە شتێك دەربارەی پەیدابونی مرۆڤ دەگێڕێتەوە کەنزیکە لەچیرۆکی ئادەم‌و حەواو شەیتانەکەی ئەندێشەی یەهودی- مەسیحی، ئەگەرچی شەیتان لەلای ئێزدییەکاندا فریشتەی روناکی‌و ئەندامێکی چاك‌و مامۆستایە، هەر لەبەر ئەمەشە کە دەکرێتە لێپرسراوی هەموو بونەوەرەکانی جیهان.

چیرۆکی راستەقینەی چەرخی یەکەم لەکۆتایی‌ی بەشی یەکەمی مسحەفدا بەشێوەیەکی کرچ‌و کاڵ‌و تاڕادەیەك لێڵ‌و بەشێوەی یەك گوزارە دەردەکەوێ. وەك لەدواییدا ساغ دەبێتەوە گوزارەکە بەتەواوی رێکە لەگەڵ بۆچونە بنچینەیی‌یەکانی تایفە یەزدانییەکان. بەپێی مسحەف ((لەگەوهەرو نوری خۆی شەش بەرجەستەکاری دروست کرد، دروست کردنیان وەك ئەوە وابو کەسێك بەچرایەك چرایەکی تر داگیرسێنێ)). لەسۆنگەی ئەمەوە، دەشێ وای بۆ بچین کەباوەڕی یەکەمی ئێزدییەکان ئەوەیە کەشەیتان یەکەم بەرجەستەکاری رۆحی گەردونە لەچەرخی یەکەمدا، ئەوەی دەربارەی دروست



کردنی گەردونیش لەلای تایفە یەزدانییەکاندا هەیە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. شەیتان خۆی، بەشێوەی مەلەك تاووس، وەك باڵندەیەکی برۆنزی ئاماژەی بۆ دەکرێ. ئەم تەلیسمەش پێی دەگوتری ((ئەنزەل)) واتە کۆن‌و ساڵانە لەجەژنی سەرەکی‌ی ((جەم)) لەلالش پێشکەش دەکرێ.

لالش‌و ناوچەکانی دەوروبەری، شوێنی ناشتنی شێخ ئادین کە کەسایەتی‌یە گرنگەکەی ئێزدییاتی پێکدێنی. رۆڵێك کەئادی لەئێزدییاتی‌دا دەیگێڕێ، لەو رۆڵە دەچێ کەسوڵتان سەهاك لەیارسانیزم‌و عەلی لەلای عەلەوییەکاندا دەیگێڕێ. لەلای ئێزدییەکاندا شێخ ئادی گرنگترین بەرجەستەکاری رۆحی گەردونە لەچەرخەکانی پاش چەرخی یەکەم. بەوەش کەئادی یەکەم بەرجەستەکارە، کەواتە ئەو دەبێتە سەرلەنوێ بەرجەستەکردنەوەی خودی مەلەك تاووس. لەم وێنە دەسکاریکراوە نوێیەدا رۆڵێکی بنچینەیی لەئێزدییاتی‌دا بۆ ئادی دیاری کراوەو جێی سەرنجیشە چونکە باوەڕ بەوە هەیە کەئادی لەو سەردەمەدا ژیاوە کەیارسانە هاوچەرخەکان پێیان وایە سوڵتان سەهاکی تێدا ژیاوە، واتە لەماوەی نێوان هەر دوو سەدەی دوانزەو سیانزە (ئەم کاتە تاڕادەیەك ئەو کاتەیە کەوا زانراوە بەکتاشی عەلەوییەکانی تێدا ژیاوەو لقی تایفەکەی تێدا دامەزراندوە). باوەڕێك هەیە کەئادی‌و سەهاك سەد ساڵ زیاتر ژیاون.

بێجگە لەوێنە سەرەکییە هەڵکۆڵراوەکەی باڵندەی ئەنزەل، مەلەك تاووس شەش ئاسەواری پیرۆزی دیکەی لەم چەشنە هەیە کەپێیان دەوترێ سەنجەقەکان، واتە ئاخوندەکان (لەکۆمەڵی ئێزدی‌دا) کەهەر یەکێکیان نوێنەری یەکێ لەناوچەکانی گردهەمایی‌ی ئێزدی‌یەکانە. هەموو ساڵ ئەم ئاسەوارانە دەبرێنە لای ئاخوندەکانی سوریاو زۆزان (واتە ساسۆن یان کوردستانی باکورو رۆژئاوا لەئەناتۆلیا)، شنگارو شێخان (لەحەوزی زێی گەورە)، تەورێز (ئازەربایجان)و مۆسکۆف (مۆسکۆ واتە ناوچەی کافکاسی کۆنی سەردەمی یەکێتی‌ی سۆڤێت)، ئەویش بەمەبەستی پەرستن. سەنجەقەکانی تەورێزو مۆسکۆف لەم خانەیە نەمان چونکە ئازەربایجان ژمارەیەکی زۆری ئێزدییەکانی لێ نەماو حکومەتە عیلمانی‌یەکەی یەکێتی‌ی

سۆڤیێتیش ڕێی نەدەدا ئەو نوشتەو جادووانە بگەنە دەستی کۆمەڵە چوستو چالاکەکەی ئێزدییەکانی کافکاس.

ئێزدییەکان وەك لقەکانی دیکەی تایفەی یەزدانی، کتێبی خودایی‌ی پیرۆزیان نیە. بەڵام چەندین کتێبی پیرۆزیان هەیە کەزۆربەی بیروباوەڕە ئایینی‌یەکانیانی تێدایە. کتێبێکی بچوکی پێنج هەزار وشەیی بەزمانی عەرەبی هەیە کەپڕ لالانەوەی ئایینی‌یەو دەڵێن گوایە خودی شێخ ئادی دایناوە، پێی دەڵێن ((جیلوە)) یاخود سروشت (ئیلهام). کتێبەکەی تر کەگەورەترو تێروتەسەلترە مەسحەفا ڕەشە کەبەزمانی کوردی‌یەو دەڵێن گوایە شێخ حەسەنی کوڕی شێخ ئادی (لەدایکبوی دەوروبەری ساڵی ١١٩٥ زایینی‌یە) نوسیویەتی.

مسحەف دەوڵەمەندترین کتێبە پیرۆزەکانی ئێزدی‌یەکانە چونکە هەموو بیروباوەڕی دینی‌ی تایبەت بەپەیدابونی گەردونو پرسیارو وەڵامەکانی سەبارەت بەقیامەتو ڕێو ڕەسمی ئایینی‌ی تێدایە، ئەگەرچی زۆر شتی سەیرو سەمەریشی تێکەوتوە (زۆرتر لەوەی کە لەنوسراوە یارسانی‌یەکاندا بەدی دەکرێ). ئەوی ڕاستیش بێ، مێژوی مسحەف بۆ سەدەی ١٣ دەگەڕێتەوەو ئەم کتێبە بەشێوە زارێکی کوردی‌ی کرمانجی‌ی کۆن نوسراوە. لەسەدەی سیانزەهەمدا کرمانجی لەبەرزایی‌یە سەختەکانی هەکاری خۆی پاراستبو (بڕوانە کرمانجی). لەڕاستیشدا خودی ناوچەی هەکاری ئەو شوێنە بووە کەپەیڕەوە خوێن گەرمەکانی ئادی‌و حەسەنی تێدا پەیدا بووە. تەنانەت خودی ئادی  ناونراوە ئادی‌ی هەکاری، ئەگەرچی ئێزدییەکان لەو بڕوایەدان کە ئەو لەدۆڵی بیقاعی لوبنان لەدایك بوە.

لەچوار ئاهەنگی سەرەکی‌ی ساڵانەی لای ئێزدییەکان دوو ئاهەنگ هەن کەلێرەدا بایەخی تایبەتیان هەیە، کەبریتین لەجەژنەکانی جەمو یەزید.

جەژنی جەم گرنگترین جەژنی ئێزدییەکانەو ماوەکەی حەوت ڕۆژە. لەو جەژنەدا وێنەی باڵندەی ((ئەنزەل)) دەدرێتە ئیماندارەکان. ئەم جەژنە کەوتۆتە نێوان ٦و ١٣ی تشرینی یەکەمو بەم بۆنەیەوە دەبێ هەموو ئیماندارەکان لەلالش کۆببنەوە چونکە ئەو شوێنە شێخو چەند



کەسایەتی‌یەکی ئێزدی‌ی پیرۆزی دیکەی تێدا نێژراوە لەوانە حەسەن. ئەم جەژنە هاوکاتە لەگەڵ جەژنە ئاریایی‌یە کۆنەکەی میتراکان (میهراگان لەلای زەردەشتی‌یەکان، میهرەجانی نوسەیری، بڕوانە عەلەوی) کەکاتەکەی کەوتۆتە ناوەڕاستی تشرینی یەکەم. میتراکانە کۆنەکان بەبۆنەی ئافراندنی جیهان لەلایەن میتراسی خواوەندی خۆرەوە کە لەبەهەشتدا گایەکی کوشتو گۆشتەکەی بۆ دروست کردنی جیهانی ماددی بەکارهێنا، بەزمو ئاهەنگیان ساز دەکرد. لەم جەژنەدا لەلالش شۆڕە سوارەکان گایەك بەدەستەوە دەگرنو بەدەوروو خولی ئارامگای شەمسەددینی دەگێڕن، دواتر سەری دەبڕنو گۆشتەکەی بەسەر حاجی‌یەکاندا دەبەخشنەوە.

داهێنانی ئاینی ئێزدییاتی خراوەتە پاڵ یەزیدەوە کە کەسێکی سەرلێشێوێنەرەو ئێزدییەکان بەشێوەیەکی سەیر ڕێزی لێ دەگرن (خودی ئاینەکە بەئاشکرا ناوی یەزیدی پێوەیە). یەزید پاش مەلەك تاووس گرنگترین بەرجەستەکاری ڕۆحە (هەندێ دەڵێن یەزید هەمان ئاستی مەلەك تاووسی هەیە). هەندێ جار ئێزدی‌یەکان دەڵێن یەزید خەلیفەی ئەمەوی یەزیدی کوڕی مەعاویەیە (کە لە٦٨٠ تا ٦٨٣ حوکمی کردوە)و شیعەکان بەگەورەترین تاوانباری لەقەڵەم دەدەن. ئەم دیاری کردنە چەوتە بەدڵی هەر دوو حکومەتەکەی سوریاو عێراقە (کەبەمە هەوڵ دەدەن ئێزدییەکان لەکورد دابڕنو بیانخەنە پاڵ ئەمەوی‌یەکانەوەو سەرەنجام بیانکەن بەعەرەب). هەر ئەمەش ئەندامانی خانەدانە دەستڕۆیشتوە ئێزدییەکەی چۆلی هانداوە جلی عەرەب بپۆشنو ناوی خەلیفە ئەمەوییەکان لەخۆ بنێن. لەگەڵ ئەوەشداو دور لەوەی کەیەزید خەلیفەیەکی ئەمەوی‌یە، ناوی ئێزدی‌یەکان دەچێتەوە سەر ((یەزد)) واتە فریشتەو بەپێی گرنگی‌یەکەی دەشێ فریشتەی ئێزدییەکان بێ. ئەم تێکەڵ کردنە تەنز ئامێزە بەڕادەیەك خۆی بەسەر سەرکردایەتی‌ی ئێزدی‌دا سەپاندوە کەوای کردوە لەناسنامەی نەتەوەیی‌ی خۆیان خانەگومان بن. ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ڕادەی چەوسانەوەی ڕابردوو و وێرانکردنی هەرچی‌ی پەیوەندی بەئاینو دیرۆكو وێژەی ئێزدی‌یەوە هەیەو وێرانکردنی ئەو پاشماوە کەمەی بۆیان ماوەتەوە، شتێکی ناچاوەڕوان کراو نیە.

تۆ بڵێی مەلەك تاووس كە لەئەدەبیاتی تایبەت بەپەیدابونی گەردونی ئێزدییەكاندا جیهانی ماددیی لەپارچەیەكی رەسەنی هێلكەی گەردون یاخود لەمراورییەكی لەتكراو دروست كردوە، خودی میتراس نەبێ لەئێزدیاتیی سەرەتاییداو دواتریش نەبوبێ بەشەیتان؟ دووەم جەژنە ئێزدییەكەی تر هەلی دەركەوتنی ئەم ئەگەرە دەرەخسێنێ. ئەم جەژنە كەوتۆتە نێوان ناوەڕاستی كانونی یەكەمو كۆتاییی هەمان مانگو بەبۆنەی لەدایكبونی یەزیدەوە بەڕێوە دەچێ. رۆژی لەدایكبونی یەزید هاوكاتە لەگەڵ فراوانترین لاربونەوەی هەتاو لەسەر خولی كاوڕ لەزستانانیدا یاخود دەوروبەری كاتی لاربونەوەكە دەگرێتەوە، ئەمەش ئەو جەژنە بەمیتراسەوە دەبەستێتەوە (بیروباوەری میترایی لەسەدەی یەكەمی پێش زایندا لەم ناوچە جوگرافیاییەوە هەڵكشایە سەر ئیمپراتۆریەتی رۆمان بەگشتیو وەك نەختێك لەمەوپێش گفتوگۆی لەسەر كرا، یادی لەدایكبونی ئەفسانەییی میتراس لەرۆژی ٢٥ی كانونی یەكەمدا ئاهەنگی بۆ ساز دەكرا). ئەم ئاهەنگ گێڕانە لەبایەخو گرنگیدا هاوتای چەژنی سەرەكیی جامە لەتشرینی یەكەمدا، لەو ساڵیادەدا، پێش هاتنی یۆبیل، ئێزدییەكان سێ رۆژ بەڕۆژو دەبن.

بەپێی ریوایەتە ئێزدییەكەی ئافراندنی جیهان، باڵندە لەهەموو روداوە سەرەكییەكاندا رۆڵی سەرەكی دەگێڕێ. ئەو روداوانە ئەوەندە زۆرن كەناكرێ لێرە بەكورتی باس بكرێن. پیرۆز راگرتنی دەركەوتنی خواوەند بەشێوەی باڵندە، مەلەك تاووس، هەروا پیرۆز راگرتنی كەڵەشێر، دوو نمونەی زۆر باون. مەسەلە سەرسوڕهێنەرە كەم باوەكە ئەوەیە كەلەدوریی ٣٠ میل لەئارامگای لالشەوە ئاسەوارەكانی شانەدەری- زەوی چەمی هەن كەتێیدا زانای ئاسەوارناس سۆلیكی پاشماوەی ئێسقانو باڵی گەورەی باڵندەی دۆزییەوە،



بەتایبەتی چێرگ* كەمێژوی بۆ ١٠٨٠٠ ± ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. پاشماوەكان ئاماژە بەهەندێ رێو رەسمی دینی دەكەن كەباڵندەی تێدا بەكارهێنراوەو رەنگە پەڕو باڵی ئەو باڵندانە وەك بەشێك لەجلو بەرگی ئاخوندەكان بەكار هاتبێ (سۆلیكی ١٩٧٧).

لەهونەری میسۆپۆتامیاییدا، بەتایبەتی لەهەڵكەنراوە پادشاهییە ئاشوورییەكاندا كەدەكرێ لەلالشەوە بەچاو نەینەوای پایتەختی ئاشورییەكان ببینرێ، بەكار هێنانی پەڕو باڵی باڵندە بۆ ئاماژەكردن بۆ خواوەندەكان شتێكی باو بوو. پێكەوە گرێدانی هونەرییانەی پەڕو باڵو بونەوەرە نافڕیوەكانی وەك مرۆڤ (بۆ ئاماژە كردن بەخواوەندەكان) یان گرێدانی پەڕو باڵو شێر (وەك ئەبولهول) یان پەڕو باڵو گا (وەك هێما خوایییەكان) یان پەڕو باڵو ئەسپ (وەك بوراق، ئەسپە باڵدارەكە)، لەگەڵ زەخرەفەو نەخشو نیگاری باڵ ئاسای سەر جلو بەرگی ئاخوندەكان، لەزۆر كەلتوردا شتێكی باوە بەڵام وێنە كردنی خواوەندی باڵا بەشێوەی باڵدارێكی پەڕدار شتێكی تایبەت بەئێزدییاتییە. دیاردەی رێو رەسمی بەقوربانی كردن لەئاسەوارەكانی زەوی چەمی، دروستیی رەسەنیی ئەم رێو رەسمەی ئێستای ئێزدییاتی دەسەلێنێ.

وێنەی باڵندەی لالش، وەك لەناوەكەیدا دەردەكەوێ، هەمیشە بەتاووس ناسراوە، ئەگەرچی نە لەكوردستاندا تاووس هەیەو نە لەم پارچەیەی ئاسیا. لەبەر روناهیی دۆزینەوەكانی زەوی چەمیدا، چێرگ تارادەیەكی زۆر لەو باڵندەیە دەچێ كە لەوێنە ئێزدییەكەدا هەیە. كوردستان چێرگی لێیە (بڕوانە روەكو گیاندارەكان). ئەم باڵندەیە كلكێكی هەمەرەنگی هەیە كە لەكلكی عەلەشیش دەچێ (هەروا لەكلكی تاووسەكەی وێنەكە دەچێ، ئەگەرچی ئەم

* بەپێی ((فەرهەنگی كشتوكاڵ))ی مەعروف قەرەداغی مەردۆخی (سلێمانی ١٩٧٢) چێرگ یاخود مێشەسی ((پەلەوەرێكە لەقاز گەورەترەو مل درێژو گۆشت خۆش)) (وەرگێڕ).

کلکە زۆر بچوکترە). لەراستیشدا چێرگ بۆ نەریتە ئێزدییەکان لەتاووس، کەباڵندەیەکی هندییە، گونجاوترە.

ئێزدییەکان وەك عەلەوییە کلاسیکییەکان پێش خۆرهەڵاتن سێ جار سەر دادەنەوێنن (نیکیتین ١٩٥٦). بێ لەوە ئێزدییەکان بەیانییان تیشکی خۆر لەسەر قەدی دەرختەکان ماچ دەکەن (کامەران عەلی بەدرخان ١٩٣٤). دروشمێکی تری عەلەوییەکان، ئەویش وێنە کردنی سامو هەیبەتی خوایە بەشێوەی شمشێرێك یاخود خەنجەرێکی لەزەویدا چەقیو، لەلای ئێزدییەکانیش هەیە، ئەگەرچی ئەم نەریتە بۆ پەرستن نیە بەڵکو تەنها بۆ سوێند خواردنە (ئەلیگزاندەر ١٩٢٨، بیلینۆ ١٨١٦).

سەرباری چینێکی سەرتاپا ئۆرۆستۆکرات، سیستمی کۆمەڵایەتیی چینایەتیی ئێزدییەکان بەشێوەیەکی سەیرو سەرسوڕهێنەر لەبەراییدا کۆمەڵایەتییە توندوتۆڵەکەی ئیمپراتۆریەتە زەردەشتییە ساسانییەکە دەچێ. ئاخوندە زەردەشتییەکان زانستیان لەخەڵکانی دەرەوەی چینەکەیانو چینی میرەکانیان حەرام کرد. ئێزدییە کلاسیکییەکانیش بەتەواوی ئەم نیعمەتەیان یاساخ کرد (هەندێ لەیارساکان پێیان وایە ئەم مەسەلەیە دەبێ وابێو لەسۆنگەی ئەمەوە ئەوانیش ئەم نیعمەتەیان یاساخ کردوە). لەڕاستیدا ئەوە ساغ بۆتەوە کە تا سەرەتای سەدەی بیستەم. تەنها یەك کەس لەنێو هەمو ئێزدییەکاندا، کەمشورخۆری کتێبی جیلوە بووە، خوێنەواریی هەبوە (گیست ١٩٨٧، ٣٣). ئێستا ئەم یاساخ کردنە بەگشتی رەویوەتەوە، ئەگەرچی ئێزدییەکان بەگشتی تائێستا راهاتون لەسەر گوێ نەدان بەرۆشنبیریو کەلتور.

جێی سەرنجە کەشێخە ئێزدییە دەوڵەمەندەکانو هەروا مەلاکان جلوبەرگی چادرنشینە عەرەبەکان لەبەر دەکەن، عگاڵ لەسەر دەنێن، بەهەر دوو زمانی کوردیو عەرەبی قسان دەکەنو زۆربەی کات ناوی عەرەبییان هەیە. لەسەرێکی دیکەوە مەلاو رێبەرە کۆمەڵایەتییە ئێزدییە هەژارو نەدارەکان ناوی کوردییان هەیە، تەنها بەکوردی قسە دەکەنو کورتەكو شەرواڵی کوردی لەبەر دەکەن (لیسکۆت ١٩٣٨).



رابەرایەتیی کۆمەڵی ئێزدی بەشێوەیەکی تەقلیدی بۆماڵی میرێکی کۆنی کورد بەناوی چۆل Chol هێڵراوەتەوە. ئەو ماڵە لەسەدەی حەڤدەهەمەوە رابەرایەتیی ئێزدییەکان دەکاو جێی ئەو بنەماڵەیەی گرتۆتەوە کەخۆی دەبردەوە سەر شێخ حەسەنی دانەری مسحەف. ئەم ماڵە لەلایەن هەموو ئێزدییەکانەوە بەپارەو پولو وەسیلەی ترەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ. وەك لەیارسانیزمدا باوە، لەلای ئێزدییەکانیش ئەرکە ئاخوندییەکان پشتاو پشت بەئەندامانی حەوت خانەدانی ئاخوند لەوانە چۆل سپێردراون.

رەنگە بچوکیی رێژەیی کۆمەڵی ئێستای ئێزدییان شتێکی هەڵخەڵەتێنەر بێ. ئەوەش بەڵگەیە کەکاتێك سەلاحەددینی ئەیوبی دەستی بەسەر ئەنتاکیادا گرت، ئێزدییەکان زۆربەی خەڵکی ناوچەکانی دۆڵو درو دراوسێکانی کێوەکانی ئەمانۆسیان پێکدەهێنا. لەسەدەی سیانزەهەمو چواردەهەمیش لەڕێی هەڵگەڕاندنەوەی زۆر موسڵمانو مەسیحییەوە باڵیان بەسەر ناوچەیەکدا کێشا کە لەئەنتاکیاوە تا ورمێ درێژ ببۆوەو لەسیواسەوە تا کەرکوك. بێ لەوە هێزێکی سیاسیو سوپاییی باشیشیان پێکەوە نا. لەو کاتەدا میرانی ناوچەی جزیرە (باکوری میسۆپۆتامیا) لەئێزدییەکان بونو میرێکی دیمەشقیش ئێزدی بوو. وەعزدەری ئێزدی زەینەددین یوسف لەدیمەشقو قاهیرە، شوێنێك کەساڵی ١٢٩٧ تێیدا کۆچی دوایی کردو تائێستا ئارامگا بەهەیبەتەکەی لێ ماوە، چەندەها گروپی لەو ئێزدییانە پێك هێنا کە لەئاینی خۆیان هەڵگەڕابونەوە. لەشەرەفنامەدا شەرەفەددینی بتلیسی (١٥٩٦) باسی کردوە کە لەکۆی ٣٠ گردهەماییی خێڵەکیی سەرەکی لەرابردودا، حەوتیان ئێزدی بوون، لەوانە خێڵە مێژوییو بەژمارە زۆرەکەی بۆتان (بۆختانۆی، بەگوتەی هیرۆدۆت).

ساڵی ١٣٣٨ شەهابەددینی فەزلوڵڵای عومەری، کەیەکێکە لەئەنسکلۆپیدیستە موسڵمانە دێرینەکان، رایگەیاند کەدونبولییەکان ئێزدین. ئەم سەرچاوەیە رەنگە تاکە سەرچاوەی ناسراو بێ دەربارەی تایفەی یەزدانی، پێش پارچەپارچە بونی بەو شێوەیەی ئێستاو لەدەسدانی ناوە باوەکەی. لەسۆنگەی ئەوەوە کەدونبولییەکان لقێکی ناسراوی عەلەویی

دیملی بون‌و بەرچاوکردنی ئەوەی کەشەهابەددینی فەزلولڵلای عومەری ئەم خێڵەی بردۆتە سەر ئێزدییەکان‌و بەمەش بەڕاستی زیرەکی‌و ژیریی نیشانداوە، دەشێ ئەمە ئاماژە بێ بەوەی کەناوی ئێزدی (فریشتەیی) ناوی تایبەتی تایفەی یەزدانی بوو بێ بەگشتی. ( لێرەدا ناوە مێژوییەکەی ((یەزدانی)) بۆ ئەوە بەتایفەی یەزدانی وتراوە تا لەگەڵ ئێزدییاتیی هاوچەرخدا تێکەڵاوی دروست نەبێ).

موسڵمان‌و مەسیحی‌یە هاوسێکان بەردەوام هەوڵیانداوە چ بەشێوەیەکی ئاشتییانە چ بەزۆرو بەتۆبزی ئاینی ئێزدییەکان بگۆڕن. حکومەتی عوسمانی‌و خوێندنگە سوپایی‌یەکان زۆر لەئێزدی‌ی تازە موسڵمانی سوننەیان کردە سەرباز، بەڵام ئەوانەی چیاکان لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە. داوایەك کەئێزدییەکان لەساڵی ١٨٧٢دا بۆ هەڵاوێردنیان لەخزمەتی سەربازی، دایانە کاربەدەستە عوسمانییەکان، لەبواری ڕێساو بیروباوەڕەکانی ئێزدییاتی‌دا بۆتە سەرچاوە (بۆ دەقی ئینگلیزی‌ی ئەم داوایە بڕوانە درایڤەر ١٩٢١- ١٩٢٣).

کاتێك کۆششە ئاشتییەکان سەریان نەگرت، عوسمانییەکان لەسەدەی حەڤدەهەم‌و هەژدەهەمدا قەسابخانەیان بۆ ئێزدییەکان دانا بۆ ئەوەی لەئاینیان هەڵگەڕێننەوە. دوبارەبونەوەی کوشتارەکان لەهەرێمە عوسمانی‌یەکاندا لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بوە هۆی رودانی کۆچڕەوی ئێزدییە عوسمانی‌یەکان بۆ هەرێمەکانی روسیا لەقەوقاز. لیسکۆت ژماردویەتی کە لەنێوان ١٦٤٠- ١٩١٠دا بیست قەسابخانەی گەورە بۆ ئێزدییەکان دانراوە (بڕوانە راگواستن‌و ئۆردوگا زۆرەملێکان).

لەکاتێکدا زۆر ئێزدی بۆ ناوچە شاخوییە سەختەکان رایانکرد، هەندێکیان لایەنی کەم بەناو بونە موسڵمانی سوننە. ساڵی ١٨٥٩ یاسا عوسمانییەکەی تاپۆ بەتایبەتی بۆ گوشارخستنە سەر ئێزدییەکان دەرچو چونکە مافی خاوەنێتی‌ی بۆ ئێزدییەکان نەسەلماندو بەجۆرە ویستی ناچاریان بکا ببن بەموسڵمان. زۆر شێخی ئێزدی بەوەی کەوازیان لەئاینەکەیان هێنا، زەوی‌و زاری خۆیان پاراست. بەڵام ئەو رابەرە ئێزدییانەی موڵکیان لەو کێوە بەرزانە هەبو کەکەسی نەدەگەیشتێ، پێویستیان بەوە نەبو کەئاینی خۆیان



بگۆڕن، هەروا ئەوانەش کەزەوی‌و زاریان نەبوو و وەك پاڵەو شوان بەکرێ کاریان دەکرد. پێش ساڵی ١٨٥٨ ژمارەی ئێزدییەکان لەناوچەی ئەنتاکیا- ئەمانۆس لەسەر لێواری دەریای ناوەڕاست دوو سەد هەزار کەس بوو، بەمەش زۆرینەی دانیشتوان بون. ساڵی ١٩٣٨ لیسکۆت تەنها شەست هەزار ئێزدی‌ی لەوێ ژمارد، واتە ئێزدییەکان بوبون بەکەمینەیەکی بچوك.

تا ئەمڕۆش ئێزدییەکان گوشاریان لەسەرە تا دەست لەدینەکەیان هەڵگرن. ئێستا هەوڵێك بۆ بێبەش کردنیان لەناسنامەی کوردانەیان، بەژماردنیان بەرەگەزێکی جیا لەکورد یان لکاندنیان بەعەرەبەوە هەیە. بۆیە حکومەتەکانی عێراق‌و سوریا بەئێزدییەکان دەڵێن عەرەبە ئەمەوی‌یەکان‌و لەم روەوە سود لەخراپ حاڵی بون لەپەیوەندی‌ی نادروستی نێوان ئێزدییەکان‌و خەلیفەی ئەمەوی یەزیدی کوڕی مەعاویە وەردەگرن.

ئێستا زۆربەی ئێزدییەکان لەناوچەی جزیرە لەسوریاو چیای شنگارو هەروا لەناوچەی عفرین لەباکوری رۆژئاوای حەلەب دەژین. ژمارەیەکی زۆری دیکەشیان لەکافکاس‌دا دەژین. لەوێ نزیکەی هەموو کوردەکان ئێزدین. لەعێراقدا کەشوێنە هەرە پیرۆزەکانی ئێزدی کەوتونەتە لالش، ئێزدییەکان بەدرێژایی‌ی پشتێنەیەك لەرۆژهەڵاتی چیای شنگارەوە بەرەو دهۆك‌و لالش لەباکوری رۆژهەڵاتی موسل، بڵاوبونەتەوە. پێش کوشتارەکانی سەدەی رابردو، ژمارەیەکی زۆری ئێزدی لەئەناتۆلیا دەژیان. ئەوانەی ئەمڕۆ لەچوار چێوەی سنوری تورکیادا دەژین، لەماردینەوە تا سیرت‌و لەئەنتاکیاو عێنتاپەوە تا ئورفە پەرش‌و بڵاون ژمارەیەکی بەرێژە کەمی ئێزدیش لەئێراندا هەن بەتایبەتی لەشارەکانی قوچان‌و دوغائی لەخوراسان‌و ئازەربایجان.

خوێندنەوەی زۆرترو ببلۆگرافیا:

R.H. W. Emposn, the Cult of the Peacock Angel (London, 1928); E. S. Drower, Peacock. Angel (London, 1941); G.R. Driver, “The Religion of the Kurds, Bulletin of the School of Oriental and

Studies II (1921- 23); John S. Guest, The Yezidis (New York, KPI, 1987); Isya Joseph, Devil Worship (Boston, 1919); Alphonse Mingana, Devil- Worshippers. Their Beliefs and their Sacred Books," Journal of the Royal Asiatic Society (1916); R.C. Zaehner. Zurvan: A Zoroastrian Dilemma (New York: Oxford University Press, 1955); R. Lescot, Eequete sur les Yezidis de Syrie et du Djebel Sindjar, Memoires de I, Institut Francais de Damas, vol. 5 (Beirut, 1938); Hugo Makas, Kurdische Studien, vol. 3, Jezidengebete (Heidelbergm 1900); Ralph Solecki, "Predatory Bird Rituals at "Zawi Chemi Shanidar," Sumer XXXIII. I (1977); Rose Solecki, "Zawj Chemi Shanidar, a Post- Pleistocene Village Site in Northern Iraq," Report of the VI International Congress on Quarternary (1964); Sami Said Ahmed, The Yazidis: Their Life and Beliefs, ed: Henry Field (Miami: Field Resarch Projects, 1975); E.S. Drower, Peacock Angel; Being Some Account of Votaries of a Secret Cult and Their Sanctuaties. (London, 1941); Cecil L. Edmonds, A Pilgrimage to Lalish (London: The Royal Asiatic Society, 1967); Theodor Menzel, "Ein Beitrag zur Kenntnis der Jeziden," in Hugo Grother , ed., Meine Vorder asienxpedition 1906



und 1907. Vol. I. (Leipzig, 1911); Basile Nikitine, Les Kurdes, etude sociologique et historique (Paris, 1956) Kamuran Ali Badir Khan, "Les soleil chez les Kurdes," Atlantis 54, vii- viii (Paris, 1934); Constance Alexander, Baghdad in Bygone Days, from the Journals of the Correspondence of Claudius Rich… 1808- 1821 (London,1928); Charles Bellino letter, 16 May- 1816, to Hammer, included in Fundgruben des Orients 5 (1816).

## تەریقەتی سۆفییەکان

زۆربەی هەرە زۆری کوردی موسڵمانو ناموسڵمان سەر بەیەکێ لەتەریقەتە سۆفییەکانن. پەیوەندەی کوردە موسڵمانەکان بەتەریقەتە سۆفی‌یە جیاوازەکانەوە بەبەراورد لەگەڵ پەیوەندییان بەرێو رەسمە ئیسلامی‌یە کلاسیکییەکانەوە پتەوترو بەهێزترە. ئەو رێو رەسمە سۆفییانەی لەکوردستاندا باونو ئیمامو شێخە سۆفییەکان رێنمایی‌یان دەکەن، بەئاشکرا زۆر رێو رەسمو کردەوەی نائیسلامی‌یان تێکەوتوە کە هەر چاودێرێکی بابەتی، ئەگەر لەباری سەرنجی کلاسیکی‌یەوە بۆیان بچێ، ناتوانێ بەرێو رەسمی ئیسلامی‌یان دابنێ.

شێخەکانی تەریقەت لەهەمو ناوچەکاندا خەڵکانێك دەکەنە نوێنەری خۆیانو پێیان دەڵێن خەلیفە، ئەوانەش بەناوی شێخەوە مشوری کاروباری پەیڕەوەکان دەخۆن، رمێنی بۆ پەیدا دەکەنو پارەی بۆ کۆدەکەنەوە. هەر کەسێك بۆی هەیە بەشوێن شێخێکدا بکەوێ. بەڵام بۆ ئەوەی بچێتە ریزی گروپی شێخێکی دیاریکراو، دەبێ دەرس بخوێنێ. مریدەکان لەزۆر ریۆ رەسمدا بەشداری دەکەن لەوانە: سەما، سرود وتنو دوعای سۆفییانە. لەکاتی پێویستیشدا لەبەر خاتری شێخەکانیان دەچن بۆ شەڕ. شێخ عوبەیدوڵڵا، شێخ سەعید، شێخ ئەحمەد بارزانیو شێخ مەحمود بەرزنجی لەو شێخانەی تەریقەتی سۆفی بون کە لەکاتی کۆششە سیاسییەکانیاندا داوای پشتیوانیی چەکدارانەیان لەمریدەکانیان کردوە. ئەو مریدانەش بەپیریانەوە چون (بڕوانە مێژوی هاوچەرخو هاوچەرخی زو).

پەیوەندیی پتەوی نێوان شێخو مریدەکان رێوشوێنێکی نایابە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەهەڵبژاردنە دیموکراتییە مۆدێرنەکاندا. بەجۆرە، لانی کەم لەتورکیا، شێخەکان بەوەی کەداوا لەمریدەکانیان دەکەن دەنگ بەفڵانو فیسار حزب بدەن، خۆشەویستیی چەندین حزبی سیاسی بەدەست دێنن (ڤان برۆنسن ١٩٩١).

لەمێژدا توندوتیژترینو سەرنج راکێشترین سێ بزوتنەوەی سۆفیگەری بەرابەرایەتیی سێ سۆفیگەر هەڵایساوە کەبریتی بون لەحسێنی کوڕی مەنسوری حەللاج (ساڵی ٩٢٢ لەخاچ درا)، عەینولقودرەی هەمەدانی (ساڵی ١١٣١ لەخاچ درا)و شەهابەددینی سەهرەوەردی (ساڵی ١١٩١ لەخاچ درا). ئەمانە هەر سێکیان بانگەشەیان بۆ چەند باوەڕێك بەپێچەوانەی باوەڕە بنچینەییەکانی ئیسلامو رێککەوتو بەشێوەیەکی سەیر لەگەڵ باوەڕی تایفە یەزدانییەکاندا کرد. بۆ نمونە حەللاج رایگەیاندکە ئەو لەرۆحی خوادا بەرجەستە بووەو ئەمەی بەشێوەی گوزارە بەناوبانگەکەی ((منم هەق)) واتە منم گیانی باڵا گوزارشت لێ کرد، ئەویش لەڕوانگەی باوەڕ بەیەکبونی گەردونو بەوەی کەهەمو بونەوەرەکان لەسەرەنجامدا رەنگدانەوەی هەمان رۆحی رەسەنی گەردونن. بەجۆرە حەللاج، وەك لەئێزدییاتیدا باوە، رایگەیاند



کەشەیتان رزگاری بوەو بۆ ئاسمانی باڵا هەڵکێشراوە. حەللاج بەر لەوەی لەبەغدا لەخاچ بدرێ، زۆر ئەشکەنجە درا. ئێستاش لەناوەندە ئاینییە پیرۆزەکەی ئێزدییەکان لەلالش ئارامگایەك بەناوی ئارامگای حەللاجەوە بەتەنیشت ئارامگای شێخ ئادییەوە هەیە.

بیرو ئەندێشەکانی هەمەدانی لەدەورو خولی بیرۆکەی ((یەکبون)) دەخولێنەوە، واتە ئەویش وەك حەللاج پێی وابو هەموو بونەوەرەکان روکەشی هەمان گیانی رەسەنی گەردونن. گیانی گەردونیش لەروداوەکانی ئەم جیهانە دابڕاوە. لەدیدی تایفەی یەزدانییەوە گیانی گەردون پاش ئەوەی سەرلەبەرو بەیەکجارەکی لەخوای پەروەردگاری ئافەرێنەری دنیای ماددیدا بەرجەستە بوو، گۆشەگیر مایەوە. بۆچونی حەللاج سەبارەت بە بەرجەستە بونەوەی یەك لەدوای یەکو رزگاربونی شەیتان تای تەرازوی بۆچونە نائیسلامییەکانی قورستر کردو وای لێ کرد شایستەی ئەوە بێ کەکاربەدەستە موسڵمانەکان لەتەمەنی ٣٣ ساڵییدا بەخاچدراوی بیسوتێنن.

هەمان بۆچونە گشتییەکانی حەللاجو هەمەدانی، لەنوسینەکانی سەهرەوەردیدا دوبارە دەبنەوە. ئەندێشەکانی سەهرەوەردی سەبارەت بەناسینی روح لەژێر سەردێڕی خوێندنگەی ئیشراقدا ئەوەندە تەوژمو کاریگەریی تایفەی یەزدانییان پێوە دیارە، ئەوەندەی وەك درێژەپێدانی ئەم ئاینە دێنە بەرچاو (سەرەڕای تینو تەوژمی بەهێزی گریکیو میسۆپۆتامیایی) ئەوەندە وەك درێژەپێدانی بزوتنەوەیەکی سوفیگەریی ئیسلامی نایەنە بەرچاو. سەهرەوەردی سرودێکی ئاینیی بەنێوی ((حەراخشی کەبیر)) واتە خۆری مەزن (خواوەند) هەیە کەهەمو رۆژ لەکاتی خۆرهەڵاتدا سێ جار دەوترێ. دەنگدانەوەی نزاو پاڕانەوەی رۆژانەی تایفەکە بۆ هەڵاتنی خۆر بەڕونی لەم سرودو لالانەوەیەدا دەبیسترێ. لەم روەوە سەهرەوەردی نوسیوەتی ((تۆێ حەراخشی بەهێزو سەرکەوتو، تاریکی رەوێن... فریشتان... خاوەنی نوری بەرجەستەبونی بون بەهێزو توانای خوای مەزن، کەرەستەی پرشنگدار، فەیلەسوفی بەهرەوەرو دۆستی زانست، مەزنترین کوڕی پیرۆزو نوری تەنەکان، میراتگری نوری ئەنواری جیهانی

ماددی... من (لێی) دەپاڕێمەوە... تا ئەویش لەخواکەی‌و خوای هەمو خواوەندان بپارێتەوە... بەرەکەتم بەسەردا داباریێنێ)) (موعین ١٩٦٢). ئەگەرچی بیرۆکەکەی ئەو سەبارەت بەپەرەسەندنی ڕۆحی بەندەکان بۆ ڕۆحی خواوەند، بەو جۆرەی لای تایفەی یەزدانی لەئارادایە، بەئاشکرا گوزارشتی لێ نەکراوە بەڵام ئەمەش گران لەسەری کەوت‌و نرخەکەی لەدەسدانی ژیانی بوو، ئەویش لەتەمەنی ٣٨ساڵیدا، بەفیتی زانا موسڵمانەکان‌و لەسەر دەستی کابرایەکی کورد کەمیری ئەییوبی‌ی حەلەب بوو. هەمەدانی‌و سەهرەوەردی وەك حەللاج لەتایفەی یەزدانی‌دا بۆ ئاستی بەرجەستەکارانی ڕۆحی گەردونی پلە دو بەرز کراونەتەوە.

حەللاج لەدایکبوی بەغدایە، دایك‌و باوکی لەناوچەی فارسی خواروی زاگروس کۆچیان کردبو، لەو زەمانەدا دەیان خێڵی کورد لەوێ دەژیان (بڕوانە کۆچە مێژوییی‌یەکان)٠ بەهەر حاڵ، کاریگەری‌ی بیروباوەڕی تایفەی یەزدانی لەسەر حەللاج ئەوە دەهێنێ کەبایەخێکی زۆرتر بەم لایەنە بدرێ لەوەی کە، بەپێچەوانەی مەسەلەکەوە لەلای هەمەدانی‌و سەهرەوەردی، بایەخ بەمەسەلەی ڕەچەڵەکە ڕەگەزییەکەی بدرێ. هەمەدانی لەهەمەدانی کوردستانی باشور لەدایك بووەو تێیدا ژیاوە، لەکاتێکدا سەهرەوەردی خەڵکی شاری شەهرەوەرد بووە (کەبەهەڵە بەسەهرەوەرد دەخوێنرێتەوە) کە کەوتۆتە نێوان شارەزورو زەنجان بەدووری‌ی ١٥ میل لەرۆژهەڵاتی بیجارەوە. بەگوتەی ئیبن حەوقەلی جوگرافیناسی ئیسلامی‌ی سەدە ناوەڕاستەکان، زۆربەی خەڵکی سەهرەوەرد کورد بون.

پاش ٣٠٠ ساڵ کەسێکی تری سەر بەتایفەی یەزدانی کەناوی محەمەد نوربەخش بوو بزاوتێکی سۆفیگەری‌ی توندوتیژو جێی مشتومڕی وروژاند. محەمەد نوربەخش (مانح ئەلنور) لەناوەڕاستی سەدەی ١٥دا دەستی بەچالاکی نواندن کرد. ئەم کەسە خەڵکی ئەحسا بوو (ناوچە بەنەوت دەوڵەمەندەکەی عەرەبستانی سعودی). لەسەرەتای سەردەمی ئیسلامەتی‌دا ئەحسا کوانوی بزوتنە توندڕەوەکانی وەك بزوتنەوەی قەرمەتی بوە. بیروباوەڕە ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی ئەم بزوتنەوانەو باوەڕیان بەدۆنادۆن، دەیبردنەوە



سەر بزاڤەکانی خورەمدینان‌و مەزدەکی‌ی ناوچەی زاگرۆس کەپێش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی قرمەتی بزوتنەوەی تری تێدا سەرهەڵدا بوو (بڕوانە تایفە یەزدانییەکان). کاتێك عەباکەی هەمەدانی درایە نوربەخش، پەیوەندی‌ی نێوان نوربەخش‌و تایفەی یەزدانی ئاشکرا بوو. لەو خەتەی چەرخی دوەمی ژیانی گەردوندا کە موحەممەد پێغەمبەریش دەگرێتەوە، نوربەخش وەك حەللاج‌و سەهرەوەردی، وەك بەرجەستەکارێکی پلە دوی گیانی گەردون حیسابی بۆ کراوە (بڕوانە خشتەی ژمارە ٦). نوربەخش خۆی بەمەهدی (فریاڕەس) ڕاگەیاندو بەوەش دانەکەوت بەڵکو بڵاوی کردەوە کەباوکی ئەویش وەك باوکی پێغەمبەر موحەممەد ناوی عەبدوڵڵایە. کوڕەکەشی ناونا قاسم بۆ ئەوەی پێی بڵێن ئەبولقاسم (هەمان نازناوی پێغەمبەر موحەممەد). سەرباری ئەمە، بڵاوی کردەوە کە ئەویش وەك ئەوەی لەلای بەرجەستەکارانی تایفەی یەزدانی‌دا باوە هێزی سەروی سروشتی هەیە، دیارە ئەمەش لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامدا ناگونجێ. لەبەر ئەم هۆیەو لەسەر زۆر قسەی تری نامۆ، زاناکانی سوننەو شیعە لەوانە عەبدولڕەحمان جامی هێرشیان کردە سەری. بەهەر حاڵ، نوربەخش وەك حەللاج‌و هەمەدانی‌و سەهرەرەوەردی، ژیانی بەشێوەیەکی سامناك کۆتایی‌ی پێ نەهات.

هەر کەگەیشتە کوردستان، نوربەخش خۆی بەخەلیفەی تازەی هەمو موسڵمانان ڕاگەیاندو لەساڵی ١٤٤٣دا کوردەکان دراوێکیان بەناوی ئەوەوە لەسککە دا. دواتر شاهروخی پاشای تەیموریيان دەسگیری کردو لەشاری هیرات (لەئەفغانستان) زیندانی کرد بەڵام نوربەخش لەساڵی ١٤٤٤دا بەردراو بەمردنی خۆی مرد. هۆی ئەمە ڕەنگە تەنها بۆ ئەوە بێ کەجوڵانەوەکەی لەکاتی بەترۆپك گەیشتنی هێرشی تایفەی یەزدانی بۆ سەر شیعەگەری‌ی موسڵمان لەسەدەی پانزەهەم‌داو هەروا بۆ بونی خانەدانێکی عەلەوی‌ی حوکمڕانی بەهێز لەناوچەکەدا بگەڕێتەوە.

ئیسماعیلی یەکەمی دامەزرێنەری خانەدانێکی عەلەوی‌ی حوکمڕانی سەفەوی پشتیوانی‌ی لەقاسمی کوڕو جێگری نوربەخش کرد. ئیتر قاسم‌و بزوتنەوەکەی بون بەرەنگدانەوەی پەرەسەندنی ئاینی‌ی سەفەوییەکان لەهەر دو

سەدەی ١٦و ١٧دا (بڕوانە سەرەتای مێژوی هاوچەرخ). تەریقەتی سۆفیگەریی نوربەخشی لەهەناوی تەریقەتی رەسەنی شیعەدا گەرای دانا. کوردانێك کە لەسەرەتادا چونە ریزی تەریقەتەکەوە، شیعە بون بەڵام زۆربەی ئەندامەکان کورد نەبون. جگە لەمە، پەیڕەوانێکی زۆری یارسانیش لەو گروپەدا بون.

کۆنترین تەریقەتی سۆفی کە تائێستا لەنێو کورددا باوە تەریقەتی قادرییە کەبەناوی دامەزرێنەرەکەیەوە، عەبدولقادری گەیلانی (گیلانی، کەیلانی، خەیلانی) (١٠٧٧- ١١١٦) ناونراوە. ئێستا زۆر خانەدانی ئایینیی بەناوبانگی کورد لەپەیڕەوانی ئەم تەریقەتەن یان جاران لەپەیڕەوانی بون. تەریقەتی قادری لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لەژێر تینو فشاری تەریقەتێکی تری سۆفییانەدا کەتەریقەتی نەقشبەندییە، بەردەوام لەپاشەکشە دایە.

عەشیرەتی تاڵەبانیو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرکردایەتییەکەی، هەروا زۆربەی خەڵکی کەرتی خواروی کوردستانی عێراقو کوردستانی رۆژهەڵات (لەئێران) قادرین. مەڵبەندی سەرکردایەتیی تەریقەتەکە شارۆچکە دێرینە پیرۆزەکەی بەرزنجەیە کەنزیکە لەشاری سلێمانی. شێخ مەحمود کەرابەرایەتیی زۆر راپەڕینی لەدژی ماندێتی بریتانیا کردوە، سەرۆکی خانەدانە سۆفییەکەی قادرییەکانی بەرزنجەشە (بڕوانە مێژوی هاوچەرخ).

تەریقەتی نەقشبەندیی سوننەگەری کەدامەزرێنەرەکەی کابرایەکی خەڵکی بوخارایە بەناوی بەهادینی نەقشبەند (١٣١٧- ١٣٨٩) لەناوەڕاستی ئاسیاوەو رەنگە لەرێی خێڵاتی تورك یان تورکە بەخشییەکانەوە کە لەسەدەی دوانزەوە گەیشتونەتە ئەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دزەی کردبێتە ناو کوردستان (بڕوانە کۆچە مێژوییەکان).

ئێستا خەڵکی کوردستانی باکورو تا ڕادەیەك خەڵکی کوردستانی رۆژئاوا پەیڕەوی لەتەریقەتی نەقشبەندی دەکەن، ناوەڕاستو رۆژهەڵاتی کوردستانیش قادرین. عەشیرەتی بارزانیش لەژێر سەرکردایەتیی کەسانێکی



سۆفیی نەقشبەندییە کە کاریگەرییەکی دنیاییو رۆحییان لەناوچەکەیاندا هەیە. تا درەنگانێکی سەدەی نۆزدەهەم بارزانییەکانو هەمو خێڵەکانی ئەو ناوچانەی کوردستان قادری بون. ئەم وەرچەرخانەو زۆر وەرچەرخانی تر بەلای نەقشبەندیدا ئەنجامی راستەوخۆی چالاکیو هەستی قوڵی مەولانا خالد بوە.

مەولانا خالد (لەدایکبوی ساڵی ١٧٧٩) کەشێخێکی نەقشبەندیی کوردی خێڵی جافە لەشارەزور، لەساڵی ١٨١١دا هەڵمەتێکی بۆ پەیدا کردنی لایەنگر لەرێی دیاریکردنی ژمارەیەکی زۆری نوێنەران لەکوردستانو ئەودیوی کوردستاندا دەست پێ کرد. ئەو نوێنەرانە پاش مردنی خالد لەساڵی ١٨٢٧دا، نوێنەری تریان بۆ خۆیان دانا. ئیتر لەماوەیەکی کەمدا قادرییەکان بۆ هەتا هەتایە باکوری کوردستانی ناوەڕاستیان دۆڕاند، لەوانە ناوچەی نەهری کە کاریگەرییەکی ئایینیی بەهێزی هەیەو لەرواندزیشەوە نزیکە. ئەم وەرچەرخانە نوێیە بەڕادەیەك خێرا بوو کەهێشتا گرنگترین خانەدانی ئایینیی سۆفیگەری ئەوێ ناوی گەیلانی یاخود خەیلانیی پێوەیە. بەمجۆررە، پارتی دیموکراتیکوردستانی عێراقو سەرکردایەتییە بارزانییەکەی ئینتیمایەکی سۆفیگەریی نەقشبەندیی هەیە.

لەسەردەمی حکومەتی ئوزالدا (کەخودی خۆی لەخانەدانێکی نەقشبەندییە) پاش دەیان ساڵ قەدەغەکردنو سەرکوت کردن دوا بەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥ی شێخ سەعید (بڕوانە مێژوی هاوچەرخ) تەریقەتی نەقشبەندی سەرلەنوێ هاتەوە سەر شانۆ.

لەکوردستاندا خانەقا، واتە شوێنی نیشتەجێ بونی سۆفییەکان، زۆرەو تەنانەت ژمارەیان لەمزگەوتو شوێنەکانی تری رێورەسمی ئاینیش زۆرترە (بەڵام دەشێ ژمارەیان لەدرەختو گۆماوە پیرۆزەکانی خدری زیندە زۆرتر نەبێ) (بڕوانە کەلتوری گەل).

کوردە ناموسڵمانەکانیش تەریقەتی سۆفیی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەو تەریقەتانەش لایەنی کەم بەناو بەوە ناسراون کەتەریقەتی سۆفیی شیعەگەرن (وەك تەریقەتی نوربەخشیو نیعمەت ئیلاهی). زۆربەی عەلەوییەکانی رۆژئاواو باکوری کوردستان پەیڕەوی لەتەریقەتی بەکتاشی دەکەن. ئەم

تەریقەتە دەمێکە وا خۆی نیشانداوە کەتەریقەتێکی سوننیی موسڵمانە چونکە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ڕێ بەتەریقەتی تر نەدەدرا چالاکی بنوێنێ بەڵام پەیڕەوانی ئەم تەریقەتە وەك خەڵکانێکی عەلەویی تاڕادەیەك گۆشەگیر ماونەتەوەو بەدرێژاییی ڕێی بەرەو بولگاریاو ئەلبانیاو بۆسنیا تەریقەتەکە هەم لەنێو کورددا لایەنگری پەیدا کردوە هەم لەنێو خەڵکانی غەیرە کورد. کاریگەریی ئەم تەریقەتە لەسەر ژیانی کوردە عەلەوییەکان کاریگەرییەکی قوڵە. گرنگترین میهرەجان کەعەلەوییە کوردەکان سازی دەکەن میهرەجانی حاجی بەکتاشە، دامەزرێنەری تەریقەتی سۆفیی بەکتاشی کە لەلای عەلەوییەکاندا لەبەرجەستەکارە سەرەکییەکانی ڕۆحە. ئەگەرچی ئەمان لەرابردودا زۆر چەوسانەوەیان چەشتوە بەڵام ئەمڕۆ حکومەتی تورك کەزۆربەی بەکتاشییەکان لەسەر خاکەکەیدا دەژین، ڕێی بەهەڵسوڕانی ئەم جەژنە عەلەوییانە داوەو ناوبەناو خودی خۆی بەشێوەیەکی ڕەسمی هەڵیان دەسوڕێنێ. ڕەنگە هۆی ئەمە دەستڕۆیشتوییی سەرۆك ئوزال بێ چونکە ئوزال پێشینەیەکی نەقشبەندیی هەیەو خودی خۆیشی خەڵکی شارە کوردەکەی مەلاتی‌یە کە هەردو تەریقەتی نەقشبەندیو بەکتاشیی تێدا دەبینرێ.

لەرۆژئاوادا بەکتاشییەکان بەگشتیو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەدەروێشیو بەجلوبەرگو کڵاوە قوچە سپی‌یەکانیانەوە دەناسرێنەوە. ئەو جلوبەرگو کڵاوە لەلای ئەو ڕۆژئاوایی‌یانەی بایەخ بەتوێژینەوەی ئاینو ڕێو ڕەسمە ئاسیایی‌یەکان دەدەن، شتێکی ناسراوە. گرنگترین ناوەندی بەکتاشییەکان کەوتۆتە لای ئارامگای شێخو هۆزانڤانی سۆفیی گەورە مەولانا (دروستتر: مەولانا جەلالەددینی بەلخی کە بەجەلالەددینی ڕۆمیش ناسراوە) لەشاری قۆنیە لەنزیك سنوری پوازێکی کوردنشینی ئەناتۆلیای ناوەڕاست.

تەریقەتی قادری لەکاتی زیکرو دەروێشی‌دا هانا دەباتە بەر جوڵەو جمینی توندوتیژ بەهەمڕاهیی دەفو لالانەوە. ئەم دەروێشی‌یە جیاوازیی لەدەروێشیی بەکتاشی نیە کەبەهەمڕاییی جوڵانەوەی ئاڵقەیی بەڕێوە دەچێ.



لەلایەکی دیکەوە نەقشبەندی، تێڕامانو تێفکرینو لالانەوەی کردۆتە ڕێوشوێنێك بۆ گەیشتن بەسەرمەستی، دیاردەیەك کە لەهەمو تەریقەتە سۆفییەکاندا هەیە. بەکتاشییەکان بەوە ناسراون کەسەمایان بەهەمڕاهیی دەفو لالانەوە، کەبەشێکی تەواوکەری سەماکان پێکدێنن، بەڕێوە دەچێ.

لێرە دەبێ ئاماژە بەتەریقەتە تاڕادەیەك سەیرەکەی ڕیفاعیش بکرێ چونکە ئەم تەریقەتەش بەتەریقەتێکی سۆفییانە دەژمێردرێو پەیڕەوەکانی بڕوای تەواویان بەوە هەیە کەرۆح دەتوانێ جەستەی ماددی لەخەوشو کەموکوڕیو چروکی دورخاتەوە، ئەویش بەپێی ئارەزوی ئەو کەسەی کەمێشکی خۆی باش ڕاهێناوەو ئەو ڕاهێنانەش بەچەند ڕێوشوێنێك دێتە دی لەوانە ڕۆیشتن لەسەر پشکۆی گەش بەپێ خاوسی، شمشێر قوتدانو چەقۆ لەخۆدانو هی‌تر.

**خوێندنەوەی زۆرترو ببلۆگرافیا:**


N. Yalman, “Islamic Reform and the mystic Tradition in Eastern. Turkey,” European Journal of Sociology 10 (1969); S. 11. Nasr, Shihabaddin Yahya Sohrawardi (Paris: Institut Francais d’ Iranologie, Bibiotheque Iranienne, 1970); john Kingsley Birge, The Bektashi Order of Dervishes (London: Luzac, 1937): Martin van Bruinessen, “Religious Life in Diyarbekir: Religious Learning and the Role of the Tariqats,” in Martin van Bruinessen and H. E. Boeschoten, eds, Ev; iya Celebi- in Diyarbekir (Leiden: Brill, 1988); Hamid Algar, “The Naqshbandi Order: A. Preliminary Survey of Its History and Significance,” Studia Isiamica 44 (1976): Hamind Algar, “Said Nursi

and Risala- I Nur," IsIamic Perspectives: Studies in Honour of Sayyid Abul Ala Mawdudi. (london,. 1978); Halkawt Hakim, "Mawalana Khalid et les Pouvoirs," in Marc Gaborieau, A. Popovic, and T. Zarcone, eds. Naqshbandis: Historical Development and present Situation of a Muslim Mystical Order (Istanbul- Paris: Isis, 1990); Albert Hourani, "Shaikh Khalid and the Naqshbandi Order," in S. M. Stern, A. Hourani, and V. Brown, eds. Islamic Philosphy and the Classical Tradition (Oxford: Oxford University Press, 1972); Sherif Mardin, Religion and Social Change in Modern Turkey: The Case of Bediuzzaman Said Nnrsi (Albany: State University of New York Press, 1989); Wheeler Thackston, The Mystical & Visionary Treatises of Suhrawardi (London: Octagon, 1982); J. S. Primingham. The Sufi Order in Islam (New York and London: Oxford University Press, 1971): Martin van Bruinessen, "Religion in Kurdistan," Kurdiah Times IV: 1- 2 (1991); Ain al- Qudat al- Hamadani, The Apologia, A. J. Arberry, ed. And trans., as A Sufi Marty (London: George Allen and Unwin, 1969) Muhammad Mo, in, "Huraxs," in W. B. Henning and E. Yarshater, eds, A. Locust,s Leg: Studies in the Honour of S. H. Taqizadeh (London: Percy Lund, 1962).



## جولەكایەتی

مێژوی جولەكایەتی لەكوردستاندا مێژویەكی كۆنە. بەپێی تەلمود، ٢٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر پاشای ئاشورییەكان شەلمانسەری سێیەم (٨٥٨- ٨٢٤ پ. ز) جولەكە راگوێزراوەكانی لەكوردستاندا نیشتەجێ كرد. بەپێی تەلمود، رێ بەمەرجەعە دینییەكانی جولەكە درا جولەكایەتی لەنێو كوردە خۆماڵییەكاندا بڵاو بكەنەوە. ئەوانیش لەم كارەیاندا سەركەوتنی چاكیان بەدەست هێنا. لەئەنجامدا خانەدانی فەرمانڕەوایانی كوردی ئادیابین كەپایتەختەكەی هەولێر بوو، لەسەدەی یەكەمی پێش زایندا خۆیو ژمارەیەكی زۆری هاووڵاتیانی كوردی شانشینەكە چونە سەر ئاینی

جولەکایەتی (بڕوانە هەولێر لەئینسکلۆپیدیای جولەکەدا). ناوی پاشای کوردان مۆنۆباز (کە لەناوی مانی‌یە کۆنەکانەوە هاتوە)و ناوی ژنەکەی، شاژن هیلیناو کوڕەکەی، ئیزاتی (کەدەچێتەوە سەر یەزاتا واتە فریشتە) وا باس کراون کە لەنێو ئەم خانەدانە پادشاهی‌یەدا لەهەڵگەراوە سەرەتایی‌یەکانن گوایە زوو دەسبەرداری جولەکایەتی بون (جینزبێرگ ١٩٦٨، بەشی یەکەم، ٤١٢). بەڵام لەڕوی ریزبەندیی زەمانەوە ئەم مەسەلەیە جێی باوەڕ نیە چونکە دەسەڵاتی کاریگەری مۆنۆباز لەساڵی ١٨ی زایینی‌دا دەستی پێ کردوە. ئەوی راستیش بێ، کاتێك رۆمانەکان لە٦٨- ٦٧ پ. ز یەهوداو سامیرەیان گەمارۆدا، تەنها شانشینە کوردکەی ئادیابین کەرەستەو هێزی بۆ رزگارکردنی گالیلی‌ی ئابلۆقەدراو نارد. ئەم مەسەلەیە ئەگەر وا لێك نەدرێتەوە کە لەو کاتەدا ئادیابین پەیڕەوی لەئاینی جولەکە کردوە، ئەستەمە تەفسیرێکی پوختی بۆ بدۆزرێتەوە (گرایزیل ١٩٦٨، ١٦٣) (بڕوانە مێژوی کلاسیکی). زۆر مێژونوسی هاوچەرخی جولەکە بێهودە هەوڵیانداوە ئەم بێ سەروبەری‌یەی ریزبەندیی زەمان چارەسەر بکەن. لەم سەروبەندەدا کاهلی (١٩٥٩) پێی وایە ئادیابین لەسەدەی یەکەوە پەیڕەوی لەئاینی جولەکایەتی کردوە، لەکاتێك نیوسنەر (١٩٨٦) مەسەلەکە بۆ ناوەڕاستی سەدەی یەکەمی زایینی دەگێڕێتەوە. بەهەر حاڵ هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە لەگەڵ دەسپێکی سەدەی دوی زایینی‌دا جولەکایەتی رەگی خۆی لەکوردستانی ناوەڕاستدا سەقامگیر کرد بوو.

لەسەدەی چوارەم‌و پێنجەمدا مەسیحیەت ئادیابینی وەك زۆر شوێنی دیکەی دەسەڵاتی جولەکایەتی کردە شوێنی هەڵگەڕانەوەو چونە سەر ئاینی عیسا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم‌و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، جولەکە وەك گروپێکی گەورەی دانیشتوان لەکوردستاندا مایەوە. جولەکەی کوردستان لەناو ماڵ‌و پەرستگاکاندا بەجۆرە ئارامی‌یەکی کۆن کەپێی دەوترێ سریانی (واتە ئاشوری) قسە دەکەن بەڵام لەکۆمەڵە فراوانەکاندا، بەتایبەتی سەبارەت بەکاروباری بازرگانی، بەکوردی دەدوێن. بەشێکی زۆری کاروباری ژیان‌و کەلتوری کوردو جولەکە، ئەوەندە



تێکهەڵکێشی یەکتری بون کەگەیشتۆتە ئەوەی هەندێ لەبەناوبانگترین چیرۆکی فۆلکلۆری، رەگەزی کورد بەرەگەزی جولەکەوە دەبەستێتەوەو هەندێ کەس پشتیوانی لەوە دەکەن کەکورد بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێڵێکی کۆنی ئیسرائیل، هەندێکی تر پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە کورد زادەی روداوەکەی نێوان شا سلێمان‌و جنۆکەکانی بن دەستی ئەون (بڕوانە فۆلکلۆرو چیرۆکی فۆلکلۆری).

ئازادیی رێژەیی‌ی ئافرەتی جولەکەی کوردستان بوە مایەی ئەوەی کە بۆ یەکەم جار ژنێك ببێ بەحاخام rabbiو لەم سەروبەندەدا حاخام ئەسیناس بارزانی‌ی کچی ساموئێل بارزانی (کۆچکردوی دەوروبەری ساڵی ١٦٣٠) چەندان فێرگەو ئامۆژگەی ئاینی‌ی جولەکایەتی‌ی لەکوردستاندا دامەزراندو بۆ رێزلێنانی ئەم خانمە واژەی تاناییت (کەفۆرمی مێینەی کچی خوێندکاری تەلمودە) داڕێژرا. ئیتر ماما (خانم) ئەسیناس بوە بەڕێوەبەری ئەکادیمیا رێزدارەکەی جولەکە لەموسل (مان ١٩٣٢).

لەو زیارەتگایانەی جولەکە کەئەمڕۆ هەمو جولەکە رێزیان لێ دەنێن، هەندێکی لەکوردستانە لەوانە زیارەتگاکانی ئەو پێغەمبەرانەی ناویان لەتەوراتدا هاتوە وەك ناحوم لەئەلکیش، یونس لەنەبی یونس (نەینەوای کۆن)، دانیال لەکەرکوك، حەباکوك لەتویسیرکان، مۆردەخای‌و شاژن ئستر لەهەمەدان‌و چەند ئەشکەوتێك کەدەڵێن گوایە ئیلیا سەردانی کردون.

یەکێتی‌ی جیهانی‌ی ئیسرائیل چەند خوێندنگەو دامودەزگایەکی تری خوێندنی لەکوردستاندا کردەوەو لەساڵی ١٩٠٦ـەوە مشوری پێشخستنی جولەکەی کوردستانی خوارد (کینیکا ١٩٦٠). کوردیش زۆر سودی لەو خزمەتگوزارییانە بینی چونکە منالانی کوردیش بەبێ گوێدانی بنەچەی ئاینی‌یان لەو خوێندنگایانە وەردەگیران. بەمجۆرە چینێکی روناکبیرو چاك تێگەیشتو لەنێو هاوولاتیانی کوردستان سەری دەرهێنا: ئەم یەکێتی‌یە تا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل چالاکی‌ی نواند. لەم سەردەمەشدا زۆر جولەکە لەکوردستانەوە بۆ ئیسرائیل کۆچیان کردوەو لەوێ بۆ خۆیان

**گوزەرانێکیان پێکەوە ناوەو مومارەسەی ڕێو ڕەسمی تایبەت بەکەلتورو ژیانی کوردەواری دەکەن لەوانە جەژن، جلوبەرگو موسیقا.**

**خوێندنەوەی زۆرترو ببلۆگرافیا:**

Encyclopaedia Judaica, entries on Kurds and Irbil/ Arbil; Louis Ginzberg, The Legends of the Jews, 5th ed. (Philadelphia: The Jewish Publication Society of America, 1968); Jacob Mann, Texts and Studies in Jewish History and Literature, vol. I (London, 1932); Yona sabar, The Folk Literature of the Kurdistani Jews (New Haven: Yale University Press, 1982); Pual Magnarella, "Note on Aspects of Social Life among the Jewish Kurds of Sanandj Iran," Jewish Journal of Sociology XI. I (1969): Walter Fischel, "The Jews of Kurdistan," Commentary VIII. 6 (1949): Andre Cuenca," L'oeuvre de I'Allance Israeliter Universelle en Iran," in Les droits de I'education (paris: UNESCO, 1960): Dina Feitelson, "Aspects of the Social Life of Kurdish Jews, "Hewish Journal of Sociology 1.2 (1910); Walter Fischel, "The Jews of Kurdistan, a Hundred Years Ago," Jewish Social Studies (1944): Solomon Grayzel, A History of the Jews (New York: Mentor, 1968); Paulkahle, The Cairo Geniza (Oxford, 1959); Jacob Neusner,Judsism,Christianityand Zoroastrianism in



Talmudic Babylonia (New York, University Press of America, 1986).

## مەسیحیەت

**سەرەتای دەسپێکی سەرهەڵدانی مەسیحیەت لەکوردستاندا وەك باقی بەشەکانی ئەناتۆلیاو میسۆپۆتامیایە. لەسەرەتای سەدەی پێنجەمدا خانەدانی حوکمڕانی ئادیابین لەجولەکایەتی‌یەوە وەرچەرخایە سەر مەسیحیەت. تۆمارە گشتلایی‌یەکانی کەنیسە کە لەئەربیلای پایتەختدا پارێزراون، سەرچاوەی سەرەتایی‌ی گرانبەها بۆ مێژوی کوردستانی ناوەڕاست لەناوەڕاستی سەردەمی پارسەکاندا (لەدەوروبەری سەدەی یەکەمی پاش زاین) پێك دێنن. کوردە مەسیحیەکان وەك باوو باپیرانیان کە لەسەر ئاینی**

جولەکە بون، لەتۆمارو نوسین دا زمانی ئارامییان وەك زمانێکی ئاینی بەکارهێناوە.

چەوساندنەوەی مەسیحیەکان لەسایەی ئیمپراتۆریەتی فارسی ساسانیدا کوردستانیشی گرتەوە. مەسیحیەکان تەنها پاش ئەوەی لەرۆماو کۆنستانتینۆپل هەڵگەڕانەوەو چونە سەر ڕێبازی کەنیسەی نەستوریی ڕۆژهەڵات (کە بەناوی قەشە نەستورسی کۆچکردوی ساڵی ٤٤٠ ناو نراوە)، نەختێك حەسانەوە. کاتێك ئیسلام لەسەدەی حەوتەمدا پەیدا بوو، مەسیحییەکان زۆرینەی دانیشتوانی کوردستانی ناوەڕاست بون. لەلایەکی دییەوە کوردەکانی ئەناتۆلیا بەدو ڕێوشوێنی جیاواز پێشوازییان لەم ئاینە تازەیە کرد. کوردەکانی ڕۆژئاوای دور، واتە کوردەکانی پۆنتەسو هەرێمە ڕۆژئاواییەکانی کاپادۆکیاو کلیکیای ناوەڕاستو باکوری ئەناتۆلیا پێش سەدەی حەوتەم بونە مەسیحی. ئەم وەرچەرخانە لەسەر ئاستی دور ناسنامەی ڕەگەزییانی پێ لەدەسدانو بەر لەوەی چادرنشینە تورکەکان لەسەدەی دوانزەهەمدا بگەنە ناوچەکە ئەو کوردانە بون بەگریك. بەڵام کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا لەوانە کلیکیای ڕۆژهەڵاتو کاپادۆکیاو هەمو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی فورات خۆیان لەبەردەمی ئەم وەرچەرخانەدا ڕاگرتو بەهۆیەوە لەلایەن بیزانتەکانەوە سزا دران.

کاتێك بیزانتەکان لەسەدەی هەشتەمو نۆیەمدا دانیشتوانی نامەسیحییان ڕاگواستو لەئەناتۆلیا دوریان خستنەوە، کورد دوچاری تەنگژەو دەردەسەریو مەینەتییەکی زۆر بوو و بەم پێودانگە کوردەکانی کاپادۆکیاو کلیکیا کۆمەڵ بەکۆمەڵ ڕاگوێزران (بڕوانە ڕاگواستنو ئۆردوگا زۆرەملێکان).

پێدەچێ کاریگەریی مەسیحیەت لەسەر کوردستانی باشور کاریگەرییەکی پەراوێزی بووبێ. کاریگەریی بیروباوەری مەسیحیەت لەسەر یارسانیزم کە لەکاریگەریی ئیسلام لەسەر ئەم ئاینە زۆرتر بوە، ئاماژەیە بۆ هەماهەنگیی دوقۆڵیی ڕاستەوخۆی نێوان هەر دو ئاین.



لەئەنجامی کزبونو گۆشەگیربونی مەسیحیەت لەکوردستانو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهۆی پەلهاوێشتنی ئیسلام، کۆمەڵی مەسیحیی ڕو لەکزبوی کورد وردە وردە کەوتە لەدەسدانی ناسنامەی ڕەگەزیی کوردانەی خۆیو پەیداکردنی ناسنامەیەکی دی بەرامبەر بەدراوسێ سامییە مەسیحییەکانی، لەئاکامدا سریانە (نەستورییە) مەسیحییەکانی میسۆپۆتامیاو کوردستان لەسەر ئاینی خۆیانو لەسەر زمانی تایبەت بەکەنیسەی نەستوریو دەرباری شانشینی دێرینی ئادیابین مانەوە. ئەمانە ناوێکی ڕەگەزییان بۆ خۆیان هەڵبژارد کە((ئاشوری))یەو خودی خۆشیان تێکەڵەن لەکوردو ئەو گەلە سامییانەی کە بەزمانێکی ئارامیی نوێ دەدوان. زۆر لەو مەسیحییە سریانییانە تا ئەو کاتەی هێرشی سەخت لەکاتی یەکەم جەنگی جیهاندا کرایە سەریان، لەقوڵاییی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستانی باکور، دور لەکاریگەریی ڕەگەزیو ئیتنیکیی مەسیحییە سامییەکانی دەشتاییەکانی میسۆپۆتامیا، دەژیان. دیمەنی جوانو تەواو پێچەوانەی ((برا)) سامییەکانیان لەناوچەی موسل، بەڵگەی ڕەچەڵەکی کوردانەیانە، ئەگەرچی بەزمانێکی ئارامیی نوێ قسەدەکەنو سوریشن لەسەر ناسنامەیەکی ڕەگەزیی سەربەخۆ. سەبارەت بەمەسەلەی زمان، مەسیحییەکانی کوردستان وەك جولەکەی کوردستان بەزمانێکی ئارامیی نوێ دەدوێن.

کوردە مەسیحییەکان بەپێویستیان نەزانی لەپێناوی بیروباوەڕی ئایندا ناسنامەی کوردایەتیی خۆیان بگۆڕن. مەسعودی، مێژونوسە موسڵمانەکەی سەدە ناوەڕاستەکان، باسی کردوە کە لەسەدەی دەیەمدا کوردی مەسیحی هەبوە. هەروا ساڵی ١٢٧٢ مارکۆ پۆلۆ نوسیویەتی ((لەناوچە شاخاوییەکاندا (لەموسل) خەڵکانێك هەن کوردیان پێ دەوترێ، هەندێکیان مەسیحین بەهەردو تایفە نەستوریو یاقوبییەکەوە هەندێکیشیان موحەممەدین)) (گەشتەکان- یەك). لەڕاستیدا ئەمانە کوردی مەسیحینو پۆلۆ لەکتێبەکەیدا لەمەسیحییە ناکوردەکانی ناوچەکەی جیاکردونەتەوە.

لەسەرەتای دەسپێکی سەدەی پانزەهەمدا هەوڵە تایبەتەکانی مژدەبەرەکان بۆ کردنی کورد بەمەسیحی یاداشت کران. نمونەی دیاری ئەمەش پاپا

سوبحالمارانه (نیکیتین ١٩٥٦، ٢٣١). لەوساوە مژدەبەری تر لەئەوروپاو دواتر لەئەمریکاوە نێردرانە کوردستانو هەندێ لەو مژدەبەرانە لێکۆڵینەوەی بەرایییان سەبارەت بەزمانو کەلتوری کورد لەوانە فەرهەنگەکان دانا (بڕوانە سەرەتای مێژوی تازە). گۆڕانی ئاین هەمیشە گۆڕانی زمانیشی لەتەکدا بوە. لەسۆنگەی ئەمەوە زۆربەی ئەو کوردانەی بونە مەسیحی، لەدواییدا زمانەکەشیان گۆڕیو کردیان بەئەرمەنی، یان ئارامیی نوێ، لەبەر ئەوە خرانە خانەی ئەم گروپە رەگەزییانەوە. چاکترین نمونە سەبارەت بەم پرۆسەیە لەکۆتاییی یەکەم جەنگی جیهاندا دەردەکەوێ.

لەکاتی هەرفتنی ئیمراتۆریەتی عوسمانیدا ژمارەیەکی زۆری ئەو مەسیحییانەی تەنها بەکوردی قسەیان دەکرد، ناوچەکانی رۆژئاواو باکوری کوردستانیان بەجێ هێشتو رویان کردە سوریا کە لەو کاتەدا لەژێر ماندێتی فەرەنسادا بوو. لەوێ پێیان راگەیەنرا کە بۆ ئەوەی بەمەسیحی بژمێردرێن دەبێ ئەرمەن بنو لەئەنجامدا لەبۆتەی کۆمەڵی کۆچکەرە ئەرمەنەکانی سوریاو لوبناندا توێنرانەوە.

تائێستا هەندێ لەکوردە نامەسیحییەکانی ئەناتۆلیاو تەنانەت هی کوردستانی ناوەڕاستیش وێنەی خاچ لەسەر ئەنگوتکی هەویر، کاتێك بەجێی دێڵن بترشێ، دروست دەکەن. بێ لەوە سەردانی کەنیسە کۆنە چۆڵو هۆڵەکانو ئاوەدانەکانی مەسیحییەکانی ئەرمەنو ئاشورییەکان دەکەن. رەنگە ئەم نەریتەی کورد پاشماوەی تێکەڵاویی دورو درێژیان بێ لەگەڵ دراوسێ فەلەکانیاندا و هەروا دەشێ رەنگدانەوەی ئەو سەردەمە بێ کەزۆر کورد تێیدا مەسیحی بوە.

ئەمڕۆ ژمارەیەکی نادیاری مەسیحیی کورد لەویلایەتەکانی هەکاری لەباکوری کوردستانی ناوەڕاست، تورابدین لەرۆژئاوای کوردستانو لەنێو کۆنفدراسیۆنی خێڵەکانی میلانو بەرازی لەکوردستانی رۆژئاوا لەتورکیاو سوریا هەن. سایکس لەساڵی ١٩٠٨دا وتویەتی گوایە لەناوچەی هەکاری ٥٠٠ خێزانی کوردی مەسیحیی سەر بەعەشیرەتی پینیانیشلی هەیە، گوایە سەرکردەکانیان وتویانە کەئەوان ریشەی دێرینەیان هەیەو پێش هاتنی



ئیسلام بونەتە مەسیحی. لەنێو عەشیرەتی هاوارکە Hawerka لەتورابدین ٩٠٠ خێزانو ٧٠٠ خێزانی دیکەش لەچەند خێڵێکی ئەم ناوچەیە بەمەسیحی تۆمار کراون. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا سایکس سەبارەت بەژمارەی مەسیحییانی میلان ورتەی لێوە نەهاتوە. سەرەڕای ئەمە، پرسیارەکە ئەمەیە: ئایا ئەمانەو هی تر نەوەی هاوچەرخی کۆمەڵێکی کوردی مەسیحیی گەورەترو دێرینترن یاخود ئەمانە لەژێر کاریگەریی مەسیحییە ئەرمەنو ئاشورییەکاندا یاخود بەهۆی چالاکیی مژدەبەرە مەسیحییە رۆژئاواییی‌یەکانەوە هەڵگەڕاونەتەوەو بونەتە مەسیحی. بۆ نمونە، لەسەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەمدا زۆر مەڵبەند بۆ هەڵگەڕاوە تازەکان لەشارەکانی بتلیس، ئورفە، موسل، ورمێو سەلماس کرایەوە. دیارە دانیشتوانی کورد لەفۆرماسیونێکی هاوتای دانیشتوانی دێرینو ئەوانەی تازە چونەتە سەر ئاینی مەسیحی، پێکدێن.

ژمارەی کوردی مەسیحی (بێجگە لەئاشورییەکان کەخۆیان بەرەگەزێکی جیا دەژمێرن) لەدەوروبەری دەیان هەزار کەس دایەو زۆربەیان لەتورکیا دەژین.

ئێستا بایەخێکی تازە بەناردنی مژدەبەر بۆ کوردستان لەلایەن رێکخراوە مەسیحییە چالاکەکانی ئەوروپاوە هەیەو ئەم بایەخە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا زۆر گەرمو گوڕترە. لەڕاستیشدا زمانی کوردی لەپێشەوەی ئەو زمانە رۆژهەڵاتییانە بوە کەئەوروپاییی‌یەکانی دوای سەردەمی رێنیسانس ئنجیلیان بۆ تەرجەمە کردوە. ئێستاش هەوڵی تر بۆ لەچاپدانەوەی ئنجیل بەزمانی کرمانجیی سەرو لەکایەدایە. ئەم هەوڵو تەرجەمانە وەك چۆن لەسەردەمی پاپا سوبحالماراندا بۆ کوردەکانی تورکیا تەرخان کرا بو ئێستاش هەر وایە. هۆکەش لەو تیۆرییە چەوتەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەم رێکخراوە مژدەبەرانە وا تێگەیشتون کەزۆربەی کوردەکانی کوردستانی باکورو رۆژئاوا لەئەناتۆلیا یاخود هەمویان، بەوەی کەپێش پەیدابوونی ئیسلام، لەژێر دەسەڵاتی بیزانتەکاندا بون، بەپێچەوانەی کوردەکانی ناوچەکانی ترەوە، مەسیحی بون. لەم ڕوانگەوەیە، رەنگە مژدەبەرەکان زەمینەیەکی لەبارتر بۆ

**چالاكییەكانیان لەكوردستانی ناوەڕاستو بەشێكی كوردستانی باشور بدۆزنەوە چونكە ئەو شوێنانە شانشینە دێرینە مەسیحیی‌یە كوردەكەی ئادیابین‌و كارخوبت سالوخی (لەكەركوك) تێدا هەڵكەوتوە. رەنگە ئەم هەلە لەكوردستانی باكورو رۆژئاوا لەئارادا نەبێ كەخەڵكەكەی كەیفیان بەمەسیحیەت نەهاتوەو ئەمەش بیزانتەكانی هانداوە لەسەدە كۆنەكان‌دا رایانگوێزن.**

**خوێندنەوەی زۆرترو ببلۆگرافیا:**


Asahel Grant, the Nestorians, or the Lost Tribes (London, 1841); Thomas Laurie, Dr. Grant and the Mountain Nestorians (Cambridge, 1853); Helga Anschutz, Die syrischen Christen vom Tor ’Abdin (Wurzburg: Reinhardt, 1984); Michel Chevalier, Les montagnards chretiens du Hakkari et du Kursistan septentrional (Paris: Departement de Geographie de I’Universite de Paris- Sorbonne, 1985); John Joseph, The Nestorians and Their Muslim Neighbors (Peinceton:Princeton University Press 1961); Jphn Joseph, Muslim-Christian Relations and Inter- Christian Rivalries in the Middle East: The Case of the Jacobites in an Age of Transition (Albany: State University of New York Press, 1983); G. P. Badger, The Nestoriane and their Rituals (London, 1892); Marco Polo, Travels, ed. Jphn Masefield (London: Dent, 1975); Basile Nikitine. “Les Kurdes et Ie Christianisme,” Revue de I’Histoire des Religion





(Paris, 1929); William Ainsworth “An Account of a Visit to the Chaldeans Inhabiting Central Kurdistan, and of an Ascent of the Peak of Rowandiz (Tur Sheikhiwa) in the Summer of 1840, “Journal of the Royal Geographical Society XI (1941).


## بابی‌و بەهائی

**بابی لەساڵی ١٨٤٤دا لەوڵاتی فارس لەسەر دەستی میرزا عەلی محەمەد (١٨١٩- ١٨٥٠) داهات. باب یاخود دەروازە (بەرەو خودایی) یاخود بابا كەنوێنەرایەتی‌ی بەرجەستەكار دەكا، ئەو سەردێڕەیە كەتایفەی یەزدانی بەهۆیەوە ئاماژە بۆ بەرجەستەبونە سەرەكییەكانی هەق یان رۆحی گەردون**

دەکا. باب کەخەڵکی شیراز بوو، بوە مریدی شێخ ئەحمەد ئەحسائی کە لەئەحساوە روی کردبوە کرمان لەباشوری ئێران‌و تێیدا نیشتەجێ بوو بوو. ئەحسا (لەحسای سەدە ناوەڕاستەکان‌و ناوچەی کەنار دەریای ئێستای رۆژهەڵات عەرەبستانی سعودی) مەڵبەندی بزوتنەوەی قەرمەتی‌یەکان بوو کەبزوتنەوەیەکی بەمۆرك ئایینی‌و کۆمەڵایەتی بوو و تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری‌ی تایفەی یەزدانی‌دا بوو، بەتایبەتی بزوتنەوەی مەزدەکی (سۆفی محەمەد نوربەخشیش لەسەدەی ١٥دا لەئەحساوە هات‌و لەو بەشەی تێیدا لەتەریقەتە سۆفییەکان کۆڵراوەتەوە پەیوەندی‌ی بەتایفەی یەزدانییەوە رون کراوتەوە).

شێخ ئەحمەدو بەهۆیەوە تایفەی یەزدانی، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر میرزا عەلی محەمەد باب هەبو. شێخ ئەحمەد ئەحسائی کاتێك لەکرماشانی کوردستانی باشوردا بوو رایگەیاند کەرۆحی لەبابدا بەرجەستە بۆتەوە. کرماشان ئەو شوێنەیە کەجاران ناوەندی تایفەی یەزدانی بوە. لەو کاتەدا بەبۆنەی مردنی عەلی‌ی کوڕی‌یەوە شێخ ئەحمەد بەمریدەکانی وت ((برادەران غەم مەخۆن، چونکە من عەلی‌ی کوڕم بەقوربانی ئەو عەلی‌یە کردوە کەهەمومان چاوەڕێی دەکەین‌و هەر بۆ ئەمەشم پەروەردەو ئامادە کردوە)) (النبـي الاعظم ١٩٣٢). باب هەمان ساڵ لەدایك بوو. واش دانراوە کەهەڵگری روح‌و ناوی کوڕی شێخە. کەواتە باب ناوو رۆحی عەلی‌ی ئیمامی شیعەو بەرجەستەکاری بەرایی‌ی چەرخی دوەمی هەڵگرتوە. لکاندنی ناوی محەمەد بەناوی یەکەمی‌یەوە تا ببێ بەعەلی محەمەد، لەلای عەلەوییەکاندا بابی خستە خانەی بەرجەستەکاری یەکەمەوە (بڕوانە عەلەوی).

بابییەکان بەتایبەتی بابییە کوردەکان وەك پەیڕەوانی تایفەی یەزدانی باوەڕیان بەدۆنادۆن هەبو. هیچیش شین‌و گریان‌و واوەیلایان بۆ مردو دانەدەنا چونکە پێیان وابو گیانی بابی‌ی مردو لەلەشی بابی‌یەکی دیکەدا بەرجەستە دەبێتەوە، ئەوەش کەتێیدا بەرجەستە دەبێتەوە عادەتەن مناڵێکی بەرمەمکان دەبێ پاش لەدایکبونی بەچەند رۆژێك‌و لەچوار چێوەی قۆناغێکی



گواستنەوەدا. ئەمان باوەڕیان بەوە هەبو کەدۆنادۆن زۆر لەمێژە دەستی پێ کردوە بەتایبەتی گیانی ئیمامەکانی ئاین کەوایان لێکداوەتەوە کە لەجەستەی گەورە پیاوانی شیعەو شەهیدەکانی سەردەمە بەرایی‌یەکاندا هەن. بێ لەوە بابییەکان ئەو گوناهەشیان لەمل شەتەك دراوە کەگوایە لەکاتی مەراسیمی مۆم کوژاندنەوەدا (بڕوانە تایفەی یەزدانی) سواری ژنی یەکتری دەبن. لەئێرانیش لەئێزدی‌یەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیاترو دڕندانەتر چەوسێنرانەوە.

بەسترانی رەگەزی کورد بەبابی‌یەوە تا ئەو ئەندازەیە بەهێز بوو کەیەکێ لەکۆمەڵە بابی‌یە سەرەتایی‌یەکان کۆمەڵێکی کوردی بوە، ژمارەی دانیشتوانی پێنج هەزار کەس بوەو لەناوچەکانی نێوان باشقەڵاو قوتور بوە لەهەکاری‌ی باکوری کوردستانی ناوەڕاست لەسەر سنوری وڵاتی فارس‌و دەوڵەتی عوسمانی. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك شای قاجار ناسرووددین دەستوری کوشتنی بابی لەتەورێز لەتەموزی ساڵی ١٨٥٠ دەرکرد، ئەوەی دەستورەکەی جێبەجێ کرد هێزەکانی خێڵی شکاك‌و هێزی ئەرمەن بوو.

بابی بەرێنمایی‌ی میرزا حوسێن عەلی (بەهائوڵڵا) پەرەی سەند، بوو بەئاینی بەهایی‌و رەنگێکی جیهانی‌ی لەخۆی سوی. بەهائوڵڵا دو ساڵ لەشاری سلێمانی‌دا، لەدوری‌ی کەمتر لە٣٠ میل لەبەرزنجەی زێدگای ئەفسانەیی‌ی تایفەی یەزدانی، مایەوە. لەوێ لەڕێی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دینی‌ی ئیسلامی بەخەڵکانی ناوچەکە بەناوی خواستراوی دەروێش محەمەدەوە رزقی خۆی پەیدا کرد. هەندێ لەو دراوانەی کە لەبۆنەکاندا بەدیاری دەیدا بەخەڵکی، تائێستا پارێزراون گوایە ئەم دراوانە خەڵکی بیماری لەنەخۆشی‌و دەردو بەڵا پێ چاك دەبێتەوە. بەهائوڵڵا لەکتێبەکەیدا (ئیقان) وێنەیەکی زیندوو و سەرنج راکێش بۆ مانەوەی لە((چۆڵەوانییەکانی)) کوردستاندا دەکێشێ.

لەساڵی ١٩٢٠دا محەمەد زەکی کوردی کە بەهایی‌یەکی کوردە، یەکەم دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی لەقاهیرە دامەزراندو کەوتەوە دەرکردنی

رۆژنامەی ((کوردستان)) (کەساڵی ١٨٩٨ یەکەم ژمارەی لەئەستەمبۆڵ* بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی پێوە هەبێ، دەرچوە) پاش ئەوەی لەسەرەتای یەکەم جەنگی جیهانـدا لەئەستـەمبۆڵەوە بـۆ قـاهیرە گوێزرایـەوە. هەنـدێ لەگرنگترین ئەدەبیاتی دەربارەی بەهایی، وەك کتێبەکەی ج. ئی. ئیسلیمۆنت ((بەهائوڵڵاو سـەردەمی نـوێ))، لەلایـەن حسـێن جەودەتـەوە تەرجەمـەی سۆرانیو لەلایەن وەرگێڕێکی نەناسراوەوە تەرجەمـەی سـەر زمـانی گـۆران کراوە. بەهایی ئەوەندەی بۆی لوا بێ هەوڵیداوە خۆی لەگیانی شەڕخوازانەی بابی دورەپەرێز راگرێو خۆی وەك ئاینێکی جیهانیی نـوێ بناسـێنێ، بـێ لـەوە ویسـتویەتی خـۆی لەکاریگـەریی شـیعەگەریی ئیسـلامیو تایفـەی یەزدانی (بەتایبەتی یارسانیزم) بپـارێزێ، ئـەو کاریگەرییانـەی کەبـەڕونی بەسـەرو سـیماو چـارەی بابییـەوە دیـارن. سـاڵی ١٩٢٠ مینۆرسـکی نامیلکەیـەکی بـەهاییی تەرجەمـە کـرد کـەدەمێك بـوو پاراسـتبوی. ئـەو نامیلکەیە هێرشی تێدا بوو بۆ سەر یارسانەکان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ روخساری تایفەی یەزدانی تائێستا بەڕونی بەبـەهاییی هاوچـەرخەوە دیـارە لەوانە:

١-جیهانگەری **universalism**، واتە باوەڕ بەوەی کەهەمو ئاینەکانی تر درێژەپێدانی هەمان بیرۆکەی رەسەنی ئیماننو هەر هەموشیان بەقـەدەر یەك شایستەی رێزو پێزانینن.

٢-باوەڕ بەوەی کەهەمو پێغەمبـەرو کەسـە پیرۆزەکـانی ئاینـەکانی تـر رەنگدانەوەی هەمان رۆحی بەرزی خوان لەبوداوە تـا زەردەشـتو لەموسـاو عیساوە تا موحەممەد.

* لەڕاستیدا رۆژنامەی ((کوردستان)) کەمیقداد بەگ مەدحەت بەدرخان لەساڵی ١٨٩٨ دەری کردوە، لەقاهیرە دەرچوە نەك لەئەستەمبۆڵ (وەرگێڕ).



٣-بـاوەڕ بـەوەی کـە وشـەکانی خـواو هـەروا رۆحـیش لـەرێی فریشـتە گەورەکانەوە بۆ ئەو پێغەمبەرانە گواستراونەتەوە.

٤-پەیڕەوی کردنی چـەند رێو رەسمێکـی بەکۆمـەڵی ئیلزامـی لەلایـەن مەحفەلەکانەوە کەشێوەیان لەڕێو رەسمەکانی جەمی تایفەی یەزدانی دەچێ بەڵام ئەمـەیان هەر ١٩ رۆژ جارێك هەڵدەسوڕێ.

٥-گیانی رزگاریی سوسیالیستیو چـینایەتیو پایـەی بـەرزی ئـافرەت لەوانە مافی بەشداربونی لەئەنجومەنە ئاینییە باڵاکاندا.

لـەم سـەروبەندەدا خـاتو تـاهیرەی قورڕەتولعـەین کەبەرجەسـتەکاری راستەقینەی یەکـەم خـولی بەرجەسـتەبونی بابییـە، لەسـاڵی ١٩٤٩دا وەك ((بەڵگەی یەکسانیی ژنو پیاو کەپرنسیپێکی بنچینەییی ئـاینی نـوێی بابییە)) بەئاشکرا بە بەرچاوی خەڵکەوە پەچەی لەڕوی خۆی داماڵی (بڕوانە پایەی ئافرەتو ژیانی هاوسەری).

لەو روانگەیەوە کەبەهایی دیدێکی جیهانیی هەیە، بانگەشە بۆ بەهایی لەکوردستاندا لەسەر ئاسـتێکی تەنگەبـەردا مایـەوە، لەکاتێکـدا دەگونجـا کوردستان بۆ بڵاوبونەوەی ئەم ئاینە تازەیە کەپەیوەنـدیی دێرینـی بەبـەها ئاینیو کۆمـەڵایەتییەکانو دابو نەریتی کوردەوارییەوە هەیە، زۆر لـەبارو شایستە بێ. ئێستا تەنها چەند هەزار کوردێکی بـەهایی هـەن کـە بەسـەر کوردستانی باشورو ناوەڕاستدا بڵاوبونەتەوە. سەبارەت بەژمارەی بابییەکانو سـەبارەت بـەوەی کـە ئایـا کەسـیان تێـدا مـاوە یـان نـا، دیـارە هـەر مـەزەندەکارییەك لەم بارەیەوە دەچێتە خانەی هەڵەشەییو سەرچڵییەوە.

خوێندنەوەی زۆرترو بیلۆگرافیا:

Muhammad Zarandi Nabil-I A'zam, The Dawn-Breakers, Nabil's Narrative of the Early Days of the Baha'I Revelation, trans and ed. Shoghi Effendi, (New York, 1932); J. E. Esslemont, Baha'u'llah and the New Era (Wilmette, IIIinois:

Baha'I Publishing Trust, 1980, reprint of the 1932 original); E. G. Browne, A Traveller's Narrative written to illustrate the Episode of the Bab, 2 vols. (London, 1891); E. G. Browne, Materials for the study of the Babi Religion (London, 1918); E. G. Browne, "Babis of Persia," Journal of Royal Asiatic Society xxi (1898); Abbas Amanat, Resurrection and Renewal: The Making of the Babi Movement in Iran, 1844- 1850 (Ithaca: Cornell University Press, 1989); V. Minorsky, "Notes sur la secte des Ahle Haqq," Revue du Monde Musulman 40- 41 (1920 and 1921).